# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٨١ ■ دووشەممە، ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠٣ _ ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## بەڕێوەچوونی شەشەمین خولی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی هەرێمی کوردستان



ڕۆژی یەکشەممە، ٢٩ی ڕەزبەر شەشەمین خولی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو. دوو ڕۆژ پێشتریش لە دەنگدانی تایبەتدا هێزەکانی پێشمەرگە، وەزارەتی نێوخۆ و ناوەندە ئەمنییەتییەکان بەشداریی دەنگدانیان کردبوو. لە شەشەمین هەڵبژاردنی پارلمانیی هەرێمی کوردستاندا هەموو پێکهاتەکانی هەرێم، کورد، تورکمان و ئاشوورییەکان بەربژێریان هەبوو و ڕێگە بە هەموو حیزبە سیاسییەکان، کەمینە ئایینییەکان و کۆتاکان درابوو بەربژێریان بۆ هەڵبژاردنەکان هەبێت.

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ١٧ ناوەند و ڕێکخراوی نێونەتەوەیی و ١٣ کۆنسولگەریی وڵاتانی بیانی چاوەدێریی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانیان کردوە. هەروەها زیاتر لە ١٧٠٠ چاوەدێری نێودەوڵەتی، ١٠٩ میدیاکار لە ٢٢ دەزگای میدیایی جیهانی، ٥٣ لایەنی سیاسی و نوێنەرانی ٩٨ ڕێکخراوی نێوخۆی هەرێمی کوردستان لەسەر سندووقەکانی دەنگدان بوون و چاودێریی ئەم پرۆسە دێموکراتیکەیان کردوە.

## گەشتە بێئاکام و دەسکەوتەکانی عەباس عەراقچی

# دوا پەلەقاژەکانی سەری مارەکە بۆ خۆدزینەوە لە شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل



زەبری گورچوبڕی ئیسرائیل لە حەماس، حیزبوڵڵا و حوسییەکان و سەرمایەی بەباچووی کۆماری ئیسلامی

سەروتار

## بن بەڕەی بەرەی مقاومەت

**عەلی بداغی**

«مقاومت» کلیلوشەی گەڕان بەدوای هۆکاری سەرەکیی قەیرانە سیاسی، ئەمنییەتی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێستای ئێرانە. دەمارگرژترین دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامییش نایشارنەوە کە ئێران نوقمی قەیرانە جۆراوجۆرەکانە، بەڵام ناکرێ لەو سۆنگەیەوە سیلە لە «مقاومت» بگیردرێ و ببردرێتە ژێرپرسیار، جا با پێداگری لەسەر ئەم دیسکۆرسە ڕووباری خوێنی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەڕێ خستبێ.

سیاسەتی بەرەی مقاومەت ڕوویەکی دیکەی ستراتیژیی «هەناردەی شۆڕش» بۆ وڵاتانی ئیسلامیی ناوچەیە کە لە یەکەم هەنگاودا ٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراقی بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا سەپاند، شەڕێک کە زیان و تێچووە گیانی و ئابوورییە کارەسارتبارەکانی هەمووان دەیزانن و جێی باسی ئەم نووسینە نییە. بەڵام پێداگریی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی «بەرەی مقاومەت» و «مەیدان»داری بۆ پێکهێنانی چەند سوپایەکی گوێڕایەڵی هاوپەیمان لە وڵاتانی ناوچە و تەیارکردنیان بە چەکی پێشکەوتووی مووشەک و درۆن لەسەر حسێبی گیرفان و سامانی گشتیی خەڵکی ئێران خەریکە پەرە بە شەڕێکی بەربڵاوی ناوچەیی دەدات و ئاسۆیەکی ناڕوونی لە بەردەم داهاتووی وڵات داناوە.

نانەوەی بشێوی، وەڕێخستنی شەڕ، قەیرانی ئەمنییەتی و ناسەقامگیرکردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرهەستترین دەرکەوتەکانی ئەندازیاریی سیاسەتی بەرەی مقاومەت لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانن کە باجەکەی خەڵکی ئێران داویانە و دەیدەن. گەمارۆخستنەسەر ئێران لەلایەن ڕۆژئاوا، تەریککەوتنەوە لە بازاڕە جیهانی و نێونەتەوەییەکان و تێچووی ماددی شەڕهەڵایسێنییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە پەرەی بە زۆر قەیرانی ئابووری، ژینگەیی و کۆمەڵایەتی لە ئێران داوە. قووڵکردنەوەی پتری ناکۆکییە ئایینی و ئایینزاییەکان لە نێوخۆی وڵات و لە وڵاتانی ناوچەشدا و لاوازکردنی پێوەندییە دیپلۆماسی و شارستانییەکان لەسەر بنەمای پرەنسیپە جیهانییەکان بەشێکی دیکە لە لێکەوتەکانی ئەندازیاریی بەرەی مقاومەت بەهۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین. هەڵبەت لە تەنیشت ئەوە ناشکرێ ئەو زیانە گیانی و ماددییە زۆر و زەوەندە لەبەرچاو نەگرین کە لە سۆنگەی وێژمانی بەناو مقاومەتی ڕێژیمەوە بۆ نموونە تەنیا بەر خەڵک و ناوچەی غەززە کەوتوە. کوژرانی نیزیک بە ٤٥ هەزار کەس لە غەززە کە پتر لە نیوەیان خەڵکی سڤیل و ژن و منداڵ بوون و کاولبوونی ئەو ناوچەیە کە تەنیا زیانە سەرەتایی و ڕاستەوخۆیەکانی بە سەروو ٣٥ میلیارد دۆلار قەبڵێندراوە، بەشێکی بچووک لە دەرەنجامی دیسکۆری بەرەی مقاومەت و ئەندازیاریکردنی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانن.

دیسکۆرسی شەڕخوازیی کۆماری ئیسلامی... درێژە ل ٢

## نزیکبوونی شەڕێکی چاوەڕوانکراو

چوار دەیە دوای دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سیاسەتی هەناردەی شۆڕش، شەڕهەڵایسێنی و میلیشیاسازی بۆ شەڕی نیابەتی، ئێستا بڵێسەکانی شەڕێکی ڕاستەوخۆ گەیوەتە ئاسمانی ئێران؛ شەڕێک کە کۆماری ئیسلامی بەرپرسیاری سەرەکییەتی. لە هەموو ئەو ساڵانەدا سپای پاسداران بە ستراتیژیی دروستکردنی «مێحوەری مقاومەت» بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچە تاقم و گرووپی جۆراوجۆری بۆ شەڕی نیابەتی پێکهێنا و لە سامانی گشتیی وڵات تەیار و پڕچەکی کردن، لە لوبنانەوە هەتا یەمەن، لە عێراقەوە هەتا سووریە و لە غەززەوە هەتا بەحرەین؛ تا ئەو ڕادەیەی قاسم سولەیمانی وەک ئەندازیاری ئەم ستراتیژییە شاگەشکە ببێت کە پێتەخت و ناوەندی بڕیاری سیاسی چەند وڵاتی عەرەبیی خستووەتە ژێر ڕکێفی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە. بەڵام ئەم ستراتیژییە خەریکە سەری کۆماری ئیسلامی دەخوات.

خەڵکی ئێران هەتا ئێستا بارمتە و قەڵغانی مرۆیی بۆ کۆماری ئیسلامی بوون. تێچووی شەڕخوازی و قەیرانخوڵقێنییەکانی سپای پاسداران لە گیرفانی ئەوان دراوە و لەسۆنگەی ئەو دۆخەوە هەژاری، بێکاری و ئاوسانی ئابووری ئەوانی هاڕیوە. هێشتا فیشەکێک ڕاستەوخۆ دژی ئێران نەتەقیوە، بەڵام بایی هەر دۆلارێک لە ٦٤ هەزارتمەن تێپەڕیوە و نرخی هەر سکەیەکی زێڕ بۆ سەروو ٥٥ میلیۆن تمەن فڕیوە. ٨٠ ڕۆژ لە سەرکۆماریی پزشکیان تێنەپەڕیوە، بەڵام گەڕێکی نوێی گەمارۆکان لەدژی ئێران سەپاوە و لەو بارودۆخەدا بودجەی وڵات ٨٥٠ هەزار میلیارد تمەن کورتیی هێناوە؛ کەچی بەو حاڵەش سامان و دارایی وڵات بۆ دروستکردنی ئەو مووشەک و درۆنانە خەرج دەکرێ کە لە لوبنان، عێراق، غەزە و یەمەنەوە بۆ ئیسرائیل هەڵدەدرێ. خەڵکی ئێران پتر لە هەر کاتێک گوێیان لە دەنگی مووشەک و فرۆکە جەنگییەکانە، شەڕێک کە ئی ئەوان نییە و ناشیانەوێ بەشێک بن لەو شەڕە و ڕێگە بە کۆماری ئیسلامییش نادەن وەک قەڵغان بەکاریان بێنێت.

## هەڕەشەی ئێران لە وڵاتانی عەرەبی

عەلی لاریجانی، سەرۆکی پێشووی مەجلیس و ڕاوێژکاری بەرزی ئێستای عەلی خامنەیی هەڕەشەی لە وڵاتانی عەڕەبی ناوچەی کەنداو کردوە. ئەو لە لێدوانێکدا بۆ مێدیاکانی ئێران ڕایگەیاند وڵاتانی عەڕەبی بە پێخۆشبوونیان بە کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا و ئیسماعیل هەنیە خۆیان سووک و چرووک کرد، هەروەها لە سۆنگەی سیاسەت و هەڵوێستیان لەهەمبەر سێ دوڕگەکە دەبێ وەڵامدەر بن، ئەوان دەبێ دڵنیا بن بەسەریانەوە ناچین و لە کاتی خۆیدا پاکانەحسێبیان لەگەڵ دەکەین!

کاردانەوەی توندی ئێران بەدوای ئەوەدا دێ کە ڕۆژی ٢٥ی ڕەزبەر لە بڕووکسێل، نوێنەرانی ٣٣ وڵاتی یەکیەتیی ئورووپا و وڵاتانی عەرەبیی ئەندام لە شوڕای کەنداو، دەسەڵاتی ئێران بەسەر سێ دوڕگەی ئەبوومووسا، تونگی گەورە و بچووکیان بە داگیرکاری و پێشێلکردنی سەروەریی سیاسیی ئیمارات ناوبرد. هەروەها جگە لە هەڵوێستی وڵاتانی ئورووپایی و عەرەبی، دوو هاوپەیمانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی واتا چین و ڕووسیەش لەم هەرایەدا پشتی ئێرانیان چۆڵ کردوە. وێدەچێت لە ئێستادا بە هۆی دۆخی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی و لاوازبوونی لە هاوکێشە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان، ئێمارات ئەمە بە باشترین دەرفەت بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی لەم پێوەندییەدا بزانێت.

لەلایەکی عەباس عێراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێرانیش هەڕەشەی لە وڵاتانی دراوسێی ئێران بەتایبەت وڵاتانی عەرەبیی کەنداو کردوە کە بێتوو هەر لایەنێک زانیاریی لەسەر چەندیوچۆنی و کاتی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران هەبێت، کۆماری ئیسلامی بەسەریەوە ناچێت. ناوبراو ڕایگەیاندوە هەر وڵات و لایەنێک هاریکاریی ئیسرائیل بکات، دەبێ بەرپرسایەتیی پشتیوانییەکەی هەڵبگرێ و چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی لەلایەن ئێرانەوە بێت. هەڕەشەکانی ئێران لە کاتێکدایە کە ئەمریکا ڕایگەیاندوە ئاگاداری وردەکاری کات و چۆنیەتیی هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و ئەو شوێنانەی دەکرێنە ئامانج، هەین.


**دیاریی کۆماری ئیسلامی مەرگ و وێرانی!** — ڕەزا دانشجوو — ٣

**داهاتووی کۆمەڵگەی مەدەنی هەڕەشە و دەرفەتەکان** — سمایل شەرەفی — ٦

**ڕۆژهەڵات وەک پێڕستی ڕێگاکانی گەیشتن بە مەرگ** — د. ئەحمەد محەممەدپوور — ٧

**هەواڵی ساختە چەکی ستراتیژیی ڕێژیمە تۆتالیتارەکانە** — ئازاد مستۆفی — ٨

**مەستانە وێژی شەیدای چیا (هەگبەی شاخ و شۆڕش)** — برایم چووکەڵی — ٨

کوردستان
• ژمارە ٨٨١
٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠٣ _ ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤

درێژەی سەروتار

## بن بەڕەی بەرەی مقاومەت

.... وەک ڕەگەزی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم کە خولقێنەری سەرەکیی قەیرانەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناڤین بووە، چەند دەرکەوتەیەکی جێی باسی هەیە:

یەکەم، وێناکردنی ئەمریکا و ئیسڕائیل وەک دوژمنێکی قەستەسەر بۆ سەر ئەمنییەتی نیشتمانیی ئێران کە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی دەیان‌ساڵەی ڕێژیم کۆمەڵگە و خەڵکی وڵات باوەڕیان پێی نییە، بەڵام کراوەتە بنەما بۆ ئەوەی سیاسەتە سەربازی و هێرشبەرانەکانی ڕێژیمی پێ پاساو بدرێتەوە.

دووهەم، پەرەدان بە هەژمۆنیی سیاسی و سەربازیی ئێران لەنێو وڵاتانی ناوچە بەتایبەت یەمەن، عێراق، سووریە، لوبنان و فەلەستین و گرتنەبەری سیاسەتی هەڵمەتبەرانە دژی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو. ئەمەش پەرەی بە ڕکەبەریی خۆپڕچەککردنی ئەو وڵاتانە بۆ بەرگری لە خۆیان لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی داوە و لەو سۆنگەیەوە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووەتە عەمبارێکی پڕ لە باڕووت کە هەر ئان‌وساتێک مەترسیی تەقینەوەیەکی گەورەی لێ‌دەکرێت.

سێهەم، وروژاندنی هەستی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستیی ئێرانییەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەی دەرەکی و هەروەها پاساودانی بێتوانایی و ناکارامەیی لە ئیدارەدانی وڵات و کۆی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات.

وێژمانی بەرەی مقاومەت و شەڕخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی کە ئێستا لە ئاستی جیهانیدا خەریکە بەرەیەکی بەهێزی لەدژی ڕێک‌دەخرێت، لە نێوخۆی وڵاتیشدا گەورەترین بەرهەڵستی هەیە کە خەڵک و کۆمەڵگەن. خەڵکی ئێران کە نوقمی قەیرانە ئابوورییەکانن و بێکاری و گرانی و ئاوسان بڕستی لێ بڕیون؛ خەڵکی ئێران کە سەرەتاییترین ماف و ئازادییە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیان بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێت؛ خەڵکی ئێران کە بەهۆی گەندەڵیی سیستماتیک و بێتوانایی ڕێژیم لە ئیدارەدانی کۆمەڵگە و سیاسەتی هەڵاواردن هەتا مل نوقمی قەیرانە جۆراوجۆر و فرەڕەهەندەکانن؛ خەڵکی ئێران کە دەیان ساڵە خۆیان لە ڕێژیمی دەسەڵاتدار و سیاسەتەکانی بێبەری کردوە؛ بەرەیەکی دیکەیان لەدژی ڕێژیم و دەسەڵاتە جەهەننەمییەکەی کردووەتەوە.

بەربەرەکانیی خەڵک و کۆماری ئیسلامی لەم ساڵانەدا کە کۆماری ئیسلامی لە بری ئاوڕدانەوە و بایەخدان بە پرسە نێوخۆییەکان، عەقڵییەتی بەڕێوەبەری و سامانی گشتیی وڵاتی بۆ دیسکۆرسی بەرەی مقاومەت بەفیڕۆ داوە، قۆناغی باشی بەرەوپێشێ بڕیوە. ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکان بە تایبەت لە دوای بەفرانباری ٩٦ەوە کە لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە ١٤٠١دا گەیشتە ترۆپکی خۆی، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەرەوڕووی گەورەترین ئالەنگاریی بەردەم دەسەڵاتەکەی لە نێوخۆی وڵاتدا کردوە. هەروەها بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و مەجلیسی چەند دەورەی ڕابردووی ڕێژیم لەلایەن خەڵکەوە هیچ شەرعییەتی سیاسی و خەڵکیی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی نەهێشتوە. شکاندنی تابۆکانی دەسەڵات و وەلانان و مەوداگرتنی زۆر لە بەها و بایەخە بەزۆرداسەپاوەکانی ڕێژیم بەسەر خەڵک لەلایەن هەر ئەو خەڵکە بەتایبەت نەوەی نوێی کۆمەڵگەوە مەیدانێکی هەراو و بەربڵاوتری لە خەبات و ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتی ئەهریمەنیی ڕێژیم کردووەتەوە. سەرکوت و توندوتیژییەکانی دەسەڵاتیش نەک نەیتوانیوە پاشەکشە بە بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵک بکات و کەشی ترس و تۆقاندن بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت، بەڵکوو هەوێنی پەرەسەندنی مافویستی و ناڕەزایەتییەکان و خواست بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەنێو خەڵک و کۆمەڵگەدا بووە. ڕاسانی نەتەوەیی و کولتووری لەنێو نەتەوە بندەستەکان و هەوڵی بنگەیی و بەردەوامیان بۆ داشداری لە شوناس و پێناسیان سەرەڕای هەموو سەرکوت و کوشتوبڕەکان، هەروەها بەهێزبوونی بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان سەرەڕای هەموو سنووردانان و بەرتەسککردنەوەکان دۆخێکی خەباتگێڕیی نوێیان لە ئێراندا بەدژی کۆماری ئیسلامی خوڵقاندوە؛ دۆخێک کە داهاتووی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تێدا یەکلا دەکرێتەوە.

ململانێی توندی خەڵک و دەسەڵات سەرەڕای تێچووی زۆری بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم بۆ تاک و بزووتنەوە سیاسی و مەدنییەکانی کۆمەڵگەی ئێران دەربڕی خواست و ئیرادەی گشتی لەو وڵاتە بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتە. ڕەوتێک کە بە سەرنجدان بە مایەپووچیی دیسکۆرسی "بەرەی مقاومەت" و سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم لەلایەک و بەرینبوونەوەی ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات بەرەو بەهێزتربوونی هەرچی زیاتری بزووتنەوەی گشتی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و چێ‌کردنی نیزامێکی سیاسیی نوێ و وەڵامدەر و بەرپرسیار دەچێت.

# کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:

## هەوڵدان بۆ متمانەسازی و هاوخەباتیی زیاتری نەتەوەکان لە ئێران و کاری بەکردەوەی پتری ئۆپۆزیسیۆن دژی کۆماری ئیسلامی بە ئەرکی هەمووان و زەروورەتی هەرە گرینگی خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە ئێستایدا دەزانین

لە کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا نوێترین گۆڕانکارییە سیاسییەکانی کوردستان، ئێران و ناوچە هەڵسەنگێندرا و پێداگری لەسەر ئەوە کرایەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای زیاتر لە چوار دەیە قەیرانخولقێنی و ناسەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لاوازتر لە هەموو کاتێکە و بەرەوڕووی گەورەترین قەیرانی شەرعییەتی سیاسی هەم لە نێوخۆ و هەم لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بووەتەوە

کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی دووشەممە، ١٦ی ڕەزبەر، بە بەشداریی نیزیک بە تەواوی ئەندامانی ڕێبەری و بە مەبەستی تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سیاسیی ئێران و ناوچە و، هەروەها کاریگەریی ئەم دۆخە لەسەر خەبات و تێکۆشانی گەلانی ئێران و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بەڕێوە چوو.

کۆبوونەوەکە بە ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی حیزبی دێموکرات و خەباتی مافخوازانەی کورد لە ئێران دەستی پێکرد. دواتر کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندنەوە و لێکدانەوەی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی لەسەر نوێترین گۆڕانکارییە سیاسییەکان و ڕوانگە و سیاسەتی حیزبی دێموکرات لە هەمبەر ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی ڕۆژەڤ شی کردەوە. لە بڕگەکانی دواتری کۆبوونەوەکەدا ئەندامانی ڕێبەری ڕوانگە و بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو باسانە خستەڕوو و ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبیان بۆ کۆمەڵە ئەرک و بەرپرسایەتییەک ڕاسپارد

ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بە هەڵسەنگاندنی شەڕی نوێی ناوچەکە کە ساڵی ڕابردوو بە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسڕائیل دەستی پێ کرد و لە ئێستادا چووەتە دووهەمین ساڵی خۆیەوە، ڕای وابوو کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دنەدەر و هەڵایسێنەری ئەم شەڕە بوو، پێی وانەبوو لێکەوتەکانی بەم قوورسییە لەسەر خۆی دەشکێتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم یەکساڵەدا لە ڕێگەی هێزە نیابەتییەکانی خۆیەوە و هەروەها بە دوو جار هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئیسڕائیل بەشداریی ڕاستەوخۆی لەو شەڕەدا کردوە. شەڕێک کە لەودا شەرعییەت و پێگەی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا زیاتر لە جارانیش چووە ژێر پرسیار و ئێستا پتر لە جاران بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دادەنرێت. شەڕێک کە نەک هەر شەڕی گەلانی ئێران نییە، بەڵکوو دوورنیزیک پێوەندیی بە وڵاتی ئێرانیشەوە نییە؛ کەچی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو شەڕەدا لەلایەک سامانی دەیان ساڵەی وڵاتی بۆ شەڕئەنگێزی، تێرۆریزمی دەوڵەتی و پڕچەککردنی گرووپە نیابەتییەکانی بەفیڕۆ داوە و، لەلایەکی دیکەوە خەڵکی ئێرانی بۆ مەرامە ئایدۆلۆژییەکانی بەبارمتە گرتوە. شەڕێک کە ڕێژیم لە تەواوەتیی خۆیدا تێیدا دۆڕاوە، بەڵام لەسۆنگەی وشیاری سیاسی و هاوخەباتی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمەوە دەکرێ بە قازانجی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و ڕزگاریخوازیی گەلانی ئێران بشکێتەوە.

ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بەشە لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەکەی خۆیدا پێی وابوو ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەو قۆناغەدا لەسەرهەستتر و ئامادەتر لە جاران بجووڵێتەوە، ئەگەر لەسەر بنەمای گوتاری هاوبەش بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو جدیتر هەوڵ بۆ پێکهێنانی ئاڵترناتیڤ دژی ڕێژیم بدات و هەروەها بتوانێ توانا و وزەی خەباتگێڕیی هەموو لایەنەکان لەدژی ڕێژیم کۆ بکاتەوە؛ لەم هەلومەرجەدا دەسکەوتی زۆر و پڕبایەخ لە بەرژەوەندیی خەباتی مافخوازانەی گەلانی ئێران مسۆگەر دەکات.

کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر تیشکی ئەزموونەکانی پێشووی پاشەکشەی ڕێژیم لەو کاتانەدا کە لەژێر گوشاری دەرەکیدا بڕستی لێ دەبڕێ و توانای بەردەوامی لەسەر سیاسەتە ئایدۆلۆژییەکانیدا نامێنێ [وەک خواردنەوەی جامی ژەهر لەلایەن خومەینی و ملدانی بۆ ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ عێراق، یان پاشەکشەی خامنەیی لە ڕێککەوتنی بەرجام و نەرمشی قارەمانانەی ڕێژیم!]، ئەم دۆخەی بە قازانجی بەرەوپێشچوونی خەباتی مافخوازانەی گەلانی ئێران لە نێوخۆی وڵات لێکدایەوە. هەر لەو پێوەندییەشدا هەوڵدان بۆ متمانەسازی و یەکگری و هاوخەباتیی زیاتری نەتەوەکان لە ئێران و کاری بەکردەوەی پتری ئۆپۆزیسیۆن و لایەنە سیاسییەکان دژی کۆماری ئیسلامی بە ئەرکی هەمووان و زەروورەتی هەرە گرینگی خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە ئێستادا داندرا

کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش تاوتوێی چەند بابەتێکی پێوەندیدار بە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خستنە بەر باسی کۆمەڵە بابەتێکی نێوخۆیی و دەروون‌تەشکیلاتیی حیزب کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەری**
**١٧ی ڕەزبەری ١٤٠٣**

## ئێعدامکردنی ٥٢٥ زیندانی لە ئێران لە ماوەی ٩ مانگدا



لە سەرەتای ساڵی زایینیەوە هەتا ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤، لانیکەم سزای سێدارەی ٥٢٥ بەندکراو لە بەندیخانە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا جێبەجێ کراون و ناو و ناسناوی تەنیا ٨%ی ئێعدامکراوەکان لە مێدیاکانی ئێراندا بەفەرمی بڵاو بووەتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەنگاو لەو ٥٢٥ بەندییە ئێعدامکراوە ١٨ کەسیان ژن و ٣ کەسیشیان لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا منداڵ بوون و لانیکەم ٣ بەندکراو لە پێش چاوی خەڵکدا لەسێدارە دراون. هەروەها لانیکەم ١٢ بەندکراو بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی، ئایینی و سیخوڕی بۆ وڵاتانی بیانی لەسێدارە دراون کە ١٠ کەسیان کورد بوون. ئێعدامکردنی بیانییەکان لەمساڵدا لەچاو ساڵانی پێشوو زیادی بووە و لە ماوەی ٩ مانگی ڕابردوودا لانیکەم ٤٩ بەندکراوی خەڵکی وڵاتی ئەفغانستان لە زیندانەکانی ئێراندا لەسێدارە دراون.

ئەم ئامارە مەترسیدارە پێشێلکارییەکی گەورەی هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە سزای لەسێدارەدانە و نیشانی دەدەن کە حکوومەتی ئێران بە ئاراستەی پێچەوانەی کەمکردنەوەی ژمارەی سێدارەکان تا هەڵوەشاندنەوەی تەواوەتی ئەم سزایە دەڕوات. جگە لەوەش ئەم ئامارە دەریدەخات کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی بیروباوەڕی سیاسی یان مەزهەبی لە سێدارەدانی خەڵک بەردەوامە و بە بەراورد لەگەڵ دانیشتووان، بێبەشترین و پەراوێزخراوترین نەتەوەکان لە ئێران زۆرترین پشکیان لە ئێعدامەکان لە وڵاتدا پێ دەبرێت.

## سوێسنە حەسەن‌زادە سزای بەندکرانی بەسەردا سەپێندرا



سوێسنە حەسەن‌زادە، چالاکی مەدەنی و لە مامۆستایانی خۆبەخشی زمانی کوردی کە بەهاری ئەم ساڵ بۆ ماوەی مانگێک دەستبەسەر کرابوو، لەلایەن دەزگای دادوەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سزای سێ مانگ بەندکرانی بەسەردا سەپێندرا. ئەم مامۆستا خۆبەخشەی زمانی کوردی لە شاری بۆکان، لە لایەن لقی ١٠١ی دادگای تاوانەکانی بۆکانەوە بە تۆمەتی "بانگەشە دژی حکومەت" سزای سێ مانگ بەندکرانی بەسەردا سەپێندراوە.

سوێسنە حەسەن‌زادە، ڕۆژی ٢٦ی بانەمەڕی ئەمساڵ لە هێرشی هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات بۆ سەر ماڵەکەی دەستبەسەر کرا. ناوبراو لە کاتی هێرشی هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتدا بەتوندی کەوتە بەر پەلاماری لێدان و کوتان و دواتر بەڕێی زیندانی ورمێ کرا. دواتر پاش مانگێک دەسبەسەرکران لە گرتنگەی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمدا بە دانانی بارمتەی ٨٠٠ ملیۆن تمەنی و بە شێوەیەکی کاتی هەتا کاتی تەواوبوونی دادگاییەکەی لە بەندیخانە ی ئازاد کرا. سوێسنە حەسەن‌زادە لە ماوەی دەستبەسەربوونەکەیدا لە مافی دەستپێڕاگەیشتن بە پارێزەر بێبەش بووە و تەنیا جارێک پەیوەندییەکی کورتی تەلەفۆنی لەگەڵ بنەماڵەکەی هەبووە.

لە دوای بزووتنەوەی "ژن ژیان ئازادی" گوشارەکان لەسەر چالاکانی ژن بەتایبەت لە کوردستان زیاتر بوون. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستماتیک بەردەوام لە کاتی هاتنە سەرکاریەوە هەوڵی داوە تا ئەو جێییەی بۆی دەکرێت گۆڕەپانی چالاکیی کۆمەڵایەتی، سیاسی و مافی مرۆڤی بۆ ژنان بەرتەسکتر بکاتەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە لە دوو ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە جاران لەدژی ژنان دەدرێ.

کوردستان
• ژمارە: ٨٨١
٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠٣ _ ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤

# دیاریی کۆماری ئیسلامی، مەرگ و وێرانی!



ڕەزا دانشجوو

هاتنەسەرکاری نیزامی نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانرێت بە دیاردەیەکی ناوازە ناو ببرێت. نیزامێک هەڵقوڵاوی بیری ویشک و کۆنەپەرستی، کە بە شێوەیەکی سەیر لە ڕێبەندانی ٥٧دا لەلایەن تاقمێک نوخبە و ڕۆشنبیری چەپ، ناسیۆنالیست و ئیسلامگەرا یارمەتی درا و پشتیوانیی لێکرا، تا ئەم ڕووداوە چارەنووسسازە بێتە تاڵترین یادوبیرەوەریی نەک هەر ئێرانییەک بەڵکوو تاڵترین بیرەوەریی میلیۆنان کەس لە وڵاتە جیاوازەکاندا. لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا خەڵکی ئێران نەبوون کە کەوتنە بەر هێرشی دڕندانە و بێبەزەیی ئەم پەتا گەندەڵ و وێرانکارەوە، بەڵکوو جوغرافیایەکی بەرفراوان ساڵیانێکە لە دەستی ئەم پەتا و بەڵا بێکۆتاییە دەناڵێنن!

مەسەلەی هەناردەکردنی شۆڕش یان بە واتایەکی باشتر هەناردەکردنی نائەمنی و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی مێژوویەکی بە درێژایی ژیانی شەرمەزاریی ڕێژیم هەیە. ئەگەر لە پەیوەندی نێوان بەشێک لە سەرکردەکانی ڕێژیم و تاقمێک گرووپی لوبنانی وەک "بزوتنەوەی ئەمەل" لە پێش شۆڕشی ٥٧ چاپۆشی بکەین، دەبێ بگوترێت هەنگاوی یەکەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی یان بە پێی لێکدانەوەکانی ڕێژیم "هەناردەکردنی شۆڕش" بانگهێشتکردنی یاسر عەرەفات ڕێبەری "بزوتنەوەی ئەلفەتح" بۆ تاران بوو؛ هەرچەندە عەرەفات چ لە ڕووی باوەڕی ئایینی و چ لە ڕووی سیاسییەوە جیاوازیی بنەڕەتیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەبوو. بە شێوەیەکی گشتی ئەم بابەتە دەکرێت بە کورتی لە چەند بەشێکدا پۆلێن بکرێت؛

> **کۆماری ئیسلامی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش! تەنیا بە ڕەوتی شیعەی خۆسپێر نەبەستراوەتەوە. بۆ حکوومەتێک کە سەرکوتکردن وخنکاندنی دەنگی خەڵک بە گرنگترین ئامرازی حوکمڕانییەکەی دادەنرێت، ڕوونە کە دروستکردنی گرووپە میلیشیاکانی بە وەکالەت چەندە گرنگ و پێویستە. ئامانجی سەرەکی ڕژیم لە دروستکردنی ئەم گرووپانە لە ڕاستیدا هەناردەکردنی قەیرانە نێوخۆییەکان بۆ وڵاتانی دیکەیە. لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە، تاکە ڕێگا بۆ دوورکەوتنەوە لە قەیرانە بێکۆتایی و کەڵەکە بووەکانی ناوخۆیی، دروستکردنی ئاژاوە و قەیران لە شۆنێکی ترە!**

### بزووتنەوەی بەناو ڕەوتی شیعە

هەوڵی پلانداریژراو و درێژخایەنی ڕێژیم بۆ دۆزینەوەی ڕەوتی پەیوەست بە ئایینی شیعە دەتوانرێت وەک بەشێک لە ستراتیژی کاریگەریی مەلاکان لە ئێران باس بکرێت. شیعەی سیاسیی گرێدراو بە وەلایەتی فەقیهـ قیبلە و ڕووگەکەی لەجیاتی کەعبە ڕوو بە تاران و ڕێبەری ڕێژێمە. ئەوە لە کاتێکدایە کە گرێدراویی ئەم ڕەوتە لەگەڵ دەسەڵاتی وەلایەتی فەقیهـ دەیان جار لەلایەن جەریانی سەربەخۆ و ناحکوومی مەرجەعیەتی شیعە ڕووبەڕووی ڕەخنە و گازەندەی توند بۆتەوە، بۆ نموونە دەتوانرێت ئاماژە بە تاقمێک مەرجەعی ناسراوی شیعە بکرێت کە بەهۆی نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە ئەم خوێندنەوە ناڕاست و ملکەچییە لە شیعە، تووشی ئازار، بێڕێزی و تەنانەت زیندان و دوورخستەوەی زۆرەملێ ڕێژیم بوونەوە. ڕەوتی ملکەچی شیعە لە پاکستان و عێراق و لوبنان یان تاقمێک مەلای گوێڕایەڵ وەک شێخ زەکزاکی لە نیجێریە دەتوانن لەم گرووپەدا جێگیر بکرێن.

ئەگەرچی ڕەوتی شیعەی خۆسپێر و بەستراوە بەڕواڵەت چوارچێوەی ئایینی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا گوێ لە زاری دەسەڵاتی کۆماری

> **ئەگەرچی ڕەوتی شیعەی خۆسپێر و بەستراوە بەڕواڵەت چوارچێوەی ئایینی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا گوێ لە زاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ژێرفەرمانی خامنەییە. لەم خوێندنەوەیەدا دین و ئایین ئامێرێکە بۆ پاراستنی تاج و تەختی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی. ڕێژیم چەندین جار لەم ڕەوتە مەزهەبیانە وەک ئامرازێک بۆ گوشار خستنە سەر ڕکابەرە سیاسییەکانی لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەلکی وەرگرتوە.**

ئیسلامی و ژێرفەرمانی خامنەییە. لە ڕاستیدا لەم خوێندنەوەیەدا دین و ئایین ئامێرێکە بۆ پاراستنی تاج و تەختی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی. ڕێژیم چەندین جار لەم ڕەوتە مەزهەبیانە وەک ئامرازێک بۆ گوشار خستنە سەر ڕکابەرە سیاسییەکانی لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەلکی وەرگرتوە. دەستەواژەی ڕێبەری شیعەکانی بەحرەین، پاکستان یان تەنانەت عەرەبستانی سعوودیە داهێنانێکی کۆماری ئیسلامییە بۆ پێشخستنی ئەم ئامانجە. ڕکابەریکردن لەگەڵ سعودیە وەک یەکێک لە زلهێزەکانی ناوچەکە بە یاریکردن بە کارتی سەرکوتکردنی شیعە لەم وڵاتەدا نموونەیەکی ڕوونی ئەم هەوڵەیە. بەڵام ئەوەی دەبێت بگوترێت ئەوەیە کە بەکارهێنانی شیعەکان لە وڵاتانی وەک بەحرەین و سعوودیە نەک یارمەتیدەر نەبووە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان، بەڵکوو هەمیشە بۆتە هۆی زوڵم و دووبەرەکی زیاتر ودابڕانیان لە خەڵکی دیکەی وڵاتەکەیان.

### بەکرێگیراوانی بە وەکالەت

کۆماری ئیسلامی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش! تەنیا بە ڕەوتی شیعەی خۆسپێر نەبەستراوەتەوە. بۆ حکوومەتێک کە سەرکوتکردن وخنکاندنی دەنگی خەڵک بە گرنگترین ئامرازی حوکمڕانییەکەی دادەنرێت، ڕوونە کە دروستکردنی گرووپە میلیشیاکانی بە وەکالەت چەندە گرنگ و پێویستە. ئامانجی سەرەکی ڕژیم لە دروستکردنی ئەم گرووپانە لە ڕاستیدا هەناردەکردنی قەیرانە نێوخۆییەکان بۆ وڵاتانی دیکەیە. لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە، تاکە ڕێگا بۆ دوورکەوتنەوە لە قەیرانە بێکۆتایی و کەڵەکە بووەکانی ناوخۆیی، دروستکردنی ئاژاوە و قەیران لە شۆنێکی ترە! لە چاوی ویلایەتی فەقیهدا باشترین ئەلتەرناتیڤ بۆ چارەسەری هەر کێشەیەک دروستکردنی کێشەیەکی گەورەترە لەپێناو پاڵنانی ڕای گشتی بۆ ئاراستەیەکی ترە! جگە لەوەش نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە پڕوپاگەندە بەشێکی گرنگی سیستمی حوکمڕانی ڕێژیم بووە و هەیە. پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە لانیکەم بەشێک لە کۆمەڵگا هەڵخەڵەتاویی خوێندنەوەی پۆپۆلیستی دەسەڵاتی ساختەی کۆماری ئیسلامی دەبن و هەندێکجاریش لە ژێر کاریگەری ماشێنی تەبلیغی ڕێژیمدان. ئەم نیگایە گەمژانەیە تەنانەت لە هەندێک کەسانی نزیک لە ڕەوتی بەناو ناسیونالیزم (و لە ڕاستیدا سەڵتەنەت تەڵەب)دا دەبینرێت کە هەندێکجار زۆر لە ڕژیم زیاتر پەرۆشی ئەم گروپە تیرۆریستییانن!

ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە ئەدای ئەم هێزە بەوەکالەتانە، قووڵایی کارەساتەکە و دەستکەوتی شەرمەزاری کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانی بۆ ئەو وڵاتانە دەردەخات. عێراقی لە دەستی سەدام ئازاد کراو ساڵانێکە لە ژێر سایەی هێزی بەکرێگیراوانی حەشدی شەعبی ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە. دوای سەدام، عێراق کە هیوای ئەوەی بوو تامی دیموکراسی بچێژێت ئێستا گوێ لە فەرمانی تاران و دیکتاتۆری ڕێژیمە بۆ چوونە نێو شەڕ یان گرژی لەگەڵ وڵاتێکی دیکەیە. لە شوێنێکدا کە حکوومەتی هەڵبژاردەی خەڵک کەمترین ڕۆڵی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا نییە وهێزە بەکرێگیراوەکانی سەر بە ڕێژیم قسەی ئەوەڵ و ئاخر دەکەن! یەمەن لە ناوەڕاستی شەڕێکی ناوخۆدایە، سەرەڕای ئەوەی کە حوسییەکان لە ڕووی ئایین و باوەڕەوە زور لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و وەلایەتی فەقیهـ دوورن، بەڵام لە ژێر کاریگەری پارە و یارمەتی ماڵی بەردەوام و نەپچڕاوی ڕێژیم چاویان لە سەر ئەم ناکۆکییانە بەستووە و خەریکی وێرانکردنی وڵاتەکەیانن! گوێ لە فەرمانی دیکتاتۆر بۆ تەقەکردن لە هەر ئاراستەیەک، هەندێک جار لە سعوودیە، هەندێک جار لە ئیسرائیل، هەندێک جار لە کەشتیەکان ناو دەریا و هەندێک جاریش بەرەو هاوسێ، دروانسێ و هاونیشتمانانی خۆیان!

چیرۆکی غەززە و حەماس لەم ڕۆژانەدا بۆتە باسی هەر شوێن و کەسێک! حەماسی سەلەفی بە بینینی بەخشندەیی بێسنووری ڕێژێم و پاڵپشتی بەردەوامی ماڵی پشتی لە هەموو بیروباوەڕەکانی کرد و ئامادەیە بۆ لەنێوبردنی غەززە! خاکێک کە لەژێر یەکساڵ هێرشی بەردەوامی ئیسرائیل بە تەواوی خاپوور و وێران بووە و ئیستا بۆتە بیابانێکی بێبەرهەم وکۆتا دڵخۆشیی سەرکردە ڕزگاربووەکانی حەماس تونێلەکانیەتی! چیرۆکی حیزبوڵڵا تەواو جیاوازە, حیزبوڵڵا وەک کۆنترین و وەفادارترین هێزی بەکرێگیراوانی ڕێژیم لای سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی خاوەنی جێگە و پێگەی تایبەتە. حیزبوڵڵا تەنیا بەکرێگیراو نین ئەوان گیانفیدا و نۆکەری ئاڵقەلەگوێی ڕێبەری ڕێژێمن. ئاشکرایە باجی ئەم ملکەچی و خۆسپێرییە بێسنوورە نەهامەتی و سەرلێشێواوی زیاتری خەڵکی بێتاوانی لوبنان و بێگومان وێرانی زیاتری لوبنانە. خەڵکانێک کە پێدەچێت ئیتر لەگەڵ شەڕ و ئاژاوەگێڕی بەردەوامی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ڕاهاتبن! شەڕێک کە هەر جار ناچاریان دەکات زێد و ماڵ و نیشتمانیان جێ بهێڵن و هەڵوەدای غەریبایەتی بن.

> **چیرۆکی غەززە و حەماس لەم ڕۆژانەدا بۆتە باسی هەر شوێن و کەسێک! حەماسی سەلەفی بە بینینی بەخشندەیی بێسنووری ڕێژێم و پاڵپشتی بەردەوامی دارایی پشتی لە هەموو بیروباوەڕەکانی کرد و ئامادەیە بۆ لەنێوبردنی غەززە! خاکێک کە لەژێر یەکساڵ هێرشی بەردەوامی ئیسرائیل بە تەواوی خاپوور و وێران بووە و ئیستا بۆتە بیابانێکی بێبەرهەم وکۆتا دڵخۆشیی سەرکردە ڕزگاربووەکانی حەماس تونێلەکانیەتی!**

ئەوەی باس کرا بەشێکی بچووکە لە چیرۆکی ساڵانێک ئاژاوەگێڕی و سازدانی قەیران لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا. لە ڕاستیدا وەک لە سەرەتاوە گوترا ئەمە تەنیا خەڵکی ئێران نین کە زەرەمەند و زیان لێکەوتووی ڕۆڵی وێرانکەر و تێکدەری کۆماری ئیسلامی و سەرکەردەکانی بوون، بەڵکو بە ملیۆنان کەس لە چەندین وڵاتی جیاوازدا بە هۆی سیاسەتی نامرۆڤانە و حوکمڕانی ناڕاست و دروێنەی کوماری ئیسلامی ژیانیان کەوتۆتە نەهامەتی و ماڵ و حاڵیان کاوڵ بووە. مەرگ،کوشتارو وێرانی تاکە دەستکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئیران و ڕۆژهەڵات نێوەڕاست بگرە لە تەواوی جیهان بووە. دەسەڵاتێک کە بوونی شووم و نگریسی لە سەرەتای هاتنەسەرکاری تا ئەمڕۆ تێکەڵاوی نائارامی و گرژییە! دەسەڵاتێک کە مانەوە و بەردەوامیی خۆی لە سازدانی قەیران و ناسەقامگیریی وڵاتانی دیکەدا دەبینێت! سیستەمێک کە مانەوەی پەیوەست بە ڕەشایی و تاریکایی یە و تاکە سەوقاتی بۆ ژیان مەرگ و وێرانییە!



## مەیل و مەرامە شەڕاشۆییەکان کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ماکەی سەرەکی

کیشە و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێوەندیدار بە شەڕی نێوان ئیسرائیل و هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تا دێ ئاڵۆزتر دەبێ. لە تازەترین هێرشی مووشەکیی حیزبوڵڵای لوبنان بۆ سەر پێگەیەکی سەربازیی ئیسرائیل لە بنیامینای نزیک شاری حیفا، چوار سەربازی ئیسرائیلی کوژران و نزیک بە شەشت سەربازی دیکە بریندار بوون. هێرشەکە بە چوار درۆنی شەڕکەر کراوە کە سێیان لە لایەن بەرگریی ئاسمانیی ئیسرائیلەوە پووچەڵ کراونەتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهۆ دوای هەوڵێکی زۆر بۆ وەرگرتنی چراسەوزی ئەمریکا بە مەبەستی وڵامدانەوە بە هێرشەکەی ١ی ئۆکتۆبری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر وڵاتەکەی، سەرقاڵی خۆئامادەکردن بۆ هێرشکردنەوە سەر ئێرانە. هەرچەند وەک باس دەکرێ هێرشەکە چوارچیوە و مەرجی خۆی هەیە و ئیسرائیل دەبێ خۆی لە هێرشەکردنەسەر پێگە ئەتۆمی و نەوتییەکانی ئێران بپارێزێ.

کۆماری ئیسلامی کە لە وڵامدانەوەی ئیسرائیل هەم دڵنیایە و هەم ترسیشی ڕێنیشتووە، هەموو هەوڵێکی ئەوەیە هێرشەکە لەسەر خۆی سووک بکات، بۆیە دەستەوداوێنی ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە بووە و بۆ ئەم مەبەستە وەزیری دەرەوەی ڕێژیم، عەبباسی عێراقچی لە جەولەیەکی دیپلۆماتیکدایە.

ئەمریکا کە لەسەر جۆری وڵامدانەوەی ئیسرائیل بە هێرشەکەی ١ی ئۆکتۆبری کۆماری ئیسلامی، گوشارێکی دیپلۆماتیکی خستووەتە سەر ناتانیاهۆ، دەستبەرداری پشتیوانییەکانی لە ئیسرائیل نیە و ناشبێت. بڵاوکراوەکانی ئەمریکا لەو چەند ڕۆژەدا باسیان لەوە کردوە ئەمریکا لە تەیارکردنی ئیسرائیل بە چەکی جۆراوجۆری دژە مووشەک، بەردەوام دەبێت. سیستەمی دژە مووشەکی "تاد" کە یەکێک لە دەسکەوتە هەرە پر بایەخ و وردئەنگێوەکانی ئەرتەشی ئەیالاتی یەکگرتووی ئەمریکایە، لەم ڕۆژانەدا دەدرێتە ئیسرائیل کە یەکێک لە گەورەترین مەئمووریيەتەکانیشی ئەنگاوتنی مووشەکەکانی ئێران دەبێ.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە یەکجاری تووڕە و نیگەران کردوە، بە جۆرێک کە عەبباس عێراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران بە زمانێکی زبری تێکەڵ بە هەڕەشە گوتویەتی؛ ئەم کارەی ئەمریکا دەبێتە هۆی وەمەترسیکەوتنی گیانی سەربازەکانی.

ئادرەسی هەڕەشەکانی عێراقچی دیارە کوێیە. ئێران ڕاستەوخۆ خۆی لە ئەمریکا و هێزەکانی ناگەیەنێ؛ نە توانا و نە مەوقعییەتی ئەوەی هەیە، بەڵام وەک تا ئێستا نیشانی داوە لە ڕێگای هێزەکانی نزیک لە خۆیەوە لە عیراق، دەتوانێ دەست لە سەربازە ئەمریکاییەکان بوەشێنێ کە ئەو هەڵوێستانە وەک پێویست کار ناکەنەسەر پێوەندیی ئیستراتژیکی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل و پشتیوانییەکانی واشنگتۆن بە تێلئاڤیو بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە.

هێرشی دوێنێ شەوی حیزبوڵڵا بۆ سەر ئیسرائیل کە خەساری بەرچاوی گیانی و سەربازیی بۆ ئەم وڵاتە بەدواوە بوو، بێگومان کۆماری ئیسلامیی ئێران دەخاتە مەوقییەتێکی دیکەوە. ناتانیاهۆ هەموو ئەم هێرشانە بۆ سەر وڵاتەکەی لە چاوی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەبینێ. بۆیە پێناچی هێرشە لەسەر ڕێککەوتووەکەی بۆ سەر ئێران، بەوجۆرە بێت کە ئەمریکا بۆی دیاری کردوە و وڵاتانی عەرەبییش لێیان خواستووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناڕەزایەتییە نێوخۆییەکانی ئیسرائیل دژ بە بەرنامەکانی ناتانیاهۆ و گەورەبوونەوەی کیشەکان و خەسارە گیانی و سەربازییەکان، لە زیادبوون‌دان. دژبەرانی ناتانیاهۆ لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی وڵاتەکە، پێیان وایە زیادەڕەوییەک بە مەرامی سیاسی لە لایەن دەوڵەتی ناتانیاهۆوە لە ئارادایە کە خەریکە وڵاتەکەیان بەرەو مەترسییەکی گەورە دەبات. ئەو ناڕەزایەتییە لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن کە خەریکە لە کۆمەڵگەی ئیسرائیل‌دا پەرە دەستێنی، فاکتەرێکی کەم نییە و دەوڵەتی ناتانیاهۆیش ناتوانێ چاویان لەسەر دابخات.

بەڵام وەک هەموو لایەک بەباشی لێی ئاگادارن و یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی درێژەکێشانی ئەم ئاڵۆزییانەیە و لەوانەیە بەردەوامبوونی ناتانیاهۆ لە وڵامدانەوە بەم شەڕ و شۆڕانەدا درێژ بکاتە و نەیارانیشی بۆ ماوەیەکی کاتی بەدوور لە ناڕەزایەتی ڕابگرێ، مەیلی شەڕئەنگێزانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. کۆماری ئیسلامی کە لە نێو خۆی وڵاتەکەدا لەگەڵ ناڕەزایەتییەکی بەربەرینی کۆمەڵانی خەڵک بەرەوڕوویە و دەیان قەیرانی جۆراوجۆر هەیە و تەنانەت توانای مودیرییەتی دیاردەیەک بە ناوی "ونبوونی و بێسەروشوێنبوونی فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سپای قودس، ئیسماعیل قائانی"ی نییە، هەموو شانس و گرەوێکی لە سەر سیاسەتی شەڕاشۆیی خۆی و "نیعمەتی شەڕ"ە.

جیا لە کایە دیپلۆماتیک و بەرژەوەندییە دیارونادیارەکانی پشتی پەردەی ئەم شەڕ و ئاڵۆزییانە؛ ئەوەی دەیبینین یەکتر بەهێزکردنی مەیل و مەرامە شەڕئەنگێزەکانن کە کۆماری ئیسلامی ئێران ماکە و هۆکاریی سەرەکیی ئەم دۆخەیە.

# ئاخۆ ئێران دەتوانێ جێگرەوەیەک بۆ حیزبوڵڵا بدۆزێتەوە؟

**شوکریە برادۆست**

هێرشە مووشەکییەکەی ئێران بۆ سەر ئیسڕائیل وردەکاریی ئەگەری گۆڕینی ستراتێژییەکەی دەخاتە ڕوو. ڕێبەری گەورەی ئێران، عەلی خامنەیی لە یەکەم ڕێوڕەسمی دوای کوژرانی قاسم سولەیمانیدا گوتی، "تەوەری بەرگریی" ئیسڕائیلی شکست داوە و "ڕێژیمی زایۆنیستی ٧٠ ساڵ بەرەو دواوە گێڕاوەتەوە." ئەو هەروەها داوای لە موسڵمانان لە ئەفغانستان تا یەمەن و لە ئێران تا غەززە کرد ئامادەی هەڵوێستگرتن دژی ئیسڕائیل بن.

ئەو ئەگەرچی ئیدیعای سەرکەوتنی کرد، ئێران لە ئاکامی لەکیس‌چوونی سەرنجڕاکێشی دەسەڵاتی حیزبوڵڵا لە لوبنان، بەرەوڕووی دووڕێیانی ستراتێژیک بووەتەوە. حیزبوڵڵا دەیان ساڵ بوو بریکاری بەهێزی تاران لە دنیای عەرەب بوو و وەکوو کاناڵێک لەنێوان ئێران و خەڵکی شیعە لە دنیای عەرەب و تاقمە چەکدارەکانی دیکە لە ناوچەدا کاری دەکرد. بۆ وڵاتێکی ناعەرەبی وەکوو ئێران، زمان و ئەتنیکی حیزبوڵڵا دەوری یەکلاکەرەوەیان لە دامەزراندن و پێکەوە بەستنەوەی "تەوەری بەرگریی"دا گێڕاوە. لە ماوەی ڕابردوودا، پرەستیژ و دەسەڵاتی ڕەقی حیزبوڵڵا لە ئاکامی کوژرانی نەسروڵڵا و کوشتنی زنجیرەی ڕێبەرییەکەی، لێکهەڵوەشانی پەیوەندییەکانی و هێرشەکانی سوپای بەرگریی ئیسڕائیل بۆ سەر بنکە و سامانەکانی، بە شێوەیەکی دراماتیک تێکڕما. بە پێچەوانەبوونەوەی وەها بەرچاوی بەختی، ئێران لێرەوە بەرەو کوێ دەچێ؟

داگیرکاریی ئیسڕائیل لە لوبنان بووەتە هۆی ئاوارە بوونی میلیۆنێک مرۆڤ و ناچار بوون پەناگایەک لە بەشەکانی دیکەی وڵات بدۆزنەوە و ئەو شوێنانە زۆربەیان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حیزبوڵڵان. بێجگە لەوە، نزیکەی ٧٦٠٠٠ لوبنانی لەگەڵ ٢٠٠ هەزار پەنابەری سورییەیی ڕایانکردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە. کارەساتی سیاسی و ئابووری کە لوبنان پێش دەستپێکی دوژمنکارییەکان پێیدا تێپەڕ دەبوو تا ڕادەیەکی زۆر ئاکامی دەسەڵاتی مشەخۆرانەی حیزبوڵڵا لە نێو سیاسەت و کۆمەڵگەی لوبناندا بوو. نەبوونی پشتگیریی لە لایەن دەوڵەتی لوبنانەوە ئاستی بێزاریی لەنێو جەماوەری حیزبوڵڵادا، لە کاتێکدا کە دوژمنایەتی لە نێوان پەنابەرانی شیعە و خەڵکی ناشیعەی لوبنان قووڵتر دەبێتەوە، پەرە پێ داوە. ئەوە تەنیا دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی ناسەقامگیریی و دابەزینی ئاستی خۆشەویستیی بەرانبەر بە حیزبوڵڵا. دروستکردنەوەی حیزبوڵڵا وەبەرهێنانی بەرچاوی کات و سامان دەخوازێ، کە ڕەنگبێ ئێران، بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی قەیرانە ئابوورییەکانی خۆی، نەتوانێ دابینی بکات.

بەڵام، تاران ئامرازی دیکەی لە سندووقی ئامرازە ناوچەییەکەیدا هەیە و ڕەنگبێ بەو زووانە بە تەمای دەستنیشانکردنی جێگرەوەی دەوری باڵادەستی حیزبوڵڵا، کە سەردەمانێک هەیبوو، بێ. میلیشیای شیعەی حەشدی شەعبی عێراق ڕەنگبێ یەکێک لە بژارەکان بێ. بەڵام، تایبەتمەندیی پارچە پارچەی ئەو تاقمە، لە توانابییەکانی کەم دەکاتەوە. حوسییەکانی یەمەن ڕەنگبێ هیوابەخشترین بژارەی ئێران بن.

هێرشی ئێران بە ١٨١ هاژەک لە حەوتووی ڕابردوودا وردەکاریی لەمەڕ ئەگەری گۆڕانی ستراتێژی ئێران دەخاتە ڕوو. یەکەم، هێرشەکە ویستی ئێرانی بۆ قبووڵکردنی ڕیسکی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازیی نیشان دا. خامنەیی تەنانەت دانی پێدا نا کە بێتوو پێویست بێ ئێران دیسان هێرش دەکاتەوە سەر ئیسڕائیل. بە لەبەرچاوگرتنی بڕیاری ئیسڕائیل بۆ تۆڵەئەستاندنەوەی بەهێز، دەورێکی تۆڵەئەستاندنەوەی یەکیان لەوی دیکە، ئەگەری قووڵتربوونەوەی کێشەکە بە شێوەیەکی بەربڵاوتر و تەنانەت جەنگی تەواو، وێدەچێ گەلێک نزیک بێ. لەو سێناریۆیەدا، جەنگی هاژەکیی درێژمەودا بە شێوەی ئێران دەتوانێ مودێلێک بێ بۆ حوسییەکان، کە بەپێچەوانەی حیزبوڵڵا، هاوسنووری ئیسڕائیل نین. حوسییەکان هەر ئێستا تواناییەکانیان لە ئۆپەراسیۆنەکانی دەریای سووردا نیشان داوە و، بە ڕەچاوکردنی ستراتێژیی هاژەکیی، دەتوانن دەسترۆیشتوویەکەیان پەرە پێ بدەن و بایەخی خۆیان وەکوو بریکاری تاران لە کێشەیەکی بەربەرینتر لەگەڵ ئیسڕائیل بەرز بکەنەوە.

بە پێچەوانەی حەشدی شەعبی پارچە پارچە، حوسییەکان تاقمێکی یەکپارچەتر بە پێکهاتەی ڕێبەرییەکی یەکگرتوو، لە شێوازی حیزبوڵڵان و بە پشتگیریی سوپای پاسداران دامەزراون. حوسییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر ئۆپەراسیۆنی مەزن لە یەمەنەوە بەڕێوە دەبەن و توانایی سەربازیی خۆیان بە بەئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئورووپاییەکان لە دەریای سوور، بە ئامانجگرتنی ڕکابەرەکانی ناوچەیی ئێران، وەکوو عەرەبستانی سعودی و، تەنانەت هێرش بۆ سەر ئیسڕائیل بە هاژەکی درێژمەودا نیشان داوە.

فاکتەرێکی سەرەکی دیکە ڕوسیەیە. مۆسکۆ حوسییەکان وەکوو سامانی ستراتێژیک، لەگەڵ بەرینترکردنەوەی ورووژاندنەکانی دژی ڕۆژاوا سەیر دەکات. سەرهەڵدانی پەیوەندیی حوسی-ڕووسی دەرفەتێکی تاقانە بۆ ئێران دەستەبەر دەکات تا دەسترۆیشتوویی ناوچەیی خۆی بەهێزتر بکات. بە هاوتەریب بوون لەگەڵ ڕووسیە، تاران دەتوانێ زەختی زۆرتر بخاتە سەر ڕکابەرەکانی لە ناوچەدا و کەڵک لە دۆخی حوسییەکان وەرگرێ تا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئورووپا و ئیسڕائیل تێک بدا. ئەو هاوپەیمانییە ڕەنگبێ ڕێگە بە ئێران بدا تا بە شێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ ڕووسیە لەسەر ئامانجە ژێئۆپۆلیتیکییە بەربەرینترەکانی هاوئاهەنگ بێ، وەکوو بەربەرەکانی لەگەڵ دەسترۆیشتوویی ڕۆژاوا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و بنکۆڵ کردنی پەرگالی جیهانی.

بۆیە، هێشتا زوویە بگەینە ئەو دەرئەنجامە کە لاوازیی حیزبوڵڵا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەسترۆیشتوویی ئێران لە ناوچەدا؛ بەڵام ئەوە دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕینی ستراتێژی. بێتوو حوسییەکان پشتگیریی بەرچاو لە ڕوسیە وەرگرن، دەتوانن بیسەلمێنن کە دەتوانن هاوبەشێکی گەلێک بەکەلکتر بن. چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی وڵاتە یەکگرەتووەکان و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ هەڕەشەی حوسییەکانی یەمەن و مەترسییەکانی بۆ سەر ڕێگا ئاوییەکانی دەریای سوور، لەوە بەدواوە پرسێکی فرە گرینگتر دەبێ.

*** کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی**

## مستەفا مەولوودی:

# زۆر پرس لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەن کە دەبێ چارەسەر بکرێن، یەک لەوان مافی نەتەوایەتیی گەلە بندەستەکانە

**دیمانە: سابیر فەتاحی**




**ئاماژە: ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی دووشەممە، ١٦ی ڕەزبەر بە مەبەستی تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سیاسیی ئێران و ناوچە و، هەروەها کاریگەریی ئەم دۆخە لەسەر خەبات و تێکۆشانی گەلانی ئێران و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان کۆبوونەوەیەکی پێکهێنا.**

**"کورد کاناڵ" لە دیمانەیەکی تایبەتدا بە بەشداریی کاک مستەفا مەولوودی، بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزب تیشکی خستبووە سەر باس و لێکدانەوەکانی ئەم کۆبوونەوەیە و ئاکام و دەرەنجامەکانی. "کوردستان" ئەم دیمانەیەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**کاک مستەفا تکایە لە سەرەتای باسەکەماندا ئەگەر دەکرێ تیشک بخەنە سەر خاڵە گرینگەکانی تازەترین کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کە لەو ماوەیەدا گیرا.**

بەپێی ڕێوشوێنی تایبەت ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماوە بە ماوە کۆبوونەوەی خۆی دەگرێ و لەو کۆبوونەوانەدا پرسە سیاسییە ڕۆژەڤ و بابەتە تەشکیلاتییەکان تاوتوێ دەکات. باسی سەرەکیی تازەترین کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات تاوتوێی شەڕی حەماس و حیزبوڵڵا لەگەڵ ئیسڕائیل و ڕۆڵ و و کاریگەرییەکانی حکوومەتی ئێران لەو شەڕەدا بوو. کۆبوونەوەکەش بە هەڵکەوت هاوکات بوو لەگەڵ ساڵڕۆژی هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسڕائیل لە ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ڕابردوودا.

**خوێندنەوەی ڕێبەریی حیزب لەو دۆخە چ بوو؟**

ڕێبەریی حیزب لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەم شەڕە کە ئێران لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا هەڵیگیرساند و چاوەڕوانیی ئەو بەرینبوونەوەیەی نەدەکرد، بە زیانی خەڵکی فەلەستین، بە زیانی خەڵکی لوبنانە و هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە نەک قازانجیان تێدا نەکردوە بەڵکوو زۆر زەرەرمەند بوون. هەروەها لەوانەیە دەوڵەتی ئیسڕائیلیش نەتوانێ بەو ئامانجانە بگات کە لەو شەڕەدا بۆخۆی دیاریی کردوە کە دیارە ئەوە پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە. ئێمە پێمان وایە ئەم شەڕە لە ڕاستیدا ئەگەر لەسەر پاشخانی کێشەی ڕابرووودی نێوان ئیسڕائیل و فەلەستینییەکان یا عەرەب و ئیسڕائیلیش بووبێت، بێ لەو لایەنانە وەکوو حەماس لە غەززە و حیزبوڵڵا لە لوبنان لە ڕاستیدا دنەدان و دەستێوەردانەکانی ئێران ئەم شەڕەی چەندقات مەترسیدارتر کردوە. ڕێبەریی حیزبی دێموکرات پێی‌وایە ئەو دەستێوەردانە ئەمنییەتی گیانیی خەڵکی ناوچەکەی زۆرتر خستووەتە مەترسییەوە کە ئاسەوارەکەی لەو یەک ساڵەدا دەبینین و لە ڕاستیدا دوورە دیمەنی سوڵح و ئاشتیشی زۆر دوورەدەست کردوە. هەر لەو پێوەندییەدا پێویستە تیشک بخەینە سەر ئەوەی خەڵکی ئێرانیش بەبێ ئەوەی ئیرادەی ئەوانی تێدا بێت، تێچوویەکی زۆر بۆ ئەو شەڕە دەدەن لە حاڵێکدا ئەوە شەڕی خەڵکی ئێران و لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەوان نییە.

**چۆن باس لە تێچووکانی ئەو شەڕە بۆ خەڵک و وڵاتی ئێران دەکەن؟**

جارێ لە پێشدا تێچووی ماددیی شەڕەکە زۆرە و ئیعتباری سیاسیی خەڵکی ئێران و وڵاتی ئێرانیش لەو شەڕەدا زۆر زەرەرمەند بووە. ئێستا ئەگەر دابنێین وڵاتی ئێران بەپێی ئەو هەڵکەوتە ژئۆپۆلیتیکەی هەیەتی دەبێ لە ناوچەکەدا ڕۆڵی مۆسبەتی هەبێ بۆ باسە ئەمنییەتی، ئابووری و پێوەندیی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی. بەڵام پێچەوانە کۆماری ئیسلامی خۆی هۆکاری سەرەکیی شەڕ و ناسەقامگیرییەکان لە ناوچەکەدا بووە کە ئەمە زەرەر و زیانەکەی بۆ ئێران زۆر قوورس دەبێت. واتە سیاسەتی شەڕئەنگێزی و قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامی هەم ناوچەکەی تووشی شەڕێکی قوورس و درێژخایەن کردوە، هەم لەو سۆنگەیەوە پەرەی بە قەیرانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات داوە و ئەمەش تێچووەکەی خەڵکی ئێران دەیدەن.

**دوای ساڵێک لەو شەڕە ئێستا ئیدی باس لە شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان ئیسڕائیل و ئێران دەکرێ. لە ئەگەری ئەم شەڕە ڕاستەوخۆیەدا ناوچە بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟ ئایا هەر لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا قەتیس دەمێنێتەوە یان ئەگەری پەلهاویشتنی دیکەش هەیە؟**

جارێ پێش هەموو شتێک و بەرلە دروستبوونی ئەم شەڕەش، شەڕەکە زەمینەی پێشتری هەبوو. یانی بڵێی یەک ڕۆژە حەماس لە غەزە و یەکجێ بڕیاری دا بێت هێرش بکاتە سەر ئیسڕائیل و کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبر بخوڵقێنێت کە ئەوکات لەڕاستیدا دنیای هەژاند و ئێستاش ئاسەوارەکەی دیارە. سروشتییە کە ڕەوتی مێژووی ناکۆکییەکان پێشتر زەمینەی بۆ ڕەخساندبوو، دەرەتان و ئیمکاناتی بۆ دەستەبەر کرابوو، پلان و بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو و گرینگتر لە هەموو ئەوانەش کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو ئەم پلان و پێشهاتەدا دەور و نەخشی سەرەکیی بووە. کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی دەسەڵات و هەژمۆنیی خۆی زیاتر پەرە پێبدات و بۆ ئەوەی کێشەی نێوان ئیسڕائیل و فەلەستینییەکان زۆرتر کاتەوە، هاتووە میلیشیا و هێزە نیابەتییەکانی کە بۆ ئەو ڕۆژە پڕچەک و ئامادەی کردوون، لە غەززە، لوبنان، یەمەن، سووریە و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە لە شەڕەکە دەگلێنێ. کەواتە بوار و بەستێنی دروستبونی ئەم شەڕە و تێوەردانی لایەنێکی زۆرتر لەلایەن ئێرانەوە پێش ئەو یەکساڵەش دروست بووە، بەڵام ئەم یەکساڵە ئاسەوار و دەرکەوتنەکەی پتر بەرچاو دەکەوێ. ئێستا دەبینین فەلەستینییەکان یا خەڵکی باشووری لوبنان کە زیاتر لەژێر دەسەڵاتی حیزبوڵڵادا بوو، ڕاستەخۆ بوونەتە ئامانجی ئەو شەڕە و لەو پێوەندییەشدا زۆر زەررمەند بوون. وڵاتیان وێران بووە و خەڵکێکی زۆریان لێ کوژراوە و تەنانەت هێزەکانیان هەڵتەکاون و زەبری قوورس و گورچوبڕیان لێ کەوتوە.

**چ دوورەدیمەنێک بۆ ئەم شەڕە وێنا دەکەن؟**

دوورەدیمەنی ئەوەیکە ئەم شەڕە بەرەو کوێ دەچێت و بە قازانجی کێ دەشکێتەوە بڕێک بەزەحمەتە. شەڕەکە هەڵگیرساوە و پێی وڵاتانی دیکەشی گرتۆتەوە، وەک حوسییەکان لە یەمەن و بە جۆرێک خەڵکی سووریە و هێندێک لایەنی دیکە لە وڵاتانی دراوسێی ئێران کە کاریگەریی کۆماری ئیسلامییان بەسەرەوەیە. ئەمە یانی ئەوەی شەڕەکە لەو کاتەوە و لەو شوێنەوە کە هەڵگیرسا زۆر بەولاوەتر چووە و ئەم ئەگەرەش هەیە کە لەوانەیە پتر لەوەندەش پەرە بستێنێت. کاتێک کۆماری ئیسلامی بەبێ ئیزنی ئەو وڵاتانە ئاسمان و زەوی و ڕێگا ئاوییەکانیان بۆ پڕچەککردنی نەیارەکانی ئیسڕائیل و هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئەم وڵاتە بەکار دێنێت، ئەویش نەک جارێک و دوو جار، ئەمە بەستێن بۆ تێوەگلاندنی پتری ئەو لایەن و وڵاتانە لەو شەڕەدا خۆش دەکات کە بێگومان بۆ سەقامگیریی ناوچەکە و ئاشتی و ئارامیی جیهان مەترسیدارە؛ بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەو بەرپرسایەتییە لە خۆیدا شک نابات بەشێک لە هۆکاری ئارامی و تەبایی بێت، پێچەوانە هۆکاری تێکدان و شەڕ و نائارامییەکانە.

**خوێندەوەی ڕێبەریی حیزب بۆ دەور و کاریگەریی وڵاتانی ناوچە لەسەر ئەم شەڕە چییە؟**

حیزبی دێموکرات پێی‌وایە زۆر کێشە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە کە دەبێ چارەسەر بکرێن، پێش هەموو شتێک کێشەی دێموکراسی، کێشەی پابەندبوون بە هێندێک بنەما و پڕەنسیپی نێودەوڵەتی و بەڕەسمی‌ناسینی مافی میللەتان؛ جا ئەو مافە مافی نەتەوەیی و سیاسی بێت یان مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و، هەموو ئەو مافانەی مرۆڤ پێویستە بۆی دابین و دەستەبەر بێت. ئەم ناوچەیە پڕە لەو کێشانە و چارەسەریش نەبوون کە بێگومان دەبێ چارەسەر بن. بەڵام لەو نێوەدا حکوومەتێک کە بەتەواوی هاتۆتە نێو قەزییەکە و لەباتی ئەوەیکە کۆمەک بە چارەسەری پرسەکان بکات، کەچی بووەتە سەبەبی شەڕ و ئاژاوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لەو کۆبوونەوەیەشدا پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران حکوومەتێکی قەیرانخوڵقێن و بەڵایە لە ناوچەکەدا و ئەگەر خەڵکی ئێران دەیهەوێ ئاسوودە بێ و دەسەڵاتێکی وڵامدەری هەبێت، دەبێ چارەنووسی خۆی دەگەڵ نیزامی سیاسیی وڵاتەکەیان، واتە کۆماری ئیسلامی ڕوون بکاتەوە. ئەوە وەکوو خەڵکی ئێران و خەڵکی کوردستانیش وەکوو بەشێک لە پێکهاتەی جوغرافیای ئێران ئەو ئەرکەی لەسەر شانە و لەو پێوەندییەشدا لە ڕوانگەی ڕێبەریی حیزبەوە خەڵکی کوردستان بەگشتی و هێزە سیاسییەکانی کوردستان باش و بەجێ جووڵاونەتەوە. یانی دەگەڵ ڕەوتە سیاسییەکەی بۆ ناساندنی ماهییەتی حکوومەتەکە و بۆ دەستنیشانکردنی ئەرک و دەسەڵاتی هێزە سیاسییەکان و خەڵک تێکۆشاون و ئەرکی خۆیان بەجێ دێنن.

بەشی دووهەم وڵاتانی ناوچەکەن. وڵاتانی ناوچەکە یا هێزە سیاسییەکانی بەرپرسیاری ناوچەکە لەبری ئەوەی بە دوای سیاسەتی ئێراندا بڕۆن و لە ڕێگای سیاسەتی ئێرانەوە ئەو ئاڵۆزی و شەڕ و گرژییانە دروست بکەن، حەقە پێش بە دەستێوەردانەکانی ئێران بگرن. لەوەش گرینگتر لەوانەیە ئەو ئاڵۆزییانە لە جۆری خۆیدا بە جۆرێک لە بەرژەوەندیی هێندێک وڵاتی زلهێزی بەرژەوەندیخواز بێت و بڵێ مادام کێشەیەک هەیە منیش لەو کێشەیەدا بەدوای قازانجی ئابووری و سیاسی و بەهێزکردنی جێ‌پەنجەی خۆم دەکەمەوە. بەڵام ئەوان دەبێ بەوە گەیشتبن کە بێتوو بیر لە کۆنترۆڵکردنی حکوومەتی ئێران نەکەنەوە لەوانەیە وڵاتەکەیان تووشی ئاڵۆزیی زیاتر ببێت. بۆیە ئەوە هەم ئەرکی خەڵکی ئێران و هەم خەڵکی وڵاتانی ناوچەکە و هەم وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندیی زلهێزە کە بە هەموویان دەست بدەنە دەست یەکتری و بەرەنگاری هەڕەشە و مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە. ئەمەش تەنیا بە گۆڕینی ئەم نیزامە و دامەزرامدنی نیزامێکی سیاسیی وڵامدەر لە ئێراندا دەتوانێ ئاکامی باش و شوێندانەری هەبێت.

**لە شۆڕشی ژینادا خەڵکی ئێران خۆیان تاقی کردەوە و کۆماری ئیسلامییان هەتا لێواری هەڵدێریش برد، بەڵام کۆمەڵگەی جیهانی بەو شێوەیەی کە دەبوا و چاوەڕوان دەکرا پشتیوانی لەم ڕاپەڕینە نەکرد. پێتان وایە لەم قۆناغەدا خەڵکی ئێران جارێکی دیکە بۆ گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە بێتەوە سەر شەقامەکان؟**

ئەگەر بێین پێناسەیەک لە نیزامی کۆمەڵایەتیی دونیا بکەین، دەبینین میللەتان و ئینسانەکان لە دونیای ئێستادا زۆر بە یەکەوە مەربووتن. یانی هەر بزووتنەوە و حەرەکەتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەنانەت سروشتی لە شوێنێک دەتوانی کاریگەریی لەسەر مرۆڤایەتی لە شوێنەکانی دیکە هەبێت. بۆیە بەشەرییەت ناتوانێ بە نیسبەت پێویستی و نیازی ئینسانەکان لە هیچ قوڕنەیەکی گۆی زەوی بێ‌تەفاوت بێت، ئەو بەو

**حیزبی دێموکرات پێی‌وایە زۆر کێشە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە کە دەبێ چارەسەر بکرێن، پێش هەموو شتێک کێشەی دێموکراسی، کێشەی پابەندبوون بە هێندێک بنەما و پرەنسیپی نێودەوڵەتی و بەڕەسمی‌ناسینی مافی میللەتان؛ جا ئەو مافە مافی نەتەوەیی و سیاسی بێت یان مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و، هەموو ئەو مافانەی مرۆڤ پێویستە بۆی دابین و دەستەبەر بێت. ئەم ناوچەیە پڕە لەو کێشانە و چارەسەریش نەبوون کە بێگومان دەبێ چارەسەر بن**

**. وڵاتانی ناوچەکە یا هێزە سیاسییەکانی بەرپرسیاری ناوچەکە لەبری ئەوەی بە دوای سیاسەتی ئێراندا برۆن و لە ڕێگای سیاسەتی ئێرانەوە ئەو ئاڵۆزی و شەڕ و گرژییانە دروست بکەن، حەقە پێش بە دەستێوەردانەکانی ئێران بگرن. لەوەش گرینگتر لەوانەیە ئەو ئاڵۆزییانە لە جۆری خۆیدا بە جۆرێک لە بەرژەوەندیی هێندێک وڵاتی زلهێزی بەرژەوەندیخواز بێت و بڵێ مادام کێشەیەک هەیە منیش لەو کێشەیەدا بەدوای قازانجی ئابووری و سیاسی و بەهێزکردنی جێپەنجەی خۆم دەکەمەوە**

مانایە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران پێویستیی بە هاوکاری و پشتیوانی خەڵکی دیکەش هەیە. پێوەندیدار بە دۆخی ئێستاش ئەم شەڕە لە غەزە هەڵایسا، بەڵام ئێستا خەریکە بەشێکی زۆر و داوێنی خەڵکێکی زۆر و دونیایەکی پتر بگرێتەوە. لە هەموو شتێک گرینگتر ئەگەر پرسیار بکەین کە چۆن چارەسەری ئەو قەیرانە دەکرێ، مەعلوومە ئێستا بە پێناسەی سنووربەندیی دەوڵەتان کێشە و پرسی ئێرانییەکان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا و بە خۆیان چارەسەر دەبێت. بۆیە خەڵکی ئێران دەبێ بۆ خۆیان لە فکری لابردنی کۆماری ئیسلامی و دروستکردنی نیزامێکی دێموکراتیک و وڵامدەردا بن. لەو پێوەندییەشدا زۆر سروشتییە چاوەڕوانییان لە خەڵکی دنیا هەبێت بۆوەی هاوکارییان بکەن، بەرهەڵستی سیاسەتی غەڵەتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ببنەوە و پشتی جووڵانەوەی خەڵک بگرن. بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوەیکە تا ئێستاش دەوڵەتان کە نوێنەرایەتیی میللەتان دەکەن، پتر حیساب بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن. ئەوەش شتێکی لە هاوکێشە جیهانییەکاندا سروشتییە و لەوانەیە بە مەیلی خەڵکی ئێران یان مەیلی فڵان لایەن و نەتەوە نەبێت. دەوڵەتان لە بەرژەوەندیی خۆیان دەگەڕێن و مادام لە بەرژەوەندیی خۆیان دەگەڕێن حیسابی قازانج و زەرەریان دەکەن.

شک و گومان لەوەدا نییە کە دونیا دەزانێ حکوومەتی ئێران لە ناوچەکەدا حکوومەتێکی نامەتلووبە، بەڵام ئەگەر ئیرادەیەک بۆ لابردنی ئەم حکوومەتە لە دەسەڵات هەبێت، خۆ دەبێ لەوە دڵنیا بن کە لەبری کۆماری ئیسلامی چ نیزامێکی سیاسیی لەجێی دێتە دی هەتا ئیدارەی بکات و جێگرەوەکەی کێیە؟ ئەمن پێم‌وایە ئەگەر ئێرانییەکان بەگشتی بۆ خۆیان لەسەر ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی ڕێک بکەون و ئەو ئاڵتێرناتیڤە لە ڕاستیدا ئاڵتێرناتیڤی کۆمەڵگەی ئێران و هەڵگری خواستەکانی هەموو پێکهاتەکانی ئێران بێت و بیر لە دروستکردنی نیزامێکی دێموکراتیک و وڵامدەر لە ئێرانی داهاتوودا بکەنەوە، دونیای دەرەوەش پشتیان دەگرێت و هاوکارییشیان دەکات. بەڵام ئەگەر ئەوە نەبێت ئەو نایا کۆمەک بکات بۆ ڕووخاندنی نیزامێک کە جێگرەوەکەی دیار نەبێت و لەوانەیە لەوسۆنگەیەوە بشێوییەکیش دروست بێت، ئەویش لە وڵاتێکی گرینگ و پڕحەشیمەت بە هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلۆتیکی وەکوو ئێراندا. دەمەوێ بڵێم دنیای دەرەوە لە خەبات و مافخوازی خەڵکی ئێران تێ‌دەگا و دەنگی ئەو خەڵکەشی بیستوە، دەشزانێ کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی نابەرپرسیار و ئاژاوەخوڵقێنە. بەڵام وەختێک جێگرەوەیەکی دیاری نییە، ئیدی نایە خۆی تووشی کێشەیەک بکات کە ئاکامەکەی دیار نەبێت. لە کۆبوونەوەکەی ڕێبەریی حیزبیشدا باس لەوە کراوە خەڵکی ئێران بەگشتی دەبێ لە فکری ئاڵتێرناتیڤێکی دێموکراتیکی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بن و بۆ ئەوەش زۆر سروشتییە خوێندەوەی جیاواز هەیە، بەڵام لانیکەمەکەی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لەو پێوەندییەدا بەرچاوی ڕوونە کە ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی دەبێ چ جۆرە نیزامێک بێت.

**پێوەندیدار بە بزووتنەوەی ژینا و خەباتی مافخوازیی کورد باستان لەوە کرد کە هێزە کوردستانییەکان ئەرکی خۆیان بەباشی بردۆتە پێشێ. دەکرێ ئەم باسە تۆزێک زیاترە بکەنەوە؟**

یەکەم، هەر کە کۆماری ئیسلامی هاتە سەر کار و دەسەڵاتی خۆی سەپاند و دەستی بە جێخستنی نیزامی سیاسیی خۆی کرد، خەڵکی کورد و هێزە سیاسییەکان بەو قەناعەتە گەیشتن ئەو نیزامە نیزامی سیاسیی دڵخوازی کورد و ئێرانییەکان نییە. بۆیە لە بەرانبەر ئەو نیزامەدا وەستایەوە و بە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی نێوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەم ڕێژیمەی بە دونیا ناساند. دووهەم لەگەڵ هەموو ئەمانە و لە هەمووی ئەم ماوەیەدا، یانی لەو زیاتر لە ٤٥ ساڵەدا خەڵکی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر و کردەنی خەبات و بەربەرەکانیی خۆی بردووەتە پێشێ و لە ڕەوتی خەباتی مافخوازانەیدا تێچوویەکی زۆریشی داوە. هەر ئەوەی ئێستاش شەقامی کوردی لەسەرپێ تر و لەسەر هەستترە لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران، ئەمە لە نەخش و دەوری حیزبەکانەوە سەرچاوەی گرتوە، هەڵبەت نابێ ئازایەتی و ئەرکوەخۆگریی خەڵکیش نادیدە بگرێن.

**لە دوای ئەو یەک ساڵەی ئەم شەڕ لە ناوچەکەدا هەڵگیرساوە، ئایا ئەرکەکان بەباشی لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە ڕاپەڕیون، پێوەندیدار بە دۆخ و ئەگەرەکانی داهاتوو؟**

لە ڕوانگەی منەوە هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەو ماوەیەشدا باش و دروستیان عەمەل کردوە. یەکەم پێوەندیی زیندووی خۆیان لەگەڵ خەڵکی وڵاتی خۆیان ڕاگرتوە و هاوکاری و هاوپێوەندییە ئۆرگانیکییەکەیان بردووەتە پێشێ. دووهەم لە ئامانجە سیاسییەکەی خۆیان پاشەکشەیان نەکردوە کە دەبێ ئەو نیزامە بڕوات و لە جێگای وی نیزامێکی دێموکراتیک فرەخواز و فیدراڵی دێموکراتیک دابمەزرێت. بەڵام زۆر سروشتییە لەوانەیە لە هێندێک زەرفییەت ئیستفادە نەکرابێت کە لە ڕوانگەی حیزبێکی مەسەلەن وەکوو حیزبی دێموکراتەوە ئێستاکانێ دەکرێ، یان نەخێر لەوانەیە لە ئێستادا کردەنی نەبێت. بەڵام لانیکەمەکەی دەتوانین بڵێین ئەگەر هەر هەلومەرج و بارودۆخێک بۆ ئێران بێتە پێشێ، کوردستان لەو ناوچانەیە کە زۆر ئاسان سازماندەیی و مۆدیرییەت دەکرێ و ئیستعدادی هەیە بۆ هەر پرۆژەیەکی سیاسی کە لە ئێراندا دێتە پێشێ. کوردستان حیزبی سیاسیی بەهێز و بەئەزموونی هەیە و ئەگەر ئەو نیزامە بڕوات و نیزامی دیکە جێی بگرێتەوە و مەجلسی مۆئەسسان دروست ببێت و هاوکێشەی نوێ بێتە ئاراوە، ئەم حیزبانە دەتوانن زۆر بەباشی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا نوێنەرایەتیی کورد بکەن.

**کاک مستەفا لە لێکدانەوە بۆ شەڕی ئیسرائیل و غەزە و بۆ شەڕی ئۆکراین و ڕووسەکانیش ئەم شەڕانە بە شەڕی جەمسەربەندییەکان ناو دەبەن. بەڵام دەبینین هەتا ئێستا ڕووسیە خۆی مات کردوە. ڕووسیە لە کوێی ئەم شەڕەدا جێی گرتووە؟**

ئێمە ئەگەر هەر سوورەتی مەسەلەکە ببینین ڕووسیە خۆی تووشی شەڕێک کردوە بۆخۆی ئەوە زیاتر لە دوو ساڵە تێیدا چەقیوە و لێی دەرباز نابێت. پێشی وا نەبوو ئەو شەڕە ئاوا قورس دەبێ بۆی و پێی وابوو خولاسە بە ماوەیەکەی کەم بەو ئامانجانەی بۆ خۆیی دانابوو پێی دەگات. بەڵام دەرکەوت کە ئەمە وا نەبوو. ئێستا ڕووسیە بۆ خۆی کێشەی زۆر گەورەی لەو شەڕە ڕاستەوخۆیەدا هەیە. ڕاستە ئەو شەڕەکەی لەگەڵ ئۆکراینە، بەڵام پشتیوانی و ئیمکاناتی ئەمریکا و ئۆرووپا بۆ ئەو شەڕە ڕووسییەی لەو وڵاتەدا وەستاندوە و شانسی سەرکەوتنیشی زۆر زۆر کەمە. ئەمە سەبارەت بە ڕووسیە. دووهەم هەر ئێستا نەک لە بارەی ئەو شەڕەدا، ئەسڵەن لە بارەی سیاسەت و ئێستراتێژی ڕووسیە لە سەر ئێرانیش چاودێرانی سیاسیی ئێرانییش وەدەنگ هاتوون و پێیان وایە ڕووسیە ئێران تەنیا وەک کارت و ئامرازێک بەکار دێنێت و ئەوەی دۆڕاوە و دەیدۆڕێنێ هەر ئێرانە. بۆیە ئەمن پێم‌وایە ڕووسیە بۆ خۆی لەوە زۆرتر کێشەی هەیە تا وەکوو بێت مەسەلەن یارمەتیی ئێران و ئەو هێزانە بدات کە قسە لە ئێران وەردەگرن.

**ئەدی ئەمریکا؟ ئەمریکا پتر لایەنێکی شەڕەکەیە یان نێوبژیوان؟**

ئەمریکا نەیشاردۆتەوە کە بە هەموو تواناوە پشتگیریی ئیسرائیل دەکات. بەڵام ئەمریکا لەوە نیگەرانە گەورەبوون و بەرینبوونەوەی ئەو شەڕە یا تەنانەت درێژبوونەوەی ئەو شەڕە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەویش ڕاکێشێە نێو شەڕەکە و ئەمریکا لە ئێستادا ئەوە بە قازانجی خۆی نازانێ. وەک بۆخۆشیان دەڵێن ئەوان ئەزموونی زۆر دەستێوەردانی دەرەکی و، ئەزموونی شەڕەکانی ئەفغانستان و عێراقیان لە دوای ٢٠٠٠ەوە هەیە و پێیان باش نییە لە ئێستادا تووشی شەڕێکی دیکە لە ناوچەکە بن کە ئیدی ئاسان نەتوانن لێی دەرباز ببن. شەرت نییە پێچەوانەی خۆشبینیی هەندێک لایەن دەستوەردانی ئەمریکا ئاکامی دڵخوازی لێ بکەوێتەوە، بۆیە ڕێبەرانی سیاسیی ئەمریکا بە هەستیارییەوە لەم‌بارەیەوە دەجووڵێنەوە.

**کاک مستەفا وەک دوا پرسیار. قازانج و زیانەکانی ئەو شەڕە دوای یەک ساڵ بۆ گەلی کورد چی بووە؟**

ئەم شەڕە تا ئێستا بە مەلمووسی قازانجێکی بۆ خەڵکی کورد نەبووە، زیانیش ئەگەر بڵێی ڕاستەوخۆ کوردی تووشی ئەو شەڕە کردوە ئەم زیانەشی نەبووە. بەڵام زۆر تەبیعییە لە ناوچەیەکدا کە تۆ تێیدای و وڵاتی تۆ و خاکی تۆیە، دروستبوونی شەڕ کاریگەری لەسەر پرسی تۆ دادەنێت. پەندێکی پێشینیان هەیە دەڵێ ئینسان ئەگەر شەڕی لە دەورووبەر بوو حەتمەن پریشکێشی بەر دەکەوێت. درێژەکێشانی ئەم شەڕە هیچ سەیر نییە بە زیانی کورد بشکێتەوە و لەوانەشە دەرفەتیش بۆ کورد برەخسێنێ. وەک چۆن بینیمان لە شەڕی جیهانیی دووهەمدا دوای ئەوەی وڵات تووشی شەڕ بوو، و دوای ئەوەی حکوومەتەکان گۆڕان بەڵام دەرفەت بۆ کورد ڕەخسا و توانی کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. یا مەسەلەن لە شەڕی ئەمریکا و عێراقدا بینیمان هەرێمی کوردستان جێگەوپێگەیەکی سیاسی و دامەزراوەیی یاسایی دیکەی پێدرا. یان ئەوەی ئێستا لە سووریە دەیبینین و هەموو ئەو دۆخە نوێیانە لەو شەڕانەدا دروست بوون. بەڵام لە نەهایەتدا شەرت نییە شەڕ ئاکامەکەی بۆ خەباتی نەتەوەکان ئەرێنی و دڵخواز بێت، گرینگ ئەوەیە کورد ئامادەیی شوێندانانی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەبێت و لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا هەل دروست بکا و بەستێن و زەرفییەتەکان بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە.

**سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا**

ئێوەش ماندوو نەبن

# کۆمیتەی مافی مرۆڤی پارلەمانی ئاڵمان:

# پێویستە سپای پاسداران بخرێتە لیستی تێرۆرەوە

کۆمیتەی مافی مرۆڤی پارلەمانی ئاڵمان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە بخرێتە نێو لیستی تێرۆرەوە و خوازیاری پێداگریی زیاتر لەسەر بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کردەوەی هێرشبەرانەی کۆماری ئیسلامی بووە.

ڕێنێتا ئالت، بەرپرسی ئەم کۆمیتەیە لە بەیاننامەیەکدا گەمارۆ نوێیەکانی یەکیەتیی ئورووپا دژی ڕێژیمی ئێرانی بە هۆی ناردنی مووشەکی بالستیک بۆ ڕووسیە، بە کردەوەیەکی دروست زانی. ناوبراو ڕایگەیاند تێکچوونی ژێرخانە نیزامییەکانی ئۆکراین بە کەلکوەرگرتن لە مووشەکە بالستیکەکانی کۆماری ئیسلامی بووە.

بەپێی ئەم بەیاننامەیە، پشتیوانیی نیزامیی کۆماری ئیسلامی لە هێرشی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین و هەروەها پشتیوانی لە ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەردەوام تێکهەڵچوونی مەترسیداری بەدواوە دەبێ و ئاسایش و هەڕەشە لە ئەمنییەتی یەکیەتیی ئورووپا دەکات.

لەم پێوەندییەدا یەکیەتیی ئورووپا و بریتانیا لە نوێترین گەمارۆکانی خۆیدا لە دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بە جیا چەندین دامەزراوە و کەسی پێوەندیدار بەم ڕێژیمەیان خستە نێو لیستی گەمارۆکانەوە. ڕۆژی دووشەممە ٢٣ی ڕەزبەر سێ هێڵی ئاسمانیی "ئێران ئەیر، ماهان ئەیر و سەها"، بەهۆی گواستنەوەی مووشەک و درۆن دروستکراوی ڕێژیمی ئێران و تێکنۆلۆژیی پەیوەندیدار بۆ ڕووسیە بۆ بەکارهێنانی لە شەڕی دژی ئۆکراین، گەمارۆیان خرایە سەر. هەروەها سەید حەمزە قەلەندەری، جێگری وەزیری بەرگریی ڕێژیم، بەهۆی بەشداریکردنی لە پەرەپێدانی بەرنامەی درۆنی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئەم یەکیەتییەوە گەمارۆ دراوە.

بەپێی ئەم گەمارۆیە، داراییەکانی سێ هێڵی ئاسمانی و جێگری وەزیری بەرگریی ڕێژیم لە یەکیەتیی ئورووپا بلۆکە کراوە. شایانی باسە کە دوابەدوای ئەم گەمارۆیانە، گەشتی فڕینەکانی ئەم شیرکەتە فڕۆکەوانییانە بۆ یەکیەتیی ئورووپا هەڵوەشاوەتەوە.

# نێعمەتی شەڕ لای فاشیزمی مەزهەبیی ئێران

٤٦ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵک و وڵاتی ئێران جیا لە نەگبەتیی شەڕ،ماڵوێرانی، هەژاری و دارمانی ئابووری و بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان ئاکامێکی دیکەی نەبووە. لانیکەم دیکتاتۆر و فاشیستەکانی پێشووی وەک هیتلێر و مووسولینی بە پلانە ئابوورییەکانیان توانیبوویان پێداویستیی ژیانی شەرەفمەندانەی توێژەکانی خوارووی کۆمەڵگە دابین بکەن و ماشێنی نیزامی و شەڕی وڵاتەکەیان لەسەر پیشەسازی و ئابوورییەکی بەهێزی خۆوڵاتی بنیات بنێن. بەڵام خومەینی و میراتگری دواتری [خامنەیی] بە چەوساندنەوە و برسیکردنی خەڵکی وڵات، بە سەرکوتی خوێناوی هەرچەشنە بزووتنەوەیەکی مافخوازانە و ڕەوا لە کۆمەڵگەدا، و بە هەرزانفرۆشکردنی سەروەت و سامانی گشتیی وڵات بە وڵاتانی وەک چین و ڕووسیە، سوپای جەنگی و مووشەکەکانی لەسەر پێ ڕاگرتوە و ئاگری شەڕی لە ناوچەدا هەڵگیرساندوە.

با بۆ سەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بگەڕێینەوە. دوای هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران و داگیرکردنی چەند شارێکی وەک خوڕەمشار، لە ماوەی چەند مانگدا و پاش شکاندنی گەمارۆی سەر ئابادان و وەرگرتنەوەی خوڕەمشار و پاشەکشەی سوپای سەدام دەکرا شەڕ کۆتایی بێت. بۆ کۆتایی‌هێنان بە شەڕەکەش زۆر لایەنی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کەوتنە خۆ، بەڵام خومەینی بە دروشمی "شەڕ شەڕ هەتا سەرکەوتن" ئەم شەڕەی بۆ ماوەی حەوت ساڵی دیکە درێژ کردەوە. دواجار نەک هیچ سەرکەوتنێکی پێ نەبرا، بەڵکوو ناچار بوو جامە ژارەکەش فڕ کا، بەڵام ئەم شەڕخوازییەی کۆماری ئیسلامی چی بە سەر کۆمەڵگە و وڵاتی ئێران هێنابوو:

٢٢٦ هەزار کوژراو، ٥٧٥ هەزار بریندار، ٦٢٧ میلیارد دۆلار تێچووی شەڕ، ٦٤٤ میلیارد دۆلار زیان و خەساری ماددی و دارایی لە ژێرخانی ئابووریی وڵات، هەروەها بەجێمانی ١٦ میلیۆن مین لە خوزستان و کوردستان، کە پاش ٣٥ ساڵ لە کۆتایی ئەو شەڕە ئێستاش لەبن پێی خەڵکدا دەتەقێنەوە و کارەساتیان لێ دەکەوێتەوە.

خومەینی ساڵێک پێش ئەوەی فیتوای شەڕ دژی عێراق بدا و دروشمی "شەڕ نێعمەتی خواییە" بەرز بکاتەوە، لە نێوخۆی وڵاتیشدا فیتوای جیهاد و شەڕ لە دژی کوردەکانی دابوو، ئەو شەڕفرۆشی و تامەزرۆییەی کۆماری ئیسلامی بە وێرانی و خوێنڕشتن ئەگەرچی خەڵک و وڵاتی تووشی زۆر خەسار و قەیران کردوە، بەڵام بۆ ڕێژیم پڕ دەسکەوت بووە. لە سۆنگەی پێشترێتیی شەڕەوە هەموو جموجۆڵێکی مافخوازانە و ناڕەزایەتییەکی سەرکوت کراون، هەزاران چالاکیی سیاسیی لە زیندانەکاندا گوللەباران و لەدار دراون؛ دوایەش هێزە چەکدار و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بوون بە دەیان مافیا و کارتێلی ئابووری بۆ مژینی خوێنی خەڵک و بەتاڵانبردنی سامانی وڵات بۆ شەڕفرۆشییە ئایدۆلۆژییەکان و وەدیهێنانی هیلالی شیعە! پەرەدان بە توندئاژۆیی ئایینی، تێرۆریزمی دەوڵەتی، دروستکردنی میلیشیا و پڕچەککردنیان بۆ شەڕی نیابەتی، قووڵایی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی بەرگێڕەوەی ڕێژیم هەتا ئێستا بووە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا دەیان میلیارد دۆلار لە سامانی گشتیی خەڵکی ئێرانی بۆ ئەم ستراتیژییە خەرج کرد، بەڵام بینیمان کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە فەلەستین، لوبنان، یەمەن و سووریە بوونە هەمووی بوونە تۆز و خۆڵ و ئاگر و چوونە ئاسمان!

لە ئێستادا سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ئێستادا بەرەوڕووی زۆرترین دژایەتی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بۆتەوە. هەروەها لە نێوخۆی ئێرانیشدا خەڵکی وڵات کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا زۆرترین خەساریان لە سیاسەت و قەیرانخوڵقێنییەکانی کۆماری ئیسلامی بەر کەوتوە، زۆر ڕاشکاوانە دژی سیاسەتەکانی ڕێژیم وەستاونەتەوە و ساڵ بە ساڵ و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بە ئەکتی سیاسی سەلماندوویە کە ڕێژیمی دەسەڵاتدار هیچ چەشنە شەرعییەت و ڕەواییەکی خەڵکیی نییە. پتر لە دوو دەیەشە بەئاشکرا بە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی "نە غەززە و نە لوبنان" و "دوژمنی مە لێرەیە" بەرپەرچی سیاسەتی نێوخۆیی، دەرەکی و ستراتێژییەکانی کۆماری ئیسلامییان داوەتەوە. خەڵکی ئێران بە ئاشکرا دەڵێن ئەم شەڕەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خەریکە داوێنی ئێران دەگرێت، شەڕی خەڵکی ئێران نییە و شەڕی کۆماری ئیسلامییە. خامنەیی لە خوتبەکانی نوێژی هەینیی ١٣ی ڕەزبەری حەوتووی پێشوودا جینایەتی سامناکی حەماس لە هێرشەکەی ٧ی ئۆکتۆبری پارەکەی بە قانوونی، ڕەوا و مەنتیقی ناو برد و بە شان و باهۆ و سیاسەتی گرووپە نیابەتییەکانی هەڵاگوت کە بوونەتە هۆکاری کوژرانی دەیان هەزار کەس لە غەززە و لوبنان و لەبەریەکهەڵتەکانی ژێرخانی ئابووریی ئەو ناوچانە. خامنەیی هەروەها هێرشی مووشەکیی سپای پاسدارانی بە شانازییەکی گەورە ناو برد و پێچەوانەی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان پێداگریی لەسەر پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچە کردەوە. بەڵام خەڵکی ئێران نەک‌هەر لەو ڕوانگە و سیاسەتەی نیزامی سیاسیی زاڵ بەسەر وڵاتەکەیان بێبەرین، بەڵکوو بۆخۆیان لە ڕیزی پێشەوەی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم ڕێژیمەدان.

مێژوو پێمان دەڵێ هەموو نیزامە سیاسییە سەرکوتگەرەکان لە فاشیزمی ئیتالیاییەوە بگرە هەتا نازیسمی ئاڵمانی دوای شەڕهەڵایسینی و تێکشکان دارماون و هەرەسیان هێناوە، ئەمجارەشیان نۆرە گەیشتووەتە کۆماری ئیسلامی. بەتایبەت کە کەڵەکەبوونی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکان کە لە بەفرانباری ١٣٩٦ەوە تەقیونەتەوە و لە بزووتنەوەی ئێعترازیی ژن، ژیان، ئازادیدا گەیشتە ترۆپکی خۆی؛ زیاتر لە هەر کاتێک ڕێگای بۆ ڕووخانی ڕێژیم خۆش کردوە.

# کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## داهاتووی کۆمەڵگەی مەدەنی؛ هەڕەشە و دەرفەتەکان (بەشی کۆتایی)


سمایل شەرەفی

کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی زاڵبوونی سیستەمێکی سەخت و ڕژدی وەک نیزامێکی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەر کوردستان و تێفکرینێکی تەواوەتیخواز و خۆبەزلزانی فارس-شیعی لەلایەک و، لە ایەکی دیکەوە بە هۆی لاوازیی فەرهەنگی حیزبایەتیکردن و ڕوانگەیەکی هێژمونیخوازی حیزبی کە بە سەر فەزای سیاسیی کوردستاندا زاڵە و هەروەها بە هۆی ساوابوون و نەبوونی ئەزموونی پێویست، لە بەردەم تاقیکاری دایە. داهاتووی کۆمەڵگەی مەدەنی، بزووتنەوەی مەدەنی و کاریگەریی و ڕۆڵی چالاکانی مەدەنی، بەو دەرفەت و هەڕەشانەوە بەستراوەتەوە کە لێرەدا کورتە سەرنجێکیان دەخرێتە سەر.

### هەڕەشەکان

سەرەکیترین هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کورد و کوردستان لە تەواویەتیی خۆیدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو ڕوانینە ئەمنیەتییەیە کە بۆ پرسی کورد و خاکەکەی هەیەتی. بەپێی خوێندنەوەی نیزامی زاڵ بەسەر کوردستاندا، سەرکوتی کورد و حاشا کردن لە هەر پرسێکی پێوەندیدار بە کوردەوە ڕەوا و ڕێگەپێدراوە. بۆیە "یەکێک لە گرینگترین بەربەستەکانی خۆڕاگریی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی ڕەوابوونی سەرکوتی کورد لە ئاستی ئێراندایە. کورد وەک نەتەوەی پەراوێزخراو سەرکوتی لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە ڕەوایە چونکی کوردستان نیشتمانێکی داگیرکراوی ژێردەستی نەتەوە و دەسەڵاتی فارسە". کەوابوو لە قۆناغی ئێستادا ئەوەی نوێنەرایەتی ئەقڵییەتی پاوانخوازی فارس و دەوڵەتی ناوەندگەرای ئێرانی دەکات و سەرچاوەی کۆی هەڕەشەکانە بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی، نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

گەشە و کارایی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکیی چالاکانی مەدەنی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژینگەیەکی دێموکراتیک و ئازادەوە هەیە و نەبوونی ئەم ژینگە دێموکراتیک و ئازادە کە بە بوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێبەری کراوە، گەورەترین لەمپەرە بەرانبەر کۆمەڵگەی مەدەنی. چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر لەلایەک بە هۆی نەبوونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکرات، مەجال و دەرفەتی کار و داهێنانیان بەرتەسک و مەحدودە، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی نیزامی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ڕووبەڕووی سەرکوت و دەستبەسەرکردن و... دبنەوە و بەو هۆیەوە هێندێک جار ناچار بە بەربەرەکانێی ڕژد و نامەدەنیانە دەبنەوە کە ئەم توندوتیژییە لە ماهییەتی خۆیدا دەتوانێ هەڕەشە بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی بێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکخراوە مەدەنییەکان ناوەندگەلێکن کە لە ئاستی بەرەنگاریدا بە هۆی ناڕێکخراوبوونیان بچووک و لاوازن، بۆیە هەرچی دەوڵەت و دەسەڵات بەرەو تۆتالیتێری بچێ، جێگایان لێژ دەبێ و لەگەڵ ئەوەیکە خۆیان بە دەستەوە نادەن، چالاکییەکانیان لە شێوازی ئاشکراوە دەگۆڕدرێ بۆ نهێنی و ژێرزەمینی و ئەگەر مەیدانیان لێ بەرتەسکتر بکرێتەوە و زیاتر سەرکوت بکرێن، هیچ دوور نییە دەست بۆ چەک بەرن و لە ڕێکخراوی مەدەنییەوە بگۆڕدرێن بۆ تەشکیلاتێکی چەکداری.

پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستان و کارتێکەرییان لە سەر یەکتری و هاودیسکۆرسیی ئەم دوو باڵە لە بزووتنەوەی جەماوەریی کوردستان بە خاڵی بەهێز و دەرفەت بۆ هەر دوو بزووتنەوەکە باس کرا. لە نێوان پێوەندیی دیالکتیکی ئەم دوو بەستێنە لە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەلێنێکی ورد هەیە کە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی دێتە ئەژمار، ئەویش "بەحیزبی کردن"ی کۆمەڵگەی مەدەنییە. یەکێک لە مەترسییەکانی سەر کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە کە حیزبەکان چاوەڕوانیی ئەوەیان لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان یان چالاکانی مەدەنی هەبێت کە سەر بەوان بن و بە قسە و دەستووری ئەوان بجووڵێنەوە و، بیانکەنە بەشێک لە تەشکیلات و ئەندامی خۆیان و ئەگەر ئەو چاوەڕوانییەیان دەستەبەر نەبوو، لە بەرانبەر خۆیانیان دابنێن و بە داردەستی دوژمنیان پێناسە بکەن. یان ئەوەیکە حیزبەکان هەوڵ بدەن لە نێوخۆی وڵات ڕێکخراوی بەستراوە بە خۆیان و هاوتەریب لە گەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکان درووست بکە.

لە نێو سیستەمێکی دێموکراتی و ژینگەیەکی ئازادی سیاسیدا حیزب و ڕێکخراوی مەدەنی دەتوانن تەواوکەری یەکتر بن و گەلێک پرۆژە و بەرنامە و میتینگی هاوبەش بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بەڕێوەبەرن، بەڵام بەدەر لەم حاڵەتە و لە نیزامێکی دیکتاتۆری و ژینگەیەکی داخراوی وەک ئێستای ئێراندا دەستتێوەردانی حیزبەکان لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، دەتوانێ تەواو مەترسیدار بێت و دەرفەتەکانی بەردەم پاراستنی کۆمەڵگەی مەدەنی بفەوتێنێ. لە لایەکی دیکەشەوە بەحیزبیکردن هەزینەی کارکردن دەباتە سەرێ و بەشێکی زۆر لە خەڵک کە حەزیان لە چالاکییە و حازر نین تێچووی زۆر بدەن دەترسێنێ و لە بزووتنەوە دەیانتەکێنێتەوە.

هەر لە بارەی پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و حیزبەکان و مەترسییەکانی بەحیزبیکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی. مەحموودزادە لە سێ خاڵدا بەڕوونی باس لە جۆری ئەم مەترسیانە دەکات: ١- لە ئەگەری نەمانی باڵێک لەم دوو باڵە (مەدەنی و سیاسی) باڵەکەی تر تێدا دەچێ. ٢- ئەگەر هەر دوو باڵ هەبن بەڵام پێوەندییە ئۆرگانیکەکەی نێوانیان بپچڕێ و لە خراپترین حاڵەتیشدا ئەو دوو باڵە بە دژی یەک بوەستنەوە. ٣- یەکێک لەو باسکانە بیەوێ مەنتیقی خۆی بە تەواوی بەسەر ئەوەی دیکەدا زاڵ بکا و لەنێو خۆیدا بیتوێنێتەوە.

بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حیزبی نەکرێ، پێویستە "هێڵێکی پڕڕەنگ لەنێوان حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەبێت و بۆ پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی و گەشەی سەقامگیر، حیزب نە دەبێ ڕێکخراوی مەدەنی سەر بە خۆی ساز بکات، نە دەست لە کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی وەربدات". ڕێکخراوەکانی مەدەنی بۆ ئەوەی بتوانن لە هێزی جەماوەری خەڵک کەلک وەربگرن و سەرنج و متمانەی تێکڕای خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و متمانەی گشتیی جەماوەر وەدەست بێنن، دەبێ بە تەواوەتی سەربەخۆ بن و نەبنە پاشکۆی حیزب.

لەم پێوەندییەدا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، بە ئاماژەدان بە وتارێکی حیزبەکەی کە ساڵی ١٣٥٣ لە پەرتووکی "تێکۆشەر"دا بڵاو کراوەتەوە، باس لەوە دەکات حیزبی دێموکرات هەمیشە هەوڵی ئەوە بووە دەستتێوەردانی ئەو کوڕ و کۆمەڵە فەرهەنگی و ئەدەبییانە نەکات کە لە نێوخۆ ساز دەبوون و چالاکییان دەکرد و دانی مۆرکی سیاسی لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە کارێکی نادرووست و زیانبەخش دەزانێ. لەم پێوەندییەدا ناوبراو پێی وایە "شانازی ئەوە نییە حیزب فەعالییەتی باشی خەڵکەکەی بکا بە هی خۆی، شانازی و هونەرەکە لەوەدایە فەعالییەتە باشەکەی خۆت بە هی خەڵک بزانی. چونکی گەورەترین شانازی بۆ حیزبێکی سیاسی ئەوەیە کە ئەوەی دەیکا لە خزمەتی خەڵکدا بێ. لە پاشان ئێمە ئەگەر مەسئوولانە بیر بکەینەوە، حیزبی خەڵکین، بۆخۆمان و حیزبەکەمان هی خەڵکین. حیزب بە هەموو بەربڵاوییەکەی بۆخۆی بەشێکی کەم لە خەڵکەکەیە، کەوایە بەهیچ جۆر لەگەڵ ئەوە نیم کە کاری چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوەکانیان مۆرکی سیاسییان لێ بدرێ و فەعالییەتی خەڵکی بکرێتە هی حیزبەکان".

هەر لەم بارەوە ڕەزا کەعبی دەڵێ "قەت پێمان وا نەبووە ڕێکخراوە مەدەنییەکان بکرێنە هی کۆمەڵە. بەبێ ئەوەی هیچ چاوەڕوانییەکی سازمانیمان لێیان هەبێ، زۆر جار هاوکاریشمان کردون و خۆمان بە پشتیوانیان زانیوە. ئەم ساڵانەش یەکێک لەو بزووتنەوە مەدەنییانەی کە ژینگە پارێزییە دەور و نەخشی زۆری هەبووە، ئێمە ویستوومانە هاوتەریب و هاوئاهەنگ بین لەگەڵ هەموویان. ئیمکانی نییە حیزبێک لە هەلومەرجی ئێستادا کە کۆمەڵگە گۆڕانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی بەسەردا هاتوە، بتوانێ ڕێکخراوێک بکاتە حیزبی. ئەسڵەن ئەو قۆناغە بەسەر چووە. دەورەی ئەوە تەواو بووە کە حیزب هەموو شتێک ببڕێتەوە. هێزی دیکە لە کۆمەڵگە هاتوتە ئاراوە و زۆرێک لە ڕۆڵ و نەخشەکان بە سەر هێزی دیکەی کۆمەڵگەدا دابەش بوون کە کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێک لەو هێز و باسکە نوێیانەیە".

خەباتی مەدەنی و ئەو کۆمەڵگەیەی لە ئاکامی ئەم خەباتە بنیات دەنرێ بە مەرجێک ریشەیەکی مێژوویی هەبێت و خاوەنی ڕەسانایەتی لە خاک و خەڵکی خۆی بێت، کەم وا هەیە دەستەمۆیی و دەستێوەردان و توانەوە لەنێو چوارچێوەیەکی دیکەدا قبووڵ بکات. کەوابوو "خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرگیز بە تەواوەتی بە حیزبی ناکرێت". بەڵام ئەو ڕەوتە سیاسییانەی خاوەنی بەربڵاوترین پێگەی جەماوەرین و پێوەندییەکی ئۆرگانیکیان بە کۆمەڵگەوە هەیە، مۆرکی خۆیان لە هەر ڕەوتێکی زادەی ئەو کۆمەڵگەیە دەدەن. بەو مانایە کە زیندووترین پێوەندیی ئۆرگانیکی لەگەڵ دادەمەزرێنێ و لەگەڵ خۆی هاوئاراستەی دەکات. بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەو پێگە مێژوویی و بەرفراوانە جەماوەرییەی کە هەیەتی، شکی تێدا نییە کە شوێنەواری لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و خەباتی مەدەنی داناوە و لە هێما و گوتار و سەبکی ڕەفتاردا هاوئاراستەی خۆی کردوە. حیزبەکان نابێ هەوڵ بدەن ئەو ڕێکخراوە مەدەنییەکان بکەنە حیزبی، چونکی هەم ناتوانن شتی وا بکەن و هەم ئەگەر هەوڵی بۆ بدەن کارێکی بێهوودە دەکەن. کۆمەڵگەی کوردستان گۆڕانێکی بەرینی کۆمەڵایەتی تێدا پێک هاتووە و هەرچی ئەم کۆمەڵگە پێشکەوتنخوازتر، مەدەنیتر و جەماوەریتر بێت، زیاتر بەقازانجی کۆمەڵگە دەبێت. ئەگەر حیزبێک ئەم نەتیجەیە بە زەرەری خۆی بزانێ و نەتوانێ ئەم بەرەوپێشچوونە لە بەشێک لە ئامانجەکانی خۆیدا پێناسە بکات، بێگومان لەمپەرێکی گەورەیە لە سەر ڕێگای گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی.

بۆچوونێک هەیە کە پێیوایە مەترسیی بەحیزبیکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕادەبەدەر گەورە دەکرێتەوە و خودی ئەم لەبەرانبەر یەکدا دانانەی ئەم دوو بەستێنە لە خەبات هەڕەشەیەکی گەورەترە بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی. بزووتنەوەی مەدەنی قەت بەرانبەر بە بزووتنەوەی شۆڕشگێری ڕاناوەستێ، مەگەر ئەوەیکە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە بیهەوێ خەباتی مەدەنی بێبایەخ نیشان بدات. لە پازدە ساڵی ڕابردوودا بە هۆی کۆمەڵێک لیدەر کە توانای لێکدانەوەی واقعی کۆمەڵگە و خەبات و سیاسەتیان هەیە بەشێک لە کێشەکان چارەسەر کراون. لەم پێوەندییەدا ئازاد محەممەدیانی پێی وایە: "بزووتنەوەی مەدەنی و کەلان گوتاری نەتەوەیی یا بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ئێستادا ڕکابەری یەکتر نین، بەڵام کەسانێک هەن کە ئارەزوویانە بەرەو ئەم مەسیرەی بەرن، کەسانێک کە پێیەکیان لە ڕێفۆرمخوازیی ناوەندگەرای ئێرانی دایە. ئەوانە لە قۆناغێکدا توانیبوویان ئەم بیرۆکەیە زاڵ بکەن کە ئەوەی ئێستا لە ئارادایە (جموجۆڵی مەدەنی) بەرهەمی شکستی خەباتی شاخە و بەدیلێکە بۆ ئەو کە هەڵبەت ئێستا بە هۆی ناکارامەیی ئیسڵاحات لە کزیدان". بەشێکی زۆر گەورە لە هەرایەکی هەڵخەڵەتێنەر کە لە سۆنگەی ئەم پێوەندییەوە دەنرێتەوە، لەڕاستیدا هی ئەو ڕەوتە سیاسییانە نییە کە بەڕاستی دڵسۆز و خەمخۆری سەربەخۆیی خەباتی مەدەنین، بەڵکوو هی ئەو ڕەوتە سیاسییانەیە کە لە مەیدانی ڕکەبەریەتیدا خاوەنی ئەم جێگە و پێگەیە نین کە خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن. ڕاستییەکی تاڵ لە مێژووی خەباتی هاوچەرخی کورد ئەمەیە کە زۆر جار ئەو بەربەستانەی ئەو ڕەوتە کوردییە پەراوێزییانە بۆ هەر دوو باڵەکەی خەباتی جەماوەری (مەدەنی و سیاسی) سازی دەکەن، زۆر ڕووخێنەرتر بووە لەو بەربەستانەی حاکمییەتی ناوەندی سازی کردوە.

هەر لە مەسەلەی هەڕەشەکانی سەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە کەمترین باسی لە سەر کراوە، هەڵوێست و بۆچوونی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لە دیاسپۆرایە بەرانبەر بە کار و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات. ئەوان کە زۆربەیان بە چەند دەیەیە لە کوردستان دوورن و کەمتر دەرک بە واقعی کۆمەڵگە و زەرفییەت و دەرفەتەکانی نێوخۆی وڵات دەکەن، خوێندنەوە و قەزاوەت و ڕەفتاریان بەرانبەر بە چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بە گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی، زۆر دوورە لەوەی لە نێوخۆی وڵات بوونی هەیە. جۆری ڕوانین و هەڵوێست و قەزاوەتی کوردی دیاسپۆرا لە ئێستادا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرانبەر بە جموجۆڵی مەدەنی و چالاکانی ئەم بەستێنە، دەتوانێ کەلێنێکی بەرینی کۆمەڵایەتی لە ئێستا و داهاتوو لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ساز بکات

### دەرفەتەکان

بەڕەسمیناسینی کۆمەڵگەی مەدەنی لە لایەن بزووتنەوە گەورە نەتەوەییە جەماوەرییەکەوە یەکێک لەو دەرفەتانەیە کە گەلێک دەرگا و مەجالی ئەرێنی بۆ بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردۆتەوە. ئەم بەڕەسمی ناسینە لەگەڵ خۆیدا پشتیوانی و متمانە پێبەخشینی بەدوادا هاتووە و حیزبەکان چ لە گوتار و چ بە پشتیوانیی میدیایی، دەرفەتێکیان بۆ گەشە و بەرفراوانبوونەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی خولقاندوە.


هەرووەک چۆن بوون و بەردەوامیی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا هەڕەشەیە بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی، بە "ڕووخانی ئەم ڕێژیمە لەمپەرێکی زۆر ئەساسی و قورس و بنەڕەتی لە سەر ڕێگای گەشەی خەباتی مەدەنی و سیاسی لە کوردستان هەڵدەگیردرێ".

دەرفەتێکی دیکە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیدابوونی ئینترنێت و پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە مەجالێکی بەرفراوانی بۆ چالاکانی مەدەنی، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بە گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی پێک هێناوە کە کار و چالاکییەکانیان بناسێنن، سەرنجی کۆمەڵگە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و گوشار بخەنە سەر لایەنی دەسەڵات. لە دەیەی ڕابردوو بەم لاوە، ئینترنێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆری پەرەگرتوە و بەکارهێنەری زۆر هەن. ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی بە خەڵک داوە لە ئاستێکی بەریندا و ڕاشکاوانە دژایەتیی خۆیان دژی دەسەڵات دەرببڕن. بە کەمترین تێچوو، دەسکەوتی باش وەدەست هاتووە.

بوونی سۆشیال میدیا بووەتە دەرفەتێکی زۆر جیددی و گەورە بۆ ئەوەیکە دەسەڵات نەتوانێ پرسەکان دیزە بە دەرخۆنە بکا و سەرپۆشیان لەسەر دابنێ. سۆشیال توانیویەتی ئەو دەرفەتە لە دەسەڵات بستێنێ کە بە شێوەیەکی تاک لایانە و مۆنۆلۆگی حکومەتی خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێ توانیویەتی ئەو دەرفەتە ساز بکا بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێ قسان بکا لەگەڵ یەکتر، مۆنۆلۆگ بکا بە دیالۆگ و لە بەرانبەر دەسەڵاتدا ڕاوەستێ. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەر لە لایەک ئاستی چالاکی و تەبلیغیی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چالاکانی بەرز کردۆتەوە لە لایەکی دیکەوە توانیویەتی دەستی دەسەڵات تا ڕادەیەک لە سەرکوت کەم بکاتەوە.

بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و بەرزبوونەوەی ڕەفتار و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی خەڵک بۆ ئاستی چینی مامناوەندی یەکێک لەو دەرفەتانەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێ زۆرترین کەڵکی لێ وەربگرێت. لەم پێوەندییەدا بێهزاد خۆشحاڵی بە دابەشکردنی شوناسی نەتەوەیی بە سەر سێ قۆناغی؛ "بەرگری"، "ڕەوایی" و "بە بەرنامە"، لەو باوەڕەدایە کە کۆمەڵگەی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێک کە دەتوانێ بەرەو شوناسی بە بەرنامە بڕوات و " گەورەترین دەرفەت بۆ کورد ئەوەیە کە

درێژە بۆ لاپەڕەی ١٠



# خوێن لەبری نان: کار–مەرگ، جەستەی ناسەروەر و دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات

## ڕۆژهەڵات وەک پێڕستی ڕێگاکانی گەیشتن بە مەرگ (٥–٤)

### سەرهەڵدانی کۆڵبەری

لە ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٠، هاوکات لەگەڵ چڕبوونەوەی ڕێوشوێنی بەسەربازیکردن و بەئاسایشکردنی ڕۆژهەڵات، زیادبوونی بازاڕە کاتییە سنوورییەکانی شارە سنوورییەکانی مەریوان، سەردەشت، پیرانشار، مەهاباد و بانەی بەخۆوە بینی کە دواتر بوونە ناوەندی سەرەکی کۆڵبەری. دەوڵەت ڕێگەی بە بازرگانانی ناوخۆیی دا کە کاڵا لە کوردستانی عێراقەوە هاوردە بکەن و بیگوازنەوە بۆ شارە غەیرە کوردەکان. دروستکردنی ئەم بازاڕە ناجێگیرانە بووە هۆی کەمبوونەوەی دانیشتووانی گوندەکان و هانی گوندنشینانی دا کێڵگەکانیان جێبهێڵن و بەدوای داهاتوویەکی باشتردا بگەڕێن لە شار. لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵدا، لە شاری بانە ژمارەی ناوەندە بازرگانییەکانی (لە ساڵی ٢٠٠٥) لە ٤ وە بۆ ٢٥٠ (لە ٢٠١٦) بەرز بووەوە، دەوڵەت بە پشتبەستنێکی بنچینەیی بەو بازاڕە ناجێگیرانە، ئابووری ناوخۆی زیاتر وێران کرد (بڕوانە Soleimani and Mohammadpour, 2020a, 2020b).

لەگەڵ ئەوەشدا خواستی خوێندن و چوونە قوتابخانەی لە نێو گەنجاندا کەم کردەوە کە پێشتر وەک ڕێگەیەکی بەدەستهێنانی کاری حکومی بیریان لێ دەکردەوە. وەک کۆڵبەرێکی خەڵکی بانە دەڵێت کوڕەکەم وازی لە خوێندن هێنا و پێی گوتم هەرچەندە هەوڵی ئەوە بدات هەرگیز ناتوانێت کارێک لەم سیستەمەدا بەدەستبهێنێت. سیاسەتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ هێشتنەوەی کورد لە فەزای ئابووری سنووردار‌دا لەسەردەمی ئەحمەدی نەژاددا (٢٠٠٥–٢٠١٣) وەک خۆی ماوەتەوە، کە درووشمەکەی دادپەروەری و گەشەپێدان و ڕووحانییش (٢٠١٣–٢٠٢١) بە دروشمی وریایی و هیوا دەسەڵاتی گرتە دەست.

لەم ساڵانەی دواییدا، پۆلێنە نوێیەکانی کۆڵبەری وەک ژنانی کۆڵبەر و منداڵانی کۆڵبەر دەرکەوتن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ سرووشتی تێکەڵاوی ئەم فۆرمەی ناسەقامگیری لە ڕەگەز و چین. داهێزرانی پێشوەختەی جەستە و نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک هەوکردنی جومگە و شکانی ئێسک و دیسکی مل و پشت بەتایبەتی لەنێو کۆڵبەرە مێینەکاندا باون. فاتمە ژنێکی ٦٠ ساڵە، پاش مردنی هاوسەرەکەی دەستی دایە کۆڵبەری و بەهۆی نەبوونی دەرفەتی ئابووری و پشتیوانییەوە هیچ ڕێگەیەکی دیکەی بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی نەبووە. ئەو دەڵێت هێشتا پاژنەی پێی ئاوساوە بەهۆی هەڵسوڕانیەوە ساڵی ڕابردوو لەڕێگای کۆڵبەری و بە ئەستەم بەرگەی ئازارەکەی دەگرێت. تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاوی کردەوە، لە ساڵانی ٢٠١٩–٢٠٢١ زیاتر لە دەیان منداڵی کۆڵبەر بە گوللە کوژراون یان بریندار کراون لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە. فەرهاد و ئازاد خوسرەوی (تەمەن ١٤ و ١٧ ساڵ) دوو برا کە کاری کۆڵبەرییان دەکرد، لە زستانی ٢٠١٩، دوای ئەوەی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بێسەر و شوێن بوون، بە مردوویی دۆزرانەوە. لە هاوینی ٢٠٢٠، سێ منداڵی کۆڵبەر- زانکۆ ئەحمەدی (١٦ ساڵ)، سروش ماکاری (١٧ ساڵ)، و زانست حەسەن نەژاد (١٨ ساڵ)- لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە تەقەیان لێ کرا و کوژران. ئەمین ڕەحمانی کۆڵبەرێکی دیکەی کەم تەمەن، لە هاوینی ٢٠٢١ لەلایەن هێزەکانی سنووری ئێرانەوە لە شاری سەردەشت کوژرا.

### ڕۆژهەڵات وەک پێڕستی ڕێگاکانی گەیشتن بە مەرگ

دەوڵەتی ئێران فەزا-سنوور وەک چەکێکی کۆمەڵکوژ یان تەکنۆلۆژیای مەرگ بەکاردەهێنێت کە تێیدا هەڵاواردن دەبێتە نۆرم و دەسەڵاتی سەروەربوونی هەمیشەیی خۆی لەسەر ئەو جەستانە دەتاشێت کە لە ڕووی یاساییەوە باس نەکراون و پۆلێن نەکراون و کەم کراونەتەوە. بەم مانایە، سنوور هاوشێوەی بیرۆکەی ئاگامبێنە بۆ کەمپێک کە هەندێک ژیان/جەستەی



**ئاماژە: خوێن لەبری نان: کار–مەرگ، جەستەی ناسەروەر و دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات توێژینەوەیەکی د. ئەحمەد محەممەدپوورە پێوەندیدار بە پرسێکی سیاسی، ئابووری، نەتەوەیی ڕۆژەڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەروەک لە بەشی بەرایی توێژینەوەکەدا هاتووە، ئەم نووسینە بە پشتبەستن بە ئەدەبیاتی سەروەری و توندوتیژی، بەدواداچوون بۆ پەیوەندی نێوان دۆخی ناسەقامگیریی و شوێنگیری و سیاسەتی مەرگ دەکات کە لە پراکتیکی کاری سنووربەزاندنی کورد، یان کۆڵبەریدا بەرجەستە بووە. توێژەر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەوڵەتی ئێران گوتاری سنووری ئەمنییەتی وەک چەکێک بۆ سەپاندنی دۆخی هەڵاواردنی هەمیشەیی بەسەر ڕۆژهەڵاتدا جێگیردەکات، کورد بە پێگەی مەمرە و مەژی لەڕێگەی سەپاندنی پراکتیکی ناجێگیری کاری مەرگ مەحکوم دەکات. جگە لەوەش، ئەم لێکۆڵینەوەیە سنوور وەک ئەرشیفێک دەخاتە ڕوو کە تۆمارەکانی سیاسەتی مەرگی دەوڵەت تێیدا دانراون و دەپارێزرێن و ئاشکرادەکرێن لەژیانی کۆڵبەرەکاندا. "کوردستان" بەشە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەشدا بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە و لە کۆتاییدا هەموو توێژینەوەکە بەیەکەوە لە "کوردستانمیدیا" دادەنرێت.**

تێدا بێت- بەهۆی جیاوازییە نەتەوەیی- زمانەوانییەکانەوە و وەک ئەوەی لەگەڵ چوارچێوەی حوکمڕانی گەلادا نەگونجێت- بە ئەمنی دەکرێن و هەربۆیە دەتوانرێت فڕێبدرێن و بسڕدرێنەوە.

بڵاوکردنەوەی ڕۆژانەی توندوتیژی کوشندە لەلایەن دەوڵەتەوە، ڕۆژهەڵاتی کردوە بە جیهانی مەرگ کە نەخشەی ڕێگاکانی مەرگی تێدایە، لە تەقەکردنی ڕاستەوخۆوە بۆ مین و خنکان. لە دوایین نموونەدا، سوپای دەوڵەت لە ١٨ی مانگی مەیی ٢٠٢٣دا، ٢٤٠ کۆڵبەری گەمارۆدا لەسەر سنووری تەتە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەبێ ئەوەی ئاو و خواردنیان پێ بگات. هەرچەندە تەقەی ڕاستەوخۆ زۆرترین هۆکاری ڕاپۆرتکراوی قوربانییەکانی کۆڵبەرییە (بڕوانە ڕاپۆرتەکان KHRN)، ئەشکەنجەدان و مردن لە پەناگە و ڕێگریکردن لە دانانی پرسە بۆ قوربانییەکان هەروەها بەشێکن لە ڕۆژانەی دۆخی جیاکاری لە ڕۆژهەڵات. ڕۆژی ١١ی فێورییەی ٢٠١٨ تەرمی شوانە ڕەسوڵی خەڵکی بانە کە بەشێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجە درابوو، بە دەست و قاچ بەستراوی دۆزرایەوە. لەڕووداوێکی دیکەدا، تەرمی ئەبوبەکر مەولانیای خەڵکی ماکۆ دوای ٧٠ ڕۆژ لە زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان، ڕادەستی خێزانەکەی کرایەوە. لە کاتێکدا کە پێشتر هەواڵی بێسەروشوێن بوونی ڕاگەیەندرابوو

ژمارەی کوژراوانی تەقەکردنی ڕاستەوخۆ لە کۆڵبەران زۆر زۆرە. تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٢دا زیاتر لە ٢٥٩ کۆڵبەر بە تەقەی هێزەکانی دەوڵەت کوژراون یان بریندار بوون. هێزەکانی بەناو سنوورپارێز مۆڵەتیان پێ دەدرێت بە ئارەزووی خۆیان تەقە لە کۆڵبەرەکان بکەن. بەزەحمەت ڕۆژێک تێپەڕێت بەبێ ئەوەی باس لە مردن، برینداربوون یان کەمئەندام بوونی کۆڵبەرێک نەکرێت بەهۆی تەقەی هێزەکانی دەوڵەتەوە. ئەم توندوتیژییەی دەرەوەی یاسا ڕۆژهەڵاتی کردوە بە ناوچەیەکی نیمچە جەنگ کە تێیدا ئازاردانی جەستەیی بەردەوام سەرنجراکێشترین تایبەتمەندی ژیانی ڕۆژانەیە. هەندێکجار ژمارەی ئەو کۆڵبەرانەی لەیەک ڕۆژدا دەکرێنە ئامانج دەگاتە زیاتر لە دە کەس. دەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە هەڵگرتنی ناسنامەی کۆڵبەری یان وەستان بەفەرمانی دەورییەی دەوڵەت، کۆڵبەرەکان لە تەقەکردن ڕزگار ناکات. وەک کۆڵبەرێک وتی بەڕاستی ئەوە کاری سەربازەکەیە کە ڕێگەمان پێ بدات بڕۆین یان فیشەکێک بنێت بەسەرمانەوە، ئەوان دەتوانن هەموو شتێکمان لەگەڵ بکەن. کۆڵبەرەکان زۆر جار ئەندامە گرنگەکانی جەستەیان دەکرێتە ئامانج، واتە سەر یان سنگ. بۆ نموونە، لە ٣٠ جولای ٢٠٢٠ و ٢٥ی ژوئەنی ٢٠٢٣ تەقە لە سەری وەزیر محەممەدی ١٨ ساڵ و ڤاریان شەریفی ١٩ساڵ کرا. نموونەیەکی دیکە مردنی سەجاد دالای میلان، کۆڵبەرێکی خەڵکی چاڵدورانە کە لە مەودایەکی نزیکەوە تەقە لە سنگی کرا. ئەم تەقەکردنە ئامانجدار و سیستماتیکانە، کردەی توندوتیژیی هۆشیارانە و بە مەبەستن بۆ لە مرۆڤایەتی خستن و تێکشکاندنی ڕۆحی کورد و زەلیلکردنی شوناس و کەرامەتی مرۆڤایەتییان.

کەوتنەخوارەوە لە کەندەڵانەکانەوە دووەم هۆکاری مردن و برینداربوونی کۆڵبەرانە. کۆڵبەرەکان لە کەندەڵانەکان دەکەونە خوارەوە نەک تەنها بەرێکەوت یان ئاشنا نەبوونیان بە ناوچەکە. بەڵکو زۆرێکیان لە کاتی هەڵاتن، ڕاوەدوونان یان پاڵنانی هێزەکانی دەوڵەت دەکەونە خوارەوە. بۆ نموونە، حەمید وەیسی- لە شاخێکەوە کەوتە خوارەوەو گیانی لەدەستدا لە ناوچەی نەوسود لە پارێزگای کرماشان لە ١٢ی جۆزەردانی ٢٠٢١، لەکاتی ڕاوەدونانی لەلایەن دەورییەی سنوورییەوە. ڕووداوگەلێک هەن کە کۆڵبەران بەشێوەیەکی دڕندانە لە کەندەڵانەکانەوە لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە فڕێ دەدرێنە خوارەوە. بۆ نموونە، لە ئاپریلی ٢٠١٨، محەمەد کەریم ڕەحمانی، کۆڵبەرێکی تەمەن ٤٣ ساڵی خەڵکی کامیاران، فڕیدرایە دۆڵێکەوە و کوژرا لەکاتێکدا هەوڵی دەدا ئەفسەرانی سنوور ڕازی بکات کە بارەکانی ئازاد بکەن.

بەگشتی، کۆڵبەرێکی ئاسایی بارەکەی بە تێکرا ٧٠ کیلۆ دەبێت. وەک باس کرا کێشی بارەکە بەپێی تەمەن و ڕەگەز و توانای جەستەیی دەگۆڕێت، بەڵام بێ گوێدانە ئەوە، کۆڵبەرەکان باری زۆر قورستر لە توانای خۆیان هەڵدەگرن، بەو هیوایەی کەمێک پارەی زیاتر بەدەست بهێنن تا بتوانن کیلۆ گۆشتێکی سوری زیاتر بۆ منداڵەکانیان بکڕن، وەک کۆڵبەرێک باسی دەکات. ئەم بارە زیادانە دەتوانن زیانێکی جەستەیی بەو کۆڵبەرانە بگەیەنن کە بە تەمەنن، توانای جەستەییان لاوازە یان بەدەست کێشەی تەندروستییەوە دەناڵێنن. بۆ نموونە، ئەحمەد عەزیزپوور و ڕۆستەم ڕۆستەمی لە ساڵی ٢٠١٦ و حەمزە مەولودپوور لە ساڵی ٢٠١٧ لەکاتی کۆڵبەری بەهۆی جەڵتەی دڵەوە گیانیان لەدەست داوە.

مەترسییەکانی پەیوەست بە کێشی بارەکانەوە لەکاتی هەڵاتن یان بۆسە زیاد دەبن. هەروەها گرتنەبەری ڕێگەی نەناسراو و نامۆ و سەرکێشانە لە هەوڵی ڕزگاربوون لە ئەگەری هەبوونی بۆسە، مەترسی ڕوودا و یان برینداربوون زیاد دەکات. هەروەها پەڕینەوە لە ڕووبارەکان مەترسی تایبەتیان هەیە. ئاستی ئاوی ڕووبارەکان لە ڕۆژانی باراندا لەناکاو بەرزدەبێتەوە و زۆر جار ناتوانرێت لێی بپەڕیتەوە. زۆرجار لە ناوەڕاستی ڕووبارەکەدا هێرش دەکرێتە سەر کۆڵبەرەکان؛ دوایین ڕووداوی لەو جۆرە لە ٢٠ فێورییەی ٢٠٢١دا ڕووی دا، کە تێیدا دوو کۆڵبەری کورد لەکاتی بەزاندنی سنووری ئێران – عێراقدا لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە تەقەیان لێ کرا.

لە زستاندا، بەهۆی خراپی کەش و هەواوە، هەر گەشتێک نزیکەی چوار ڕۆژ دەخایەنێت، و ڕێژەی مردن و برینداربوونی کۆڵبەران لەم وەرزە سەخت و درێژەی ڕۆژهەڵاتدا زیاد دەکات. بارینی بەفر مەودای بینین کەم دەکاتەوە، وا لە کۆڵبەران دەکات با ئاسانی بکەونە بۆسەوە و ئەگەر تەقەیان لێبکرێت کەمتر توانای دەربازبوونیان دەبێت. بۆ ئەوەی نەکەونە بۆسەوە، زۆر جار کۆڵبەرەکان ڕێگەی نائاسایی دەگرنە بەر کە مەترسی هەرەسی بەفر و مەترسی دیکەی لێدەکەوێتەوە. لە ١٨ی ژانوییەی ٢٠٢١، پێنج کۆڵبەر لە سنووری ئێران و تورکیە بوون بە ژێر هەرەسی بەفرەوە و پاش چەند ڕۆژێک گەڕان لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە بە مردووی دۆزرانەوە. لەهەندێک حاڵەتدا، کۆڵبەرەکان لە سەرمادا دەیبەستن و گیان لەدەستدەدەن. لە ٢ی فێورییەی ٢٠٢٠، ٢٣ کۆڵبەر لە چیا بەفراوییەکانی سەقز بێ سەر و شوێن بوون، دوانیان گیانیان لەدەست دا و ئەوانی دیکەش بە هەوڵی هاوبەشی خاچی سوور و خەڵکی ناوچەکە ڕزگار کران.



ئەحمەد محەممەدپوور

هەروەها ڕۆژهەڵات پڕ بووە لە میلیۆنان مینی چێندراو کە زۆربەیان لە کات و پاش شەڕی ئێران و عێراق چێندراون. ئەم مینە چێندراوانە بە درێژی ١١ کیلۆمەتر سنووری ئێران –عێراق دادەپۆشن کە بەشێکی زۆری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدایە. پاش کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق، نزیکەی پێنج هەزار هاوڵاتی کورد بەهۆی تەقینی مینەوە گیانیان لەدەست داوە. ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند کە لە مانگی ئاوریلی ٢٠٢١ تا ئاوریلی ٢٠٢٢، لانیکەم ٥٠ هاوڵاتی و کۆڵبەر لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات کوژراو و بریندار و کەمئەندام بوون. بۆ نموونە، لە ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٢٠، عەزیز ڕۆنما لە ئۆشناڤیە بەهۆی تەقینەوەی مین قاچی لەدەستدا و دواتر و پاش دوو ڕۆژ بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی لەدەستدا.٢٦ لە ڕووداوێکی دیکەدا، ڕۆژی ٥ی ژانوییەی ٢٠٢٠، کۆڵبەرێک بەناوی عەباس ئیبراهیمی لەناوچەی هەورامانات بەهۆی مینەوە قاچێکی لەدەست دا.

لە ڕۆژهەڵات هێزەکانی دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕۆتینی پێشێلی مافەکانی خەڵک دەکەن و دەستگیریان دەکەن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکەن و لێیان دەدەن. ئەمە بەتایبەتی بۆ کۆڵبەرەکان ڕاستە. دۆسییەکەی یاسین فیکری، کۆڵبەرێکی گەنجی بانە، نموونەی ئەم هەڵسوکەوتە بەربەرییەیە. فیکری لە سەربازگە بەشێوەیەکی دڕندانە لێیدرا و ڤیدیۆی گیرا و فەرماندەی سەبازگەکە ڤیدیۆکەی بڵاوکردەوە. هەروەها هێزەکانی دەوڵەت جۆرەکانی تری توندوتیژی بەکاردەهێنن، وەک ناچارکردنی کۆڵبەرەکان بە پاککردنەوە و جلشۆردن لەب نکە سەربازییەکاندا، بۆ شکاندنی کەرامەت و شانازییان. سەربازێکی کورد لە بنکەیەکی سنووری پێی وتم کە زۆربەی کارەکانی وەک پاککردنەوە، جل شۆردن، سڕین یان تەنانەت دروستکردن یان چاککردنەوەی سیاجی سەربازگەکان، بە کۆڵبەرە دەستگیرکراوەکان ئەنجامدەدرێت. ئاماژەی بەوەشکرد، کاتێک خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو پێویست بێت، هەندێک کۆڵبەر دەستگیر دەکرێن و دەهێنرێنە ئێرە بۆ ئەوەی کارەکە ئەنجام بدەن. ئەم کۆڵبەرانە سووکایەتییان پێ دەکرێت و ناوی سووک و ناشیرینیان لێ دەنرێت. ڕاپۆرتە نێوخۆییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆڵبەرەکان لەکاتی کارکردن تێهەڵدان و لێدان دەخۆن. هەروەها لە چاوپێکەوتنەکانمدا لەگەڵ کۆڵبەرەکان، باسیان لەوەکردوە کە هێزەکانی دەوڵەت زۆرجار وشەی ڕیسواکەر بەکاردەهێنن وەک گەواد و بێ شەرەف ، گاڵتەیان بە بیروباوەڕە ئایینیەکانیان و بێڕێزی کردن بە کەسایەتییە سوننیە ڕێزلێگیراوەکانیان وەک عومەر دەکرد.

هەروەها هێزەکانی دەوڵەت ئەو ئەسپ و هێسترانە دەکەنە ئامانج کە کۆڵبەرەکان هەندێک جار بۆ هەڵگرتنی کاڵاکان بەکاریان دەهێنن. سەمیرە حوسێنی (٢٠١٦)، ڕۆژنامەنووسی کورد لە نووسینێکی کورتدا بەناوی ڕاکردن بەرەو مەرگ باسی ئەم کوشتنەی ئەسپەکانی کردووە، کە نیشانیدەدات چۆن تەنانەت ئاژەڵەکانش لە توندوتیژییە بەربڵاوەکانی دەوڵەت پارێزراو نین. کاتێک وێنە و ڤیدیۆی لاشەی دەیان ئەسپ کە لەسەر سنووری ئێران و عێراق لە سۆشیال میدیا بڵاوکرایەوە، تووڕەیی ڕۆژهەڵاتیانی لێ کەوتەوە. ڕاپۆرتێک ئاماژە بەوە دەکات کە نزیکەی ٩٠ ئەسپ لە دارستانەکانی ئەمیرئابادی ئۆشناڤیە کوژراون. تەرمی ئەم ئەسپانە بەمەبەست لە سرووشت یان نزیک ناوچەکانی نیشتەجێبوون جێهێڵراون.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش




### مەستانەوێژی شەیدای چیا

### شەهید محەممەد خودامرادی



برایم چووکەڵی

هەموو دەسکەوتێکی بزووتنەوەی سیاسیی کورد و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی کوردی قەرزباری خوێنی شەهیدان و گیانبازیی ڕۆڵە پێشمەرگەکانیەتی. ئەو شەهیدانەی هەرکامیان مێژوویەکی لێوانلێو لە جوامێری، نەبەردی و نەبەزییان بۆ نەتەوەکەیان تۆمار کردوە، ئەوە ڕۆڵە خۆنەویستانەی لە شەوەزەنگی داسەپاو بەسەر کوردستاندا دڕیان بە تاریکی دا و بوونە ئەستێرەی ڕێنیشاندەر بۆ بەردەوامیی خەبات و بوون بە مانگی تریفەپڕژێن و ڕووناکاییان خستە وڵاتـەوە. بێگومان بەسەرهاتی ژیانیان و قارەمانەتیی هەرکام لەو شۆڕەسوارانە بۆ ئێمەی ڕێبواری ڕێگایان دەبێتە سەرمەشقی خەبات و تێکۆشان. بۆیە لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەماندا ناو و یادی یەک لەو هەزاران شەهیدە و یەک لەو سەدان ڕۆڵە بەوەج و خۆنەویستانە بەرز ڕادەگرین کە محەممەد خودامرادی لە مەڵبەندی سنەی خوێناوییە.

محەممەد خودامرادی کاتێک چاوی بەدنیای ڕوون کـردەوە کە نەتەوەکەی لە بەشێکی بەرچاوی نیشتمانەکەیدا هـەوای ئازادی هەڵدەمژی، واتـە لە سەردەمی زێڕین و پڕشەنگداری "کۆماری کوردستان"دا لەدایک بوو کە بۆ یەکەمین جار کورد دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستی خۆیەوە بوو. ئەو ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە ئاوایی شیان لە ناوچەی سنە چاوە گەشەکانی کردەوە. بەڵام چارەنووس وابوو لەگەڵ ژان لەدایک بێ و بە ژانەوە گەورە ببێ. خۆشی و چێژی ژیانیش بۆ ئەو ئاواتێکی گـەورە بوو کە قەت وەدی نەهات. هـەر بۆیەش نەیتوانی بچێتە قوتابخانە، کاتێکیش کە گەورەتر دەبوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خۆی ماندوو دەکرد تا بەروبووی کاری پتر بێ و بۆشاییەکی زیاتر لە ژیانی بنەماڵەکەیدا پڕ بکاتەوە.


ژیانی محەممەد خودامـرادی تا سـەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەمجۆرە تێپەڕی. جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بـەتـەواوی هەستی لاوی زەحمەتکێشی خەوشدار کردبوو. هەرچەند لە هەلومەرجێکی ئاستەمدا دەژیا، بەڵام دەیگوت: کاتێک نەتەوەکەم تێدا بچێت، دەی منیش لەنێو دەچم و ژیان بۆ من و بۆ باقی هەژارانی کوردستان مانای نیە. کاتێک ئازاد نەبم، ژیان چ مانایەکی هەیە. وابوو ئەو کاتەی پێویست بوو بۆ ئازادی گیانی ببەخشێ، خەباتی ڕاستەوخۆی دەست پێ کرد و چەکی دیفاع لە شەڕەف و کەرامەتی گەلەکەی دەست دایە و لە هێزی شەهید شەریفـزادە سازمان درا.

محەممەد کاتێک بووە پێشمەرگە کە سەختی و نەهامەتییەکانی ژیان تەنگی بە بنەماڵەکەی هەڵچنیبوو، بەڵام ئەو بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی دەیزانی ئەرکی قورستری لەسەر شانە و باش لەوە دڵنیا بوو کە بۆ کام ئامانج وبڕوا چەکی دەست داوەتێ. بۆیە خۆی بۆ خەباتێکی توندوتیژ دژی دوژمنانی گەلەکەی ئامادە کردبوو. ئەو وەک لاوێکی بە زیپکوزاکوون خۆی بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە کردبوو، و هەر لە سەرەتای ڕێگەوە وەک پێشمەرگەیەکی لێهاتوو و بەتوانا دەرکـەوت. دەستوتفەنگی دوژمـن تۆقێن بوو، ئازایەتی و لێهاتوویەکانی ئەوەندە بەرچاو بوو کە یەک بەدوای یەک مەسئوولییەتی پێ بسپێردرێ و دواجار وەک فەرماندەری لکی شەهید محەممەدی موبەسری دیاری بکرێ. ئەو فەرماندەیەکی بوێر و ئازای مەڵبەندی سنەی خوێناوی بوو، و بەشداریی دەیان شەڕی قارەمانانەی کرد. لە ئازایەتی و دەستکردنەوەدا کەموێنە بوو. هەر جارێ لە شوێنێک دەستی لە دوژمن دەوەشاند و لە چاوترووکانێکدا خۆی ون دەکرد و دیسان لە شوێنێکی دیکەی زەبرێکی لە داگیرکەران دەدایەوە.


محەممەد ئەو کارە بەنرخانەی و ئەو هەڵسوکەوتانەی سەری لە دوژمن شێواندبوو، ئەو تایبەتمەندییانە ببوونە هۆی ئەوەی وەک قارەمانێک لە ناوچەی سنە چاوی لێ بکرێ و ببێتە خۆشەویستی خەڵک و کادر و پێشمەرگەکان. ئەو بە ڕقی شۆڕگێڕانەوە هەڵی دەکوتایە سەر دوژمن بۆ ئەوەی مجالی دەستکردنەوەی پێ نەدا. لەگەڵ هاوسەنگەرانی هاودڵ و کەساتییەکی مەشرەفخۆش، لەسەرەخۆ و نەسرەوتوو بوو. ئەو لە فێرگەی بارهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی سنەدا وانەی خۆڕاگریی بە هاوسەنگەرانی دەکوتەوە و ئەوەی لە مەیدانی کردەوەدا وەک ئەزموون وەسەر یەکی خستبوو، بۆ پێشمەرگەکانی دیکەی دەگواستەوە. شەهید محەممەد خودامرادی زۆر شەڕی قارەمانانەی کرد و لە سەنگەری پێشەوەدا هاوسەنگەرانی ڕێنوێنی دەکرد. ئەو فەرماندەیەکی ڕاستگۆ، شێلگیر، ڕاست و دڵسۆزێکی ڕاستەقینەی گەلەکەی بوو.

ڕۆژی ووی سـەرمـاوەزەی ١٣٦٠ محـەممەد خـودامـرادی وەک هەمیشە بوێرانە بڕیاری دا لە نێوان جادەی سنە-کرماشان کەمینێک بۆ هێزەکانی دوژمـن دانێتەوە. ئـەوان هەڵۆئاسا، بە چاوی تیژ و وردبینییەوە کەمینیان بۆ هێزە دژیگەلییەکان دانـایـەوە و پاش ماوەیەک مانەوە لەسەر ئەو جادەیە ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزی دوژمن کەوتنە بۆسەی قارەمانانی دێموکراتەوە. شەڕێکی گەرم لەنێوان هێزی پێشمەرگە لـەلایـەک و هێزی کۆمـاری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە دەستی پێ کرد. کوڕانی دێموکرات زەبرێکی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند و ژمارەیەکی بەرچاویان لێ کوشتن و چەکوچۆڵێکی زۆریش بەدەسکەوت گیرا. بەڵام لەو عەمەلیاتەدا محەممەد خودامرادی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران و بریندار بوو، و بەداخەوە پاش ماوەیەکی زۆر بەربەرکانی لەگەڵ مەرگ لە نەخۆشخانەی گوندی تەوریوەر دڵە گەرمەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت و چووە ڕیزی کاروانی نەمرانی شەهیدانی کورد و کوردستانەوە.

# هەواڵی ساختە چەکی ستراتیژیی ڕێژیمە تۆتالیتارەکانە





ئازاد مستۆفی

ڕێژیمـە تۆتالیتارییەکان هەواڵی ساختە وەک بەشێک لـە ستراتیژی بەربڵاوتریان بـۆ پاراستـنـی دەسـەڵات و کۆنـتـرۆڵـکـردنـی تێڕوانینی گشتـیی و سـەرکـوتـکـردنـی نـاڕەزایـەتـیـیـەکـان بڵاو دەکـەنـەوە. ئـەم ڕێژیمـانـە بۆ دارشتنی چۆنیەتیی تێڕوانینی هاووڵاتیان بۆ جیهان و حکوومەتەکەیان و هێزە دژبەرەکان زۆر پشت بە دەستکاریکردنی زانیاری دەبەستن. ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان هـەواڵی ساختە وەک ئامرازێک بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیی خۆیان واتـە پاراستنی دەسـەڵات، بە هـەر نرخێک بـووێـت. بـۆ ئـەم مـەبـەسـتـە هـەوڵـدەدەن ڕەوتـی زانیاری لە کۆمەڵگەدا کۆنترۆڵ بکەن. لە سیستمە تۆتالیتارییەکاندا، هەقیقەت تەنیا ڕاستییەکی بابەتیی نییە بەڵکو شتێکە کە دەتوانرێت بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی ڕێژیم لە قاڵب بدرێت و دەستکاری بکرێت. ڕێژیم بەکۆنترۆڵکردنی چۆنیەتیی تێڕوانینی خەڵک بۆ جیهان، دڵنیای دەدات لەوەی دەسەڵاتەکەی بێ ئـەملاولا دەمێنێتەوە و ئۆپۆزسیۆن بە لاوازیی دەهێڵرێنەوە. ئەم ستراتیژە بەسەر سێ پێکهاتەی سەرەکیدا بەش کراوە:

### ١- پاراستنی دەسەڵات

ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان پشت بە هەواڵی ساختە دەبەستن بۆ بەهێزکردنی شەرعیەتی خۆیان و خۆیان وەک تاکە دەسەڵاتێک کە توانای حوکمڕانیی خەڵکیان هەیە، پێشان دەدەن. ئـەوان ڕاپۆرتگەلێ دروست دەکەن کە ستایشی سەرکەوتنەکانی ڕێژیم بێ و لە هەمانکاتدا شکستەکانی، گەندەڵی یان پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ پەردەپۆش دەکـەن و بەدروستکردنی چیرۆکێک کە بە ڕوانگەیەکی ئەرێنی پێشانیان دەدات، وەهمی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و نەدۆڕانی دروست دەکەن. هەروەها هەواڵی ساختە یارمەتی ئەم ڕێژیمانە دەدات کە وێنەیەکی ناڕاستی نەیارەکانیان وەک گـەندەڵ، نارێکخراو یان بەهاوتەریب لەگەڵ دوژمنی بیانیدا بیانناسێنن. ئەم دەستکاریکردنە خەڵک بەقەناعەت دەگەیەنێ کە هیچ بەدیلێکی بژاردەیی بۆ ڕێژیمی ئێستا نییە و کۆنترۆڵی درێژخایەن بۆ ڕێژیمی تۆتالیتەر مسۆگەر دەکات.

### ٢- کۆنترۆڵکردنی تێڕوانینی گشتیی

کۆنترۆڵی هزر و تێڕوانینی گشتی بۆ مانەوەی ڕێژیم زۆر پێویستە. حکوومەتە تۆتالیتارییەکان بەتوندی کۆنترۆڵکردنی میدیا و بڵاوکـردنـەوەی هەواڵی ساختە، واقیعێکی جێگرەوە دروست دەکەن کە هاووڵاتیان بە زانیاری هەڵە یان سەرلێشێواو لـە دۆخـی ڕاستەقینەی خۆیـان سـەرقـاڵ دەکـەن. ئەمەش بڵاوکـردنـەوەی پڕوپاگەندەیەک دەگرێتەوە کە ڕێژیم و سەرکردایەتی ناکارامەکەی شکۆمەند دەکات، ئۆپۆزسیۆن مەترسیدار و نالێهاتوو پێشان دەدات هەروەها هەڕەشەی دەرەکی یان نێوخۆیی بۆ ترساندنی بیروڕای گشتیی و پشتبەستن بە حکوومەت بۆ پشتیوانی کوێرانە، یان باشتر بڵێین قەیران دروست دەکات بۆ نموونە ڕێژیم دەتوانێ بەدۆکیۆمێنت و هەواڵە ساختەوە بانگەشەی ئەوە بکات کە زلهێزە بیانییەکان پیلانگێڕی لە دژی وڵات دەکـەن یاخود ئۆپۆزسیۆن کـردەوەی تیرۆریستی بەڕێوە دەبەن. مەبەست لەم چیرۆکانە ترساندنی خەڵکە بۆ گوێڕایەڵی و پشتیوانی کـردەوە توندوتیژەکانی حکوومەت و سەرکوتکردنی دامەزراوە مەدەنییەکان و بزووتنەوە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان. ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان بەدروستکردنی چیرۆکی ساختە، پێش بە ڕوانینی هـاووڵاتـیـان بۆ دەرەوە دەگـرن و ڕەخنەگرتنیش سنووردار دەکەن. میدیای کۆنترۆڵکراو دەبێتە تاکە سەرچاوەی هەقیقەت و تەحەدای کردەوەکانی ڕێژیم یان پرسیارکردن لەلایەن خەڵکەوە زەحمەت دەبێ.

### ٣- دووبەرەکی‌نانەوە لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا

هـەواڵـی سـاخـتـە بـەبـێ ڕەوایـیـکـردنـی دەنـگـی دژبـەران و بێدەنگکردنی ڕەخـنـەگـران، ڕۆڵێکی گـرنـگ لـە پاسیڤکردنی ئـەوان دەگـێـڕێـت. ڕژێمە تۆتالیتارییەکان لـەوە تێدەگەن کە بیرکردنەوەی سەربەخۆ و بەرخۆدانی ڕێکخراو هەڕەشەیە بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان بۆیە هەواڵی ساختە بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردەهێنن: تەحەدای چالاکوانان و نەیارانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ کە بەفریو وێنەی ئەوان خەوشدار بکەن. ڕێژیمی تۆتالیتار بە دروستکردنی چیرۆکی ساختە، ئۆپۆیزسیۆنی ڕاستەقینە بەتێوەگلان لە کارە نایاساییەکان یان هاوکاری لەگەڵ دوژمنە دەرەکییەکان تۆمەتبار دەکات، ئەمەش دواجار دەبێتە هـۆی ئـەوەی کـە پاڵپشتی گشتیی لەنێو لایەنگران و نەیارانی سیاسەتەکانی حکوومەتی کـەم ببێتەوە. ئامانجێکی دیکـەی هـەواڵـی سـاخـتـە، دروستکردنی دووبەرەکییە لە نێوان ئۆپۆزسیۆندا.

دەسـەڵاتـی تۆتالیتار بە بڵاوکـردنـەوەی زانیاریی ناڕاست دەربـارەی ئۆپۆزیسیۆن، سەرلێشێواوی و بێ‌متمانەیی لەنێو ئەو کەسانەدا دروست دەکات کە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات دەدەن و بێگومان ڕێگری لە بەشداریکردنی بەربڵاوی دەربڕینی ناڕەزایەتی دەگرێت. کاتێک ڕێژیمی تۆتالیتار توانی لە ڕێگەی زانیاری ناڕاست و هەواڵی ساختەوە خەڵک بخەڵەتێنێت کە نەیاران تاوانباری توندوتیژن یان بریکاری دەرەکین، ئـەوە خەڵک کەمتر پشتیوانی ئۆپۆزیسیۆن دەکـەن و ناچنە نێو دۆزی ئەوانەوە. لەبنەڕەتدا ئەم ڕژێمانە بـەکۆنـتـرۆڵـکـردنـی ڕاپـۆرت و فـۆرمـپـێـدان بـەدرکـی هاووڵاتیان لە گرووپگەلی جیاواز، پێشگیری دەکەن لە بەرخۆدانێکی ڕێکخراو و بەمجۆرە تەمەنی درێژخانەتی خۆیان گەرەنتی دەکەن. ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان هەواڵی ساختە نەک تەنها وەک تاکتیک، بەڵکو وەک چەکێکی ستراتیژی بەکاردەهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی چۆنیەتی بیرکردنەوەی خەڵک و هەستکردن بە حکوومەتەکەیان و سەیرکردنی جیهانی دەوروبەریان. بە دەستکاریکردنی زانیاری، کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر دەسەڵاتدا دەپارێزن و ژینگەیەکی پڕ لە سەرلێشێواوی و ترس دروست دەکەن و بەشێوەیەکی سیستماتیک ئۆپۆزسیۆن سەرکوت دەکەن.

چـەنـد هـۆکـارێـکـی سـەرەکـی هـەیـە کـە ڕژێـمـە تۆتالیتارییەکان بۆ پەنا بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە دەبەن:

### کۆنترۆڵکردنی زانیاری

ڕێژێمە تۆتالیتارییەکان هەوڵی قۆرخکردنی زانیاریی لـە کۆمەڵگەدا دەدەن. بەکۆنترۆڵکردنی ڕاپـۆرت و بەسەرهات لە ڕێگەی هەواڵی ساختەوە، دەتوانن ڕێگری لە متمانەی میدیای سەربەخۆ یان ئۆپۆزسیۆن بگرن. واتە ڕژیم دەبێتە تاکە سەرچاوەی "ڕاستی" و گەرەنتی ئەوە دەکات کە وەشانی ڕووداوەکانی تاکە وەشانە کە دەگاتە جەماوەر.

### ڕیکلام و شەرعیەتدان

هەواڵی ساختە وەک پڕوپاگەندە بۆ دروستکردنی وێنەیەکی شیاو و پڕشکۆ لە حکوومەت بەکاردەهێنرێت و زۆرجار حکوومەت وەک کەسێکی بەهێز، خێرخواز یان بێ هەڵە وێنا دەکرێت. ڕژێمەکان ڕاپۆرتگەلێ پێشان دەدەن کە زیادەڕۆیی لە دەستکەوتەکانیان دەکەن و ڕاپۆرتی شکستەکان سەرکوت دەکەن و کەسایەتییە ئۆپۆزسیۆنەکان بەدناو دەکەن و حکوومەت دەکاتە تاکە دەسەڵاتی شەرعی کە توانای سەرکردایەتیکردنی وڵاتی هەبێت. بۆ نموونە ڕژێمێک دەتوانێت بەدرۆ بانگەشەی ئەوە بکات کە گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان پەیوەستن بە زلهێزە دەرەکییەکانەوە یان خەریکی تێرۆریزمن بۆ ئەوەی ڕەوا بە ڕێوشوێنە سەرکوتگەرییەکان و تێکدانی ڕەوایەتی ئۆپۆزسیۆن بدەن.

### سەرکوتکردنی نەیاران

ڕێژیمە تۆتالیتێرەکان بە بڵاوکـردنـەوەی زانیاریی ناڕاست سەبارەت بە ئۆپۆزسیۆن، ناڕەزایەتییەکان، یان کەسایەتییە سیاسییەکان؛ ئامانجیان بێ ئێعتبارکردنی ڕەخنـەگـرانـی خـۆیـانـە. هـەواڵـی سـاخـتـە نـەیـاران بە تاوانبار، خیانەتکار، یان بریکاری حکوومەتە بیانییەکان ناوزەد دەکات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە چوونە ڕیزی ئۆپۆزسیۆن دابەزێت و ڕێگری لەخێراتربوونی جووڵانەوەیەکی دژی دەسـەڵات بگیرێت. لە هەندێک حاڵەتدا ڕژیم بەدرۆ داستان و ڕاپۆرت بۆ شکست یان هەڵوەشاندنەوەی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان دادەڕێژێ و مەبەستی ئەوەیە ئەو وەهمە دروست بکات کە بەرخۆدان بێهودەیە و تـرس و دڵـەڕاوکـێ لـە نێو هاووڵاتیاندا بێنێتەدی و ئیرادەیان دابەزێنێت.

### دروستکردنی ئاژاوەی زانیاری

تاکتیکی سەرەکی ڕێژێمە تۆتالیتارییەکان بریتییە لە پڕکردنەوەی کەشی زانیاری بە زانیاری دژبەیەک یان چەواشەکارانە. ئەمەش دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و زەحمەتە مرۆڤ سەر لە ڕاستی دەربکات. کاتێک هەواڵی ساختە بڵاودەبێتەوە، هاووڵاتیان دڵنیا نین کە متمانەیان بە کام سەرچاوە هەبێت، ئەمەش توانای ڕێکخستن یان تـەحـەدای کاریگەرانەی ڕژێم لاواز دەکات. ئەم "ئاژاوەگێڕییەی زانیاری" یارمەتیدەرە بۆ ناسەقامگیرکردنی هاووڵاتیان و ناسەقامگیرکردنی بزووتنەوەکانی ئۆپۆزسیۆنیش.

### ساختەکردنی هەڕەشە یاخود دروستکردنی دوژمن

زۆرجار ڕێژێمە تۆتالیتارییەکان بۆ دڵەڕاوکێ‌خستنە نێودڵی هاووڵاتیان باسی هەڕەشەی دەرەکی یاخود ئـەگـەری شـەڕێ بۆ لـەدەستدانی بەشێک لەخاکی نیشتمان دێننە ئاراوە. ئەم بابەتە یارمەتی ڕژێم دەدات بۆ یەکخستنی دانیشتووان لە ژێر دۆزی هاوبەشدا کە بـەزۆری پێویستی بە ڕێوشوێنی تاکڕەوانە لە پێناو "ئاسایشی نەتەوەیی"دا هەیە. لەڕاستیدا لە ڕێژێمە توتالیتارییەکان شتێک بەناوی ئاسایشی نەتەوەیی بوونی نییە و ئەوەی هەیە دابینکردنی ئاسایشە بۆ سـەرکوتگـەران. بۆ نموونە ڕەنگە هـەواڵی ساختە بانگەشەی ئـەوە بکات کە دوژمنی دەرەکـی یاخود دەرەوەی سنوور، پیلانگێڕی بۆ تێکدانی سەقامگیری وڵات دەکەن، پاساو بۆ کردەوەی سەربازی، سانسۆر، یان چاودێریکردنی جەماوەری دەهێنن. ئەم تاکتیکە سەرنجی خەڵک لە پرسە ناوخۆییەکانی وەکو گەندەڵی یان پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لا دەبات و لەبری ئەوە، هەستی ناسیۆنالیزم و گوێڕایەڵی دەسـەڵات لای هاووڵاتیان بەهێزتر دەکات.

لـە ڕەوتـی بـزووتـنـەوەی ژیـنـادا دیتمان کاتێ خۆپێشاندەران لە ئێران پشتیوانییان لە ڕووداوەکانی کوردستان دەکـرد و دروشـمـی پشتگیریان دەدا، ڕێژیمی ئێران کە زانـی ئـەو کوردستانفۆبیایەی بانگەشەی بۆ دەکرد بووەتە بڵقی سەرئاو، ئیتر هێرشی کردە سەر بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنە کوردییەکانی دیکە و بەلارێدابردنی بیروڕای گشتیی، هەروەها لەدەرەوەی ئێرانیش ڕەزا پەهلەوی بەهێنانەئارای باسی یەکپارچەیی خاک؛ بوونەهۆی سەرکوتی توند و خوێناوی شۆڕشی بەربڵاوی ژن، ژیان، ئازادی.

### پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتی سەرکوتگەرانە

هەواڵی ساختە بیانووی یاسایی توند و چاودێری یان توندوتیژیی دژ بە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. بۆ نموونە، ڕێژیم زانـیـاری ناڕاست سـەبـارەت بە هەڕەشەیەکی تیرۆریستی نزیک یان نائارامی مەدەنی بڵاو دەکاتەوە بۆ ئـەوەی پاساو بۆ سەرکوتکردنی ئـازادیـیـە مـەدەنـیـیـەکـان بـهـێـنـێـتـەوە. حـکـوومـەت بـەدروسـتـکـردنـی قـەیـران یـان زیـادەڕۆیـکـردن لە هەڕەشە، دەتوانێت سیاسەتی تاکڕەوانە بەبیانووی پاراستنی سەقامگیریی گشتی جێبەجێ بکات.

### لاوازبوونی نۆرمەکانی دێموکراسی

ڕێژێمە تۆتالیتارییەکان بنەما دێموکراسیەکان وەک ئازادیی قسەکردن، هەڵبژاردنی دادپـەروەرانـە و ڕۆژنـامـەگـەری سـەربـەخـۆ، وەک هەڕەشەیەکی وجوودی سەیر دەکەن. هەواڵی ساختە بۆ تێکدانی ئەم نۆرمانە بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ناڕاست سەبارەت بە ساختەکاری لەهەڵبژاردن، گەندەڵی لەدامەزراوە دێموکراسیەکان، یان شکستی دێموکراسی لە وڵاتانی دراوسـێ بەکار دەهێنرێت. دەسەڵاتی تۆتالیتەر ئەو بڕوایە دروست دەکات کە دیموکراسی ناسەقامگیر و گەندەڵە و بەمشێوەیە دەیـەوێ خەمساردی یان پشتیوانی لە ڕێبازی پاوانخوازانەی ڕێژیم بەهێزتر بکات.

### دروستکردنی ترس و گوێڕایەڵی

ترس ئامرازێکی بەهێزە بۆ کۆنترۆڵکردنی هاووڵاتیان و زۆرجار هەواڵی ساختە بۆ هێنانەئارای دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە نائەمنی بەکاردەهێنرێت. ڕێژێمەکان بە پەرەپێدانی هەواڵ و ڕاپۆرتی تاوانەگشتییەکان، ئاژاوە، یان هەڕەشە (ڕووداوی ڕاستەقینە یاخود هەڵبەستراو)، دەتوانن خەڵک بێدەنگ بکەن بۆ ئەوەی لە بەرانبەر بەڵێنی سەقامگیریی و ئاسایشدا؛ سنووردارکردنی زیاتری ئازادییەکانیان قبووڵ بکەن.

درێژەی لاپەڕەی ١٠

کوردستان
• ژمارە: ٨٨١
٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠٣ _ ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤

# پرسی نەتەوەبوونی کورد

ئایا دەتوانین بڵێین کورد نەتەوەیە؟ ئایا دەکرێ کورد بە کەمایەتیی نەتەوایەتی دابندرێت؟ با لە نیزیکەوە لەم دوو پرسیار ورد ببینەوە.

زۆر جار لە (نەتەوە) مانایەکی ڕاست و دروست لێک نەدراوەتەوە، بەڵام زانستی نوێ سنوورێکی ڕاست بۆ نێوەڕۆکی ئەم مانایە دەداتە دەست. نەتەوە خەڵکێکە کە لە ڕەوتی مێژوودا پەیدا بووە و سەقامگیر بووە. کۆمەڵە خەڵکێک تەنیا پاش قۆناغێکی دیاریکراوی پێگەیشتن دەبێتە نەتەوە. ڕاستییەکەشی ئەوەیە بناخەی نەتەوەکانی سەردەمی ئێمە بە گەشەکردنی سەرمایەوە بەندە و ئەو نەتەوانە لەگەڵ گەشەکردنی سەرمایەداریدا سەقامگیر دەبن. دیارە ڕیشەی پێگەیشتنی ئەو نەتەوانە بۆ سەر شێوەکانی پێشووی کۆمەڵ لە قۆناغی کویلەتی و قۆناخی دەرەبەگایەتیدا دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک بە نەتەوە دابنرێ، هێندێک شەرتی دیکە پێویستن کە لە هەموویان گرنگتر زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و ژیانی ئابووریی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەشە کە لە ژیانی فەرهەنگیی نەتەوەدا خۆی دەنوێنێ.

باسی ئەوەمان کرد کە کورد کۆمەڵەخەڵکێکی خاوەن مێژوویە و لە سەدەی حەوتەمی پێش زایینەوە بەو ناوە ناسراوە، ئێستا بزانین ئەو سروشتە تایبەتییانە چین کە کورد دەکەنە نەتەوەیەکی سەربەخۆ"؟

وەک لە پێشەوە گوتمان زمانی کوردی زمانی هاوبەشی هەموو کوردەکانە و بوونی جیاوازییەکی کەم لە نێوان شێوەکانیدا هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ، چونکە شێوەی جۆراوجۆر تەنانەت لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانیشدا ماوە. دیارە ئەوە کە تا ئێستا زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو بۆ کورد پێک نەهاتوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. بەڵام ئەمە هۆی ئەوە نییە کە گۆیا زمانی کوردی هێشتا ئەوەندە پێش نەکەوتوە و لەبەر ئەوەش نییە کە گۆیا وەک هێندێک دەڵێن شێوەیەکی زمانی فارسییە. چونکە هیچ ڕۆژهەڵاتناسێکی بەناوبانگ لەوە دا گومانی نیە کە زمانی کوردی بەڕادەی پێویست پێش کەوتوە. یەکەم کتێبی ڕێزمانی کوردی ساڵی ١٦٨٧دەرچووە. کەوابوو. نەبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو پێش هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە نووسینێکی یەکگرتوومان نەبووە. هەروەک لەوە پێش گوتمان کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی و ڕووسی دەنووسرێ و هۆیەکەشی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لە نێوان چەند وڵاتدا دابەش کراوە و لە زۆربەی ئەو وڵاتانە دا خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغە بووە. کەوابوو، لە باری مێژووییەوە لانی کەمی وەخت و دەرەتان پێویستە بۆ ئەوەی نووسینێکی یەکگرتوو و زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی پێک بێ. بەم جۆرە نەتیجە وەردەگرین کە نەتەوەی کورد زمانی هاوبەشی هەیە کە یەکێکە لەو سروشتانەی هەموو نەتەوەیەک لێک جیا دەکەنەوە.

هیچ کەس گومانی لەوەدا نیە کە کورد خاکی هاوبەشی هەیە، چونکە لە ڕۆژگارێکی یەکجار کۆنەوە کوردستان بە خاکی کورد ناسراوە کە هەزاران ساڵە لە کەژ و کێو و پێدەشتەکانیدا دەژی. لەتلەتبوونی کوردستان بە هۆی سنوورە سیاسییەکانیش لە نێو چەند وڵاتاندا هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ.

لەباری ژیانی ئابووریی هاوبەشەوە وەک ئەوەی لە وڵاتێکی وەک فەرانسە یا ئیتالیا هەیە، نابینرێ. لەو بارەوە تەنانەت لە نێوان کورد و تورکیشدا جیاوازی هەیە، چونکە تورکەکان لەوبارەوە لە کورد زیاتر پێشکەوتوون، هۆی ئەوەش کزیی گەشەکردنی سەرمایەدارییە لە کوردستاندا و هۆیەکی تریش ئەوەیە کە کوردستان لەتلەت کراوە و بەکردەوە هێندێک بەش لە بەشەکانی دیکە جیا بوونەوە، هەروەک لە نێوخۆی هەرکام لەو وڵاتانەشدا کوردستان دابەش کراوە، دیارە هەموو ئەوانە دەبنە کۆسپی پێکهاتنی ژیانێکی ئابووریی هاوبەش، بۆ نموونە کوردستانی ئێران کراوەتە سێ بەش: بەشی شیمال کە بەڕەسمی بە (ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) ناو دەبرێ، بەشی نێوەڕاست کە بەڕەسمی پێی دەڵێن (ئوستانی کوردستان) و بەشی جنووبی کە بەڕەسمی بە (ئۆستانی کرماشان) دەناسرێ. ئەودەم تەنانەت تاقە ڕێگایەکی باشیش نیە کە بەشەکانی کوردستان بەیەکەوە گرێ بدا و زستانان لە نێوان سەقز و سنەدا هاتوچۆ نامێنێ، کە ئەمەش مانای ئەوەیە بەشی جنووبیی کوردستانی ئێران بەتەواوی لە بەشی شیمالی دادەبڕێ.




سەرەڕای هەمووی ئەوانەش، پێشکەوتنی پێوەندییەکانی سەرمایەداری و ئەو جیاوازییەی لە نێوان گوندنشینەکاندا پەیدا بووە و پێگەیشتنی شارەکان و بەربڵاوبوونی بازرگانی و هاتوچۆ هەموویان دەبنە هۆی سەقامگیربوونی نەتەوەی کورد.

ئەمە وا دەگەیەنی کە ئەگەر ناتوانین بڵێین ژیانی ئابووریی یەکگرتووی تەواو لە کوردستان دا هەیە. ناشتوانین بڵێین ژیانی ئابووریی هاوبەش نیە. ئێمە لەمەوبەر گوتمان کە بەپێچەوانەی ئەو سنوورە دەسکردانە، کوردەکان پێوەندییەکی ئابووریی بەربڵاویان پێکەوە هەیە، وەک کوردی ئێران و عێراق، بێجگە لەوانەش یەکیەتیی ژیانی ئابووری شتێکی نیسبییە و نەتەوکانی دەوروبەری کوردیش (وەک فارس، تورک و عەرەب و ئازەربایجانی) هەر وەک کوردن. ئەوانیش لە هێندێک جێگا یەکیەتیی ئابووری‌یان بە هێزە و لە هێندێکی تر لاوازە. یەکیەتیی ئابووریی نەتەوەکانی قەفقازیش ناتەواو بوو، و هی نەتەوەکانی ئاسیای نێوەڕاست لە ڕووسی هەر شوێنەواری نەبوو، کەچی ئەوە نەبوو بە کۆسپ بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا بین بە نەتەوەی سۆسیالیستیی سەربەخۆ.

خوو و ڕەوشتی هاوبەشی کوردەکان بەگشتی شتێکی سەلمێندراوە، هەموو ڕۆژهەڵاتناسەکان و ئەو کەسانەی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کورد تەرخان کردوە، لەوەدا یەکدەنگن کە کورد لە هەموو نەتەوەکانی دەوروپشتی خۆی جیایە و کوردەکان فەرهەنگی خۆیان پاراستوە و لەنێو هیچ کۆمەڵێکی ڕەگەزی و زمانیی دیکەدا نەتواونەوە. خەباتی بەردرێژی کورد لە پێناوی پاراستنی بوونی نەتەوایەتیی خۆیدا هەمیشە بۆتە هۆی جێگیربوونی خوو و ڕەوشتی هاوبەش و فەرهەنگی نەتەوایەتیی کورد. پێویستە بگوترێ کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بە تایبەتی لەسەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان دا هەستی نەتەوایەتی لە نێو کورد دا زۆر بەهێز بووە.

بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتیی کورد هەروا درێژەی هەبووە و لە پاش شۆڕشی ژووئیەی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق زیاتر بەهێز بووە. ئێستا لە کوردستانی عێراق چەند ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەردەچن. لە ئێران و عێراق چەند ئێزگەی ڕادیۆ بە کوردی کراونەتەوە کە هەر چەند ئێزگەکانی ئێران بەرنامە بە قازانجی گەلی کورد بڵاو ناکەنەوە بەڵام ئێستاش تاڕادەیەک یارمەتیی گەشەکردنی زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردی واتە ئەدەب و مۆسیقا دەکەن. ئەوەش گرنگە کە بگوترێ سەقامگیربوونی ئەو نەتەوانە کە لەباری ئابوورییەوە، دواکەوتوون پێوەندییەکی زۆری بە خەباتی دژی ئیمپریالیستییەوە هەیە و نەتەوەی کوردیش لە کارەساتی خەباتی دژی ئیمپریالیستی و زۆرداریی نەتەوایەتیدا کە لەلایەن حکوومەتە مەرکەزییەکانی تورکیا و ئێرانەوە تووشی بووە، ڕیشە دادەکوتی.

هاوبەشیی ئایینیش یەکێک لەو هۆیانە بووە کە پێگەیشتنی نەتەوەی کوردی وەدوا خستوە. چونکە ئیسلام وەک ئایینی هاوبەشی گەلانی موسوڵمان کراوەتە پەردەیەک بۆ داپۆشینی زوڵموزۆریی نەتەوایەتیی خەلیفەکانی بەغدا و پاشان سوڵتانەکانی عوسمانی کە ئەوانیش نەخشی خەلیفەیان یاری کردوە

بۆ نموونە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کوردەکان دەرفەتێکی باشیان بۆ ڕێ کەوت کە لەپێناوی مافی نەتەوایەتی و مافی چارەنووسدا خەبات بکەن. بەڵام بە ناوی غەزاوە فریویان دان و زوڵم و زۆری نەتەوایەتیی تورکەکانیان بۆ ماوەیەک لە بیر بردنەوە.

ئەوە ڕاستە کە ئایین یەکێک لە دیاردەکانی نەتەوە نیە، بەڵام دەتوانین تەئسیری ئایین لەسەر سەقامگیربوونی نەتەوایەتیی کورد لەو نموونەیەی خوارەوەدا تەماشا بکەین! لەگەڵ ئەوەی ناوچەی کرماشان لە باری ئابووری و کۆمەڵاتییەوە زیاتر پێش کەوتوە، جووڵانەوەی نەتەوایەتی لە مەهاباد بەهێزترە، چونکە کوردەکانی مەهاباد سوننین و کوردی کرماشان وەک فارسەکان شیعەن. جیاوازیی مەزهەب لە مەهاباد دەبێتە هۆی ئەوە کە زوڵم زۆری نەتەوایەتی لە مەهاباد ئاشکراتر خۆی بنوێنێ و ئەوەش هەستی بەرهەڵستیی کوردەکان زیاد دەکا و لە ئەنجام دا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی.

دیارە دابەشبوونی کوردستان لە نێوان چەند وڵاتیش دا کۆسپێکی دیکەی ڕێگای سەقامگیربوونی نەتەوایەتیی کوردە و پێویستە ئەو هۆیەش بەکەم نەگرین کە تا ئێستاش ڕۆڵی خۆی لەو بارەیەوە یاری دەکا.

هۆیەکی نالەباری تریش پێوەندیی عەشیرەتگەری و دەربەگایەتییە کە تا ئێستاش لە گوڕێدا ماوە، بەڵام ئەو پێوەندییانە بەرەبەرە لە ئەنجامی گەشەکردنی بازاری نێوخۆیی و پەیدابوونی پێوەندی‌یەکانی سەرمایەداری لە لادێی کوردستاندا بێ بایەخ دەبن. لەوەڕا نەتیجە وەردەگرین کە جێگیربوونی نەتەوایەتیی کورد لە هەلومەرجی ئێستادا مومکین نیە، بەڵام ئەوە بەهیچ جۆر

بەو مانایە نیە کە بتوانین حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد بکەین کە ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە دەکا و سەقامگیر دەبێ.

کە وابوو، هیچ شەرتێکی پێویستی نەتەوەبوون نیە لە نەتەوەی کورددا نەبێ، بۆیە دەتوانین هەروەک باسی نەتەوەکانی تر دەکەین باسی نەتەوەی کوردیش بکەین، چونکە سێ هۆی گرنگ و بنەڕەتیی بوونی نەتەوە کە بریتیین لە: زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەش بە تەواوی لە کورددا هەن و ژیانی ئابووریی هاوبەشیش زۆر وەخت بە شەرتێکی گرنگی نەتەوە دانانرێ، کە واتە دەتوانین کوردیش وەک یەکێک لە نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنێین کە ئێستا بە قوناخی پێگەیشتنی نەتەوایەتی دا تێدەپەڕێ

***

نووسینی: د. عەبدولڕەحمان قاسموو
سەرچاوە: "کوردستان و کورد"

## وێستگە

# گەڵاڵە گەڵاڵە شکست


ئاسۆ مینبەری

کۆماری ئیسلامی لە کاتی هاتنەسەرکاریەوە هەتا ئەمڕۆ، ئەوەندەی جەخت لەسەر پرسی حیجابی زۆرەملێ کردووەتەوە و پارەی بۆ بەرەپێشبردنی گەڵاڵەی جۆراوجۆری پێوەندیدار بەم بابەتە لە گیرفانی خودی خەڵک و لە سامانی گشتیی وڵات خەرج کردوە، دەیتوانی سەدان پرۆژەی جیاواز بۆ پێگەیاندنی ژنان و گەشەی کۆمەڵگە بەڕێوە ببات. بەڵام چەقبەستووبوونی ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیهی و پێناسەی ژنان وەک کۆیلە لە چوارچێوەی ئەم ئیدئۆلۆژییەدا قەت نەیهێشتوە کە کۆمەڵگە بە گشتی و ژنان بەتایبەتی، کەاک لە هیچ چەشنە دەرفەتێک وەربگرن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دۆخیان خراپتر بووە.

هەرچەند کە پێداگریی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە دەستی پێ کرد، بەڵام گەڵاڵە جیاوازەکانی پێوەندیدار بەم پرسە مێژوویەکی زۆر دوور و درێژیان نییە. گەڵاڵەی گەشەدان بە پرسی حیجاب و عیفاف یەکەم جار لە ساڵی ١٣٨٢دا و لە سەردەمی سەرۆککۆماریی خاتەمیدا لەلایەن شۆرای باڵای ئینقلابی فەرهەنگیی ئێرانەوە پەسەند کرا و لە ساڵی ١٣٨٤ەوە چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و هەتا ئەمڕۆ و لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی پزشکییاندا، بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم پرسە هەر لە ڕۆژەڤدایە.

هەرچەند تێچووی ماددی بۆ جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵانە لەم ساڵانەدا بۆ ڕێژیم زۆر بووە بەڵام بە کوژرانی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد و بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێ، تێچووی ئەم گەڵاڵانە لە بواری مەعنەویشەوە بۆ ڕێژیم زیاتر بووە، تا جێگایەک کە پرسی حیجاب بوو بە یەکەم فاکتەری دەسپێکی شۆڕشێکی نوێ کە ئێران و کوردستانی گرتەوە و تەواویەتی ڕێژیمی کردە ئامانج. هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە بزووتنەوەی سەرتاسەریی ژینا، لە پرسێکی وەکوو حیجابدا بچووک بکرێتەوە، چونکە بە بەردەوامی باس کراوە کە لانیکەم دۆخی کوردستان لە ئاخێزگەی ئەم بزووتنەوەیە بوو زۆر جیاوازە و کۆمەڵێک فاکتەری دیکە، لە سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیەدا کاریگەر بوون، بەڵام بەم حاڵەشەوە کوژرانی ژینا لەسەر پرسی حیجاب بوو کە ستارتی بزووتنەوەکەی لێ دا.

لە دوای شەهیدبوونی ژیناوە، ڕێژیم ماوەیەک بە مەبەستی هێورکردنەوەی دۆخکە تەنانەت باسی لە ڕاگرتنی هێزەکانی گەشتی ئێرشادیش کرد، بەڵام بەپێی ماهییەتی خۆی نەیتوانی و نەیویست ئەم ڕاگرتنە درێژە بکێشی و جارێکی دیکە و ئەمجارە لە قاڵبی حیجاببان یان شتی دیکەی لەم چەشنەدا هێزی سەرکوتی ڕەوانەی شەقامەکان کرد. لەم دواییانەشدا جارێکی دیکە بە هێنانەئارای گەڵاڵەی نوور هەوڵی کۆنترۆڵی لانیکەم نیوەی حەشیمەتی کۆمەڵگە واتە ژنانی دا. هەر لەم پێوەندییەدا گەڵاڵە یاسای "پشتیوانی لە بنەماڵە بە سەرنجدان بە پەرەدان بە فەرهەنگی عیفاف و حیجاب" و ناسراو بە "حیجاب و عیفاف" لە ٢٧ی خەرمانانی ئەمساڵدا و لە بەرەبەری دووهەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و دەسپێکی بزووتنەوەی ژینا، لەلایەن شوڕای نیگەهبانەوە پەسەند کرا و بڕیار وا بوو لە دەوڵەتی پزشکیاندا جێبەجێ بکرێت.

ئەم یاسایە ژمارەیەک سزای بۆ جێبەجێکردنی حیجابی زۆرەملێ هێناوەتە گۆڕێ کە بە دیاریکراوی لە ڕووی ڕەگەزییەوە دیاری کراون و بەم پێیە کۆمەڵێک سزا دیاری کراون کە پێبژاردنی نەختی و بەندکرانی درێژماوە، سنووردارکردنی سەفەر و هاتوچۆ و دەرفەتی کار و پەروەردەش لەخۆ دەگرێ. ئەم گەڵاڵەیە لە ٧١ بڕگە پێکهاتووە و دەستی وەزارەتی ئیتلاعات، سپای پاسداران، پۆلیس و هێزی بەناو دادوەری بۆ سزادانی ژنان ئاوەڵا دەکات. بەپێی ئەم یاسایە ئەو کاروبار و ناوەندانەش کە سەرپێچی لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە بکەن، هەڕەشەیان لێ دەکرێ یان دادەخرێن. هەروەها ئەم یاسایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە جیا لە بەهێزکردنەوەی گەشتی ئێرشاد، حیجاببانەکان و گەڵاڵەی نوور، گوشارەکان لەلایەن پیاوان و کۆمەڵگەی پیاوسالارەوە پەرە پێ دەدەن.

لەم چوارچێوەیەدا هەر کەس لە شوێنە گشتییەکاندا بەبێ پۆششی ئیسلامی ببینرێت، لە ٢ هەتا ٥٠ میلیۆن تمەن سزای نەختی دەدرێت و ئەگەر تاوانی بە ناو بەدحیجابی دووپات بکرێتەوە سزایەکی هەتا ١٥٠ میلیۆن تمەن، قەدەغەی چوونەدەرەوە هەتا دوو ساڵ، بێبەریکران لە چالاکیی ئۆنلاین هەتا دوو ساڵ و پێنج ساڵ بەندکران بەسەر کەسەکەدا دەسەپێت. لەلایەکی تریشەوە و دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، سپای سمنان باسی لە جێبەجێکردنی گەڵاڵەیەکی تر لەژێر ناوی گەڵاڵەی "تەراوەت" لە پێوەندی لەگەڵ سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ کرد.

فەرماندەی سپای سمنان لە کۆبوونەوەیەکی شوڕای فەرهەنگیی پارێزگاکەدا لەمبارەوە ڕایگەیاندوە کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵەیە کەڵک لە توانای دەزگای جێبەجێکار و کۆمەڵی خەڵک وەردەگرن. مەنسوور شەوقانی، هیچ ئاماژەیەکی بە وردەکارییەکانی ئەم گەڵاڵەیە نەکردووە و تەنیا ڕایگەیاندووە کە بەم زووانە و لە ڕاستای پەرەدان بە فەرهەنگی عیفاف و حیجاب ئەم گەڵاڵەیە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم لە جێگیرکردن و بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە گەڵاڵانە لەلایەک تۆڵەکردنەوە لە ژنان و کچانی چالاک لە بزووتنەوەی ژینا و لەلایەکی ترەوە سەرکوتی بەردەوامی کۆمەڵگەیە و دەیەوێ خەڵک بە خەڵک سەرکوت بکات. بەڵام خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە هیچ یەک لەم گەڵاڵانە تاکوو ئێستا نەیانتوانیوە وەکوو ڕێگاچارەیەک بۆ کۆماری ئیسلامی، کارایيان هەبێت و سەرکەتوو بن.

سەرکەوتوونەبوونی ئەم گەڵاڵانە ڕێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئاستی تێگەیشتن و خوێندەواری لە کۆمەڵگەدا بەرز بووەتەوە و پێوەرکانی ژیانی ئازاد وایان کردوە کە تاکەکان ئیزن بە دەسەڵات نەدەن کە سنوور بۆ ئازادییە تاکەکەسییەکانیان دیاری بکات تەنانەت ئەگەر بە نرخی گیانیشیان بێت، هەر بۆیە ڕێژیم گەڵاڵە لە دوای گەڵاڵە شکست دەخوات و ناتوانێ بەرەنگاری هێزی گەل ببێتەوە.

کوردستان
ژمارە ٨٨١
٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠٣ _ ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤

درێژەی لاپەڕەی ٦

## داهاتووی کۆمەڵگەی مەدەنی؛ هەڕەشە و دەرفەتەکان

بەرەو شوناسی بە بەرنامە هەنگاو بنێین. ئەمە دەتوانێ بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دەرفەتێک بێت کە کۆمەڵگەیەکی هاوتەریب ساز بکات کە خاوەندارێتی لە زۆرێک لە پرسەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بکات و بە بەرنامەوە خۆی بە ڕێکخستن و ڕێکخراو بکات.

**ئاکامگیری**

بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە کە بە ڕووی کۆمەڵگەی کوردستان و پرسە هەڵپەسێردراو و چارەسەرنەکراوەکانیدا خۆی واڵا کردوە. لە نەبوونی کیانی سیاسی و نەبوونی مەیدانێکی ئازاد و یاسایی بۆ تێکۆشانی سیاسی، تەنیا گەڕانەوە بۆ نێوخۆی کۆمەڵگە و کەڵکوەرگرتن لە پتانسێلی کارای کوردستانە کە دەتوانێ ئەو کەلێن و بۆشاییانە پڕ بکاتەوە و پارێزگاری لە وجوودی نەتەوە و نیشتمان بکات. کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو دەرفەت و پتانسێلە کارا و متمانە پێکراوەیە کە دەتوانێ بەرانبەر بە دەوڵەت – مافیادا خۆی بنوێنێ.

مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بە دروشمی سیاسی و فۆرموولی گەورە بەرەوپێش ناچێت. بەپێی ئەو هێز و تواناییانەی کە لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە، دروشم و فورموولەکان دەبێ ورد بکرێنەوە و بکرێنە کەرەستەیەک بۆ تێکۆشان و چالاکیی ڕۆژانە. نابێ تەنیا چاومان لە بزووتنەوە جەماوەرییە گەورەکە بێت و لە وردە بزووتنەوەکانی نێو کۆمەڵگە غافڵ بین. بەستێنی مەدەنیی خەبات بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە دەرفەتێکی وای خوڵقاندوە کە دەتوانێ تاکی کۆمەڵگە لە بێتەفاوەتی و کەمتەرخەمیی ڕۆژانە دەرهێنێ و بیخاتە نێو سیستەمێک لە جموجۆڵی ڕۆژانە کە بەردەوام بەدوای خۆی و چارەنووسیدا بگەڕێ و چاولەدەست نەبێت.

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێ بەرەنگارییەکی سیستماتیک و بەهێزی هەبێت و پاشەکشە بە هێزی دژبەر – کە کار لە سەر چووکەکردنەوە و توانەوەی دەکات – بکات، پێویستی بە خۆڕێکخستن و بەربەرەکانییەکی جەماوەری هەیە. کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو هێزەیە کە دەتوانێ ئەم ئەرک و ڕسالەتەی بخرێتە ئەستۆ. ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کوردستان هێزی دینامیکی ئەم پرسەن. ئەوان بە کۆکردنەوەی چالاکان لە دەوری یەکتر و شۆڕکردنەوەی زەینییەتی بەرپرسارێتی بۆ نێو کۆمەڵگە و ختوکەدانی تاکەکان بۆ جووڵە و بزووتن،دەتوانن کۆمەڵگە لە بێتەفاوەتییەوە بگۆڕن بە هەڵوێستگرتن. لەم سۆنگەیەوەیە کە مەفهوومی خاوەندارێتی لەنێو سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەدا بیچم دەگرێ و چیدیکە هیچ پرسێکی کۆمەڵگە لە بێتەفاوەتی و بێخاوەنیدا دیزەبەدەرخۆنە ناکرێ.

هاوگوتاریی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوە گەورە جەماوەرییەکەی کوردستان، ئیمتیازی "متمانەی خەڵک"ی بە کۆمەڵگەی مەدەنی بەخشیوە. بۆیە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان قۆناغی هەرە ئەساسی و هەستیاری خۆی تێپەڕاندووە و زۆر بە ئاسانی دەتوانێ بە ڕاکێشانی سەرنج و هێزی کۆمەڵگە، ئەو ڕۆڵە دینامیکە بگێڕێ و ڕەفتاری خەڵک لە چوارچێوەی پرسی مافخوازیی شوناسخوازنەدا بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا مودیرییەت بکات.

زەروورەتی ژیان و ژیواری کورد لەپێناو مانەوە و مقاومەتی بەرانبەر بەو هێز و ڕوانینە هەرەسئاویانەی دەوروبەری کە چاوی تەماحیان لە خاک و بەرژەوەندییەکانی بڕیوە، لەم چاخەدا بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنییە. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای کۆمەڵگەی مەدەنییەوەیە کە دەتوانێ کوردایەتی و ناسیۆنالیستبوونی خۆی بەهێز و ئامادە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو هێزانە بکات کە لە چوار لاوە چاویان تێبڕیوە. لەم پێوەندییەدا ناسیۆنالیزمی کوردی پێویستە ڕۆژانە لە ڕەفتار و بەربەرەکانیدا بەپێی گۆڕانکاری و بەها کۆمەڵایەتییەکان خۆی نوێ بکاتەوە و لە بەرگێکی ڕۆژانەدا خۆی نمایش بدات. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵگەی مەدەنی باشترین و گونجاوترین ئامرازە کە دەتوانێ ڕۆژانە کۆمەڵگە بە بەها و ئەرزشی نوێی شوناسخوازانەوە بێنێتە مەیدانی ڕوبەڕووبوونەوە. بۆ نموونە ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان و چالاکانی ئەم بوارە لە ڕێگای هەوڵدان بۆ پارێزگاری لە ژینگەی کوردستان، مانا و ڕێکارەکانی"نیشتمانپەروەری" وەک بەهایەکی نەتەوەیی، نوێ بکەنەوە. یان ناوەندەکانی فێرکاریی زمانی کوردی، لەم ڕێگایەوە بەرانبەر بە هێز و ڕوانینێک کە قەدەغە و قۆرغی خستۆتە سەر ئەم بەشە لە پێناسەی نەتەوەی کورد، مەیدانێکی نوێ لە بەرەنگاربوونەوە و پارێزگاری لە زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتیان خستۆتە سەر پشت. بۆ ئەم کارە پەرەسەندنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و زیادبوونیان لە لایەک دەتوانێ کەڵک لە تەواوی زەرفییەت و پتانسێلی نێو کۆمەڵگە وەربگرێت و، لە لایەکی دیکەوە بە هێزێکی زیاترەوە بەرانبەر بە دەسەڵات خۆی بنوێنێ و ڕۆژانە سیاسەتی سەرکوتی دەسەڵات زیاتر پاشەکشە پێ بکات و بەهێزبوون و مانەوەی خۆی گەرەنتی بکات. کەوابوو بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕەهەندی جۆراوجۆری خۆیدا، جیا لەوەیکە دەرفەتێکی پڕ لە وزەیە بۆ کورد و پرسە نەتەوایەتییەکەی، لە هەمان کاتدا زەروورەتێکیشە بۆ نوێکردنەوەی بیروباوەڕی کوردایەتی و سەرلەنوێ پێناسە کردنەوەی بەها نەتەوەییەکان و ئامرازێکی نوێی کۆمەڵایەتییە بۆ ڕێکخستن و سازماندانی ڕەفتاری کۆمەڵگە بە ئاراستەیەکی گشتی و هاوبەشدا.

# ئاخۆ خامنەیی دەتوانێ ڕێبەریی جیهانی ئیسلام بکات؟!

ئۆرشەلیم پۆست – سالم ئەلکەتبی

کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی

ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، عەلی خامنەیی، لە دنیایەکی هاوتەریبی تایبەتی خۆیدا دەژی، بە ڕوانگەی سەیر و سەمەرەوە لەمەڕ ئەوەی کە لە دەوروبەری ناوبراودا ڕوو دەدا. بەڵام، وێناچی خۆی بڕوای بەو گوتە بێمانایانە هەبێ کە باسیان دەکات. وتارەکانی تەنیا ڕەوانبێژیی ساکارن بۆ وروژاندنی هەستی لایەنگرانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران. ئەوە لە وتارە عەرەبییەکەیدا کە هەینیی ڕابردوو لە تاران، ئاراستەی دنیای ئیسلامیی و بەتایبەتی خەڵکانی لوبنان و فەلەستینی کرد بەڕوونی دەرکەوت. ئەوە وتارێکی ئاشکراکەر بوو کە ڕەنگدانەوەی شێوەی بیرکردنەوەی ناوبراو و تاقمی توندئاژۆی دەوروبەری ئەون، شێوە بیر کردنەوەیەک کە هاندەری قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە ١٩٧٩ بەولاوە بووە.

ئیدیعای ناوبراو کە "هەر هێرشێک بۆ سەر ئیسرائیل خزمەت بە سەرانسەری ناوچە دەکات" ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونەیە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران خۆی وەکوو سەرۆکی وڵاتانی ناوچە دیاری کردوە و بەزۆرەملی ڕوانگە دیکتاتۆرییەکەی، بەتایبەتی لەمەڕ ئاسایش و سەقامگیرییەوە دەسەپێنێ.

دوای ساڵانێکی زۆر لە برەودان بەو بیرۆکەیە کە بوونی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان هۆی سەرەکیی قەیرانی ناوچەیە، بە تایبەتی لە وڵاتانی کەنداودا، ئێستا ئەو دەڵێ هێرش بۆ سەر ئیسرائیل خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ناوچە دەکات و هاندەری ژمارەیەک شەڕی بە وەکالەتە.

ئەو ڕوانگە کورتبینانە و بێدەربەستییانەی ئێران، کە بەرژەوەندییە ستراتێژیکەکانی وڵاتانی ناوچە و ڕوانگەکانیان لەمەڕ پەیوەندییە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکانیان پاشگوێ دەخات، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ڕێژیمی ئیسلامی نەگۆڕاوە و ناگۆڕێ. هەموو "ڕووداوەکانی" ئەو دواییانە لەمەڕ پڕ کردنەوەی کەلێنەکان و باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دراوسێکانی تەنیا هەوڵێکە بۆ بێکاریگەرکردنی ئەو وڵاتانە لە کاتێکدا کە ڕوانگەکانیان و بەرژەوەندییە ستراتێژیکییەکانیان لەو گەمە مەترسیدارەی بەرانبەر بە ئەمریکا و ئیسرائیل دەیکات، پاشگوێ دەخات.

بەگشتی، وتاری خامنەیی هیچ شتێکی نوێی لە ئاستی ستراتێژیکدا پێ نەبوو. ئەوە وتارێکی وروژێنەرانەی ئایدیۆلۆژیکی بوو کە لەودا پاساوی بۆ هێرشە هاژەکییەکەی ئێران دژی ئیسرائیل دەهێنایەوە و پێی وابوو "بە تەواوی یاسایی و ڕەوا" بووە، لە کاتێکدا دروشمەکانی لەمەڕ لەناوچوونی ئیسرائیل و ڕەوانبێژییە باوەکانی دیکەی دووپات دەکردەوە.

ئەو بەئاشکرا خۆی لە داننان بە کەلێنە هەواڵگرییە یەک لە دوای یەکەکان کە بوونە هۆی کوژرانی حەسەن نەسرولڵا و ڕێبەرانی دیکەی حیزبوڵڵا بوارد. ئەوە سەرسوڕهێنەرە، چونکە ڕێژیمی ئێران دانی بە شکستە هەواڵگرییەکانی لە ڕووداوە بەرچاوەکانی کە لەو مانگانەی دواییدا ڕوویان داوە، وەکوو کوژرانی ئیبراهیم ڕەئیسی و کوشتنی ئیسماعیل هانیە و، بەر لەوان کوژرانی زانستوانە دیار و ڕێبەرانی سوپای پاسدارانەوە نەناوە. تەنانەت ئاماژە بەو کارەساتە هەواڵگرییانە، ئیدانە کردنی سوپای پاسدارانە، کە ڕاستەوخۆ چاودێری سەرجەم پلان و ئاکارەکانی حیزبوڵڵا و حوسییەکانە.

### وتاری خامنەیی بۆنی بێهیوایی لێوە دەهات

بە بۆچوونی من، وتاری خامنەیی لە پلەی یەکەمدا هەوڵێکی بێهیوایانە بۆ دەستنیشانکردنی خۆی وەکوو ڕێبەری دنیای ئیسلامی بوو. لەو دواییانەدا، دیسکۆرسی سیاسیی سەرجەم کاربەدەستانی ئێران جەختی لەسەر ئەو هەڵوێستە کردووەتەوە. ئەوان برەو بە گێڕانەوەی یەکگرتوویی دنیا ئیسلام؛ ئایدیالی بەرگریی و هەوڵی پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە کە لە دنیای عەرەب و ئیسلامیدا هاتۆتە ئاراوە، دەدەن (بۆشاییەکە کە بە هۆی جۆراجۆر و فاکتەری لێک جیاواز دروست بووە و ئێمە لێرە دا باسی ناکەین).

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هەروەها سەرقاڵی کایەی دەستێوەردانە، کاتێک خەڵکانی فەلەستینی و لوبنانی لەگەڵ تاقمە تێرۆریستییەکانی وەفادار بە ڕێژیمی ئێران تێکەڵ دەکات و وا دەنوێنێ کە گوایە ئەو تاقمانە نوێنەری خەڵکن. ئەو ئیدیعا دەکات، "هیچ کەس مافی وەستانەوە دژی بەرخۆدانی نییە،" و وەها دەنوێنێ کە گوایە ئەوانە ئەرکی خۆیان لە بەرگریی لە خەڵک جێبەجێ دەکەن.

ئەوە مانۆڕێکی ئاشکرایە، کە سەرلێشێواویی لە پرسی نەتەوەییدا دروست دەکات و هەوڵ دەدات دەستێوەردان لە هەستی خەڵکانی فەلەستینی و لوبنانیدا بکات و هەمووان بخاتە سەر دوڕیانێکی ئەخلاقیی، بێتوو بەرەوڕووی ڕێکارەکانی میلیشیا تێرۆریستییەکان بوەستنەوە کە ئەوان پەلکێشی کێشەی خوێنین دەکەن، وەکوو لە غەزە، باشووری لوبنان و ضاحیە ئاشکرا بووە.

هەوڵە گاڵتەجاڕانەکەی خامنەیی بۆ ناساندنی خۆی وەکوو ڕێبەری موسڵمانان هەروەها لە وتارەکەیدا دەر دەکەوێ، کاتێک پێداگرە کە دوژمنانی ئیسلام، دوژمنانی فەلەستین، لوبنان، عێراق، میسر، سووریە و یەمەنن و "بێتوو موسڵمانان بەیەکەوە هاوکاریی بکەن، خودا پشتیوانیان دەبێ، و شیی دەکاتەوە کە بەمشووربوون بە مانای لێک گرێدانەوە و سەقامگیریی لە نێو مسوڵمانانە. ئەوە بەڕوونی فێڵێکی ساکار بۆ کەڵکی خراپ وەرگرتن لە ڕووداوەکان بۆ وەدەستهێنانی خۆشەویستیی لە دنیای ئیسلامیدایە و گۆڕینی کێشەی هەنووکەیی، لەنێوان ئێران و بەکرێگیراوەکانی لەلایەک و ئیسرائیل لەلایەکەی دیکەوە، بەرەو کێشەیەکی ئایینی جیهانییە. سەرنجڕاکێشە کە خامنەیی لە وتارەکەیدا جەختی لەسەر دنیای ئیسلام دەکردەوە و خەڵکی ئامۆژگاریی دەکرد کە "چاوکانیان بکەنەوە و ئاستی هۆشیارییان بەرز بکەنەوە."

ئەوە ڕوونە کە ئێران و بەکرێگیراوەکانی لێکدانەوەی تایبەتیی خۆیان لەمەڕ شکست و سەرکەوتن هەیە، کە لەگەڵ لێکدانەوەکانی ستراتێژیستە سەربازییەکان لەسەر ڕووبەڕووبوونەوە و کێشە بوونی هەیە. بۆ وێنە، تەنیا زیندوومانەوە بۆ میلیشیای تێرۆریست یان ڕێبەرەکانی، وەک سیمبۆلێکی سەرپێچی و سەرکەوتن سەیر دەکرێ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی تێچووە بەرچاوە مرۆیی و مادییەکەی. بەڵام، لەکار کردنی لێکدانەوەی ئەوتۆ لە دۆخی هەنووکەیی ئەو میلیشیایانەدا بە مانای سەرکەوتنی ڕاستەقینە نییە.

نەسروڵڵا، کەسایەتیی سەرەکی ئێران لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لەگەڵ زۆربەی ڕێبەرە تێرۆریستییەکانی حیزبوڵڵا کوژراون. ئەو تاقمەیە هەروەها زەبری گورچوبڕی بە هۆ شکستە هەواڵگرییە جۆراجۆرەکەی وێکەوت کە بووە هۆی لەنێو چوونی ٣٠٠٠ ئەندامی لە تەقینەوەیەکی هاوکاتی پەیجەرەکانیان لە ئۆپەراسیۆنێکدا کە لاوازیی دامودەزگای ئاسایشی ئەو تاقمەی ئاشکرا کرد.

خامنەیی بە ڕوو هەڵماڵاوی هەوڵی دا ڕای گشتیی دنیای ئیسلام بە قازانجی ئامانجەکانی ئێران ڕاکێشێ کە پیلانێکی ئاشکرایە بۆ بەهێزکردنی دۆخی ئێران لە وتووێژدا و شەرمەزار کردنی دەوڵەتە عەرەب و ئیسلامییەکان لەبەر چاوی خەڵکی ئەو وڵاتانەیە، یان لانی کەم ببێتە هۆی مشتومڕی گەرم لە سوسیالمێدیادا، لە پەیوەندی لەگەڵ پشتیوانی یان بەرهەڵستکاریی بەرانبەر هێرشە هاژەکییەکانی ئێران دژی ئیسرائیل. بەڵام، هەوڵی ئەوتۆ، بە هۆیەکی ساکارەوە دەرەتانی کەمیان هەیە: ئێران بۆخۆی وەها گیرۆدە بووە کە دژوارە تەنیا کەسێکی ساکاریش هەڵخەڵەتێنێ کە گوایە شەڕ بۆ هەڵایساندنی شۆڕش و ڕزگارکردنی فەلەستین یان ئۆرشەلیم دەکات.

درێژەی ل ٨ .... "هەواڵی ساختە چەکی ستراتێژیی ڕێژیمە تۆتالیتارەکانە"

### ڕێژیمی ئێران و ڕۆژنامەنووسە بەوەکالەتەکانی

لە ئێران کەلکوەرگرتن لەهەواڵی ساختە لەلایەن ڕێژیمەوە، ستراتێژێکی باو بۆ لادانی نارەزایەتی گشتیی و بەدناوکردنی ئۆپۆزسیۆن و بێدەنگکردنی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆیە. حکوومەت بەتایبەتی لە ڕێگەی میدیاوە کە قۆرخی کردووە، زۆرجار بەشداریی هەڵمەتی زانیاری ناڕاست دەکات و ئامانج لێی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتی و نفووز لە ڕای گشتییە. ڕێژیمی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە سیاسەتەکانی خۆی لە ڕێگەی میدیای دەوڵەتی و پەیامنێرە بەوەکالەتەکانیەوە کە هەناردەی وڵاتانی گرنگی کردوە، بەرەو پێشەوە ببات و لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختەدا بەرهەمدارتر بێت. ڕێژیمی ئێران و بەکرێگیراوانی توانیان لە ساتەوەختە گرینگەکانی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکاندا، بیروڕای گشتی بەلارێ ببەن و خواستی ئازادیخوازان سەرکوت بکەن. بڵاوکردنەوەی هەواڵ و گێڕانەوەی ساختە لەلایەن ڕێژیمی ئێران و بریکارەکانییەوە سەبارەت بە کوردستان، بەلوچستان و... کە بووەتە جێی سەرنجی خەباتی دژ بە تۆتالیتاریزم، وایکردووە لە ساتەوەختی مێژوویی و بەتایبەت لە سەردەمی شۆڕشدا بیروڕای گشتیی بوەستێنن یان بەلاڕێی ببەن. بەتایبەت لە شۆڕشی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) بە وروژاندنی بابەتگەلی لاوەکی و وتنەوەی بوختانگەلی سەدانساڵەی دەسەڵات سەبارەت بە نەتەوەکانی ئێران، شەرعییەتیان بەسەرکوتی وەحشیانەی خەڵک لەلایەن دەسەڵاتەوە دا.

### زانیاریی ناڕاست سەبارەت بە ناڕەزایەتییەکان

لە ڕووداو و ناڕەزایەتییەکانی ئەمدواییە بۆ هەمووان سەلمێنراوە کە ڕێژیمی ئێران بۆ شێواندنی نێوەڕۆکی ناڕەزایەتییەکان، هەواڵ و ڕاپۆرتی ساختە بەکاردەهێنێت. میدیای ئێران کە هەمووی سەر بەدەوڵەتە، ناڕەزایەتییەکان بە پاڵپشتی دوژمنان، دەستێوەردانی دەرەکی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ئیسرائیل، یا ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات تۆمەتبار دەکات. گێڕانەوەی ڕێژیم، خۆپیشاندەران وەک "بریکاری حکوومەتە دەرەکییەکان" یان "تیرۆریست" دەنوێنێ نەک هاووڵاتییەک کە داوای دادپەروەریی، ئابووری و گۆڕانی سیاسی دەکات. ڕێژیم بەم کارە هەوڵی بێ شەرعییەتی ناڕازییان دەدا و وەک خائین یان دەستوپێوەندی بیانییەکان وێنایان دەکات و هەوڵ دەدا هاوسۆزی گشتیی بۆ خۆپیشاندەران لەنێو ببات و ئاسانکاری و پاساو بۆ سەرکوتی توندوتیژانەی هێزی سەرکوتگەر بهێنێتەوە. هەروەها ڕێژیم بەدوای ئەوەوە بوو کە سەرنج و هۆش لە بابەتگەلی نێوخۆیی و ڕیشەی ڕاستەقینەی ناڕەزایەتییەکان لابدات کە دیارە بووە هۆی بەلاڕێدابردنی شۆڕشەکە و بەشێوەیەکی کاتی توانی سەرکوتی بکات.

### ئامانجی هەواڵی ساختە لێدانی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەیە

ڕێژیمی ئێران هەڵمەتەکانی هەواڵی ساختە دژ بە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لەکاتی ناڕەزایەتییەکان و دواتریش، هەمیشە چڕتر دەکاتەوە. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکان لەناوبردنی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەیە. دەوڵەتی ئێران و میدیاکانی چەندین جار بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات هاندەری خۆپیشاندانی نێوخۆی وڵاتن و لەگەڵ ڕێکخراوە سیخوڕییە بیانییەکان بۆ تێکدانی سەقامگیری وڵات لەپێوەندیدان. ڕێژیمی ئێران سەبارەت بە نفووزی بەسەر ناڕەزایەتییەکاندا زێدەڕۆیی دەکات بۆ ئەوەی کاریگەریی هەبێ لە بێ ئێعتبارکردنی ناڕەزایەتییە ڕەواکانی خەڵک و خستنەڕووی نائارامییەکان وەک هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی نەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

### بێ ئێعتبارکردنی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ و شۆڕشگێڕ

ئێران زۆرجار لە هەواڵ و ڕاپۆرتی ساختە و زانیاری چەواشەو ناڕاست بەمەبەستی لاوازپێشاندانی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ و شۆڕشگێڕ لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کەڵک وەردەگرێت. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ڕاپۆرتی ڕەخنەیی لە ڕێژیم یان ناڕەزایەتییەکان بڵاو دەکەنەوە، لەلایەن ئێرانەوە بە "سیخوڕ" یان "بریکاری حکوومەتە بیانییەکان" ناوزەد دەکرێن. بۆ نموونە ڕوحوڵڵا زەم، دامەزرێنەری کەناڵی هەواڵی ئامەدنیوز، بەهاندانی نائارامی لەکاتی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠١٧-٢٠١٨ لە ڕێگەی ڕاپۆرتکردن و چالاکییەکانی ئۆنلاینەوە، تۆمەتبار کرا. حکوومەتی ئێران هەڵمەتی زانیاریی ناڕاستی دەست پێ کرد و بانگەشەی ئەوەی کرد کە زەم هاوکاریی دەزگا هەواڵگرییەکانی بیانی دەکات. هەروەها ڕاوێژکارانی ڕەزا پەهلەوی لە دەرەوەی ئێران ناوبراویان تۆمەتبار دەکرد هاوکاری دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ئێرانە. تەنانەت کاتێک زەم لە عێراقەوە ڕفێندرا بۆ ئێران، نێزیکەکانی کوڕی شای پێشووی ئێران درێغییان نەکرد لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە و ناشیرینکردنی ڕوخساری شۆڕشگێڕان. دواجار ڕوحوڵڵا زەم لە ساڵی ٢٠٢٠ لە سێدارە درا. ئەم تاکتیکەی ڕێژیمی ئێران و هەماهەنگیی گرووپی پەهلەوی کە بریتییە لە تۆمەتبارکردنی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ بە سیخوڕی یان تیرۆرەوە، چەند ئامانجێک پەیڕەو دەکات:

**الف– تۆقاندنی ڕۆژنامەنووسانی دیکە:**

ڕێژیم بە ئامانجگرتنی ڕۆژنامەنووسانی ناسراوی وەک زەم، ڕۆژنامەنووسانی دیکە ئاگەدار دەکاتەوە کە خۆیان لە ڕووماڵکردنی ڕەخنەگرانە بەدوور بگرن یان مەترسی مامەڵەی هاوشێوەیان هەبێت.

**ب– بێ ئێعتبارکردنی سەرچاوە هەواڵییە باوەڕپێکراوەکان:**

ناولێنانی ئاژانسەکانی هەواڵ و ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ، متمانەیان لە چاوی خەڵک لاواز دەکات و وادەکات خەڵک کەمتر متمانە بە داتاکانیان بکەن. لە ساتە گرینگەکاندا ڕێژیمی ئێران لە ڕێگەی میدیا یان ڕۆژنامەنووسانی بەوەکالەتەوە، چەندین جار توانیویەتی هەواڵی ساختە بخاتەڕوو و پاش ئاشکراکردنی ڕووداوە ڕاستەقینەکە بۆ ماوەیەک، باڵادەستی خۆی لە میدیاکان و یاریکردن بە ئۆپۆزسیۆن پێشان بدات. بۆیە زۆر پێویستە ڕۆژنامەنووسێک یان چالاکێکی سیاسی و مەدەنی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا بەئەزموون بێت و هەڵیبسەنگێنێت و بە گەمە میدیاییەکانی ڕێژیمی ئێران نەخەڵەتێت و نەبێتە بەشێک لە پڕوپاگەندەکارانی هەواڵی ساختەی حکوومەت.

کوردستان
● ژمارە: ٨٨١
٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠٣ _ ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤




# شێعر چییە؟



ئاکۆ ئەلیاسی

ئێمە ناتوانین بەپێی پێناسەیەکی گشتیی، چەمکێکی فرەلایەن و ئاڵۆزی وەک "شێعر"، کە بە یەکێک لە ژانرە سەرەکییەکانی ئەدەبیات دەژمێردرێ، ڕام و دەستەمۆ بکەین و هەر ئاوەها سووک و سانا بڵێین: "شێعر ئەوەیە!" ئەگەر وابێ، ڕەنگە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە ببن بە شاعیر، لەبەر ئەوەی کە ئیدی بۆ هەموو کەس خوویا دەبێت، کە شێعریش وەک فیزیک، شیمی، بیرکاری، زانستی پزشکی و هێڵە گشتییەکانی فەلسەفە، تاریفێکی دیار و ڕوونی لێکراوە و لەو تاریفەشدا، فۆرمۆلەکانی، بۆ هەموو کەس دەنووسرێنەوە. وەک چۆن هیچ شاعیرێک هەتا ئێستا نەیتوانیوە بە پێی ویست و خواستی خۆی، ئەوەی کە لە خەیاڵ و خولیایدا بووە، لە چوارچێوەی شێعر، بە تەواوی دایڕێژابێ، هەر ئاوەهاش، نە شاعیر و نە شێعر ناسەکانیش، بە تەواوی لە شیکار و شرۆڤەی شێعر، نەگەیشتوونەتە ئەو سنوورەی کە بە سنووری کامڵبوونی "پێناسەی شێعر"ی پێدەناسرێتەوە!

هەر وشەیەک لەلای هۆنیار، وێنەیەکی تایبەتیی هەیە. ڕاست وەک وێنەی ڕەنگ و ڕوومەتی ڕەگەزەکانی خودی مرۆڤ! ڕوخسارێک هەیە کە ویشک و برینگە، یەکی دی هەیە دڵگیر و دڵنشینە. یەکێک هەیە نەرمونیان و دڵئاوێزە، یەکی کەش هەیە ڕەق و ویشک و قێزێونە!

لێرەدا وشەکان، سکە و پووڵی ڕەقی بێ سۆز و هەست و مەیل نین، بەڵکوو گیانیان تێدایە و ڕق و بەزەیی بە یەکتر دەفرۆشن! کۆمەڵێک لەم وشانە لەگەڵ هەڤدو نەرمونیان و ئارامن، وەک ئارامیی زەریـا، بەشێکی دیکەشیان، پڕاوپڕن لـە ڕقـی شـەپۆل و شـەڕ و شـۆڕ و یاخـی و سەرهەڵدان!

دیارە ئەوە بەو واتایە نییە، کە هیچ پەسن و تاریفێکی گشتیی بۆ شێعر نییە، با، شتێکی لەو چەشنە هەیە، بەڵام ئەوە لە هەنگاوی یەکەمدا، تەنیا تاریفێکی گشتیی، ڕووکەشانەی سوواو و دووپاتەیە، کە ڕەنگە، هۆگرانی سەرەتایی دنیای فرەڕەهەندی شێعر، بۆ دەستپێک، ئەزبەری کەن و پانۆڕامایەکی تا حەدێک لێڵ و ناڕوون، بە دیواری زەینیانەوە بچەسپێنن، کە بۆ هەنگاوی سەرەتا، شتێکی خراپ نییە. بەڵام کێشەی ئاڵۆزی چەمکێک بە ناوی "هۆنراوە، هەڵبەست" یان هەر هەمان شێعر، بەربڵاویی خەیاڵی شاعیرانەیە. بەربڵاویی خەیاڵێک کە هەموو هەستیار یان هۆنیارێک، ناکارن وەک یەک، لەگەڵ ڕاستیی پێچەڵ پێچی زمان، زەنگینی لە وشە و پەیڤ و دەربڕین، قووڵیی لە بیرکردنەوە و ڕۆچوون بە نێو دنیای هزرین، "شێعر" ڕام و کەوی بکەن!

لە دنیای کۆلکەزێڕینەی شێعردا، خەیاڵ دەبێتە پێشەنگی زمان و ئەوە خەیاڵە، کە زمان دێنێتە گۆ. زۆر جارانیش پێچەوانەکەی هەر ڕاستە. واتا، ئەوە زمانە کە گەڕای بیرکردنەوەی مرۆڤ و تێڕوانینی لە دیاردە و شتە هێشتا نەدۆزراوەکانی دەوروبەرمان، دەخەملێنێ و ڕێگا بۆ بیرکردنەوە دەڕەخسێنێ. پێشەنگی هەموو بیرکردنەوەیەکیش، لە ئاکامدا، هەر دەگەڕێتەوە بۆ خودی شێوەی دەربڕین لە زماندا.

شاعیر، ڕۆماننووس و چیرۆکنووس، لە ڕێگای خەیاڵەوە دەچنە ڕاوی چەمکێک بە ناوی "حەقیقەت." خۆ دیارە زۆرایەتی چینی کۆمەڵگە، نە شاعیرن، نە ڕۆماننووس و نە چیرۆکنووس. کەوایە، ئەوەی لە ماڵۆچکەی زماندا ڕوودەدا، هەموو کەسێک ناگرێتەوە جگە لەوانەی، کە بە خەیاڵ، بە دوای حەقیقەتدا وێڵ و شەیدان. وەک ئاماژەم پێدا، ئێمە لە ڕێگای زمانەوە دەچینە ڕاوی حەقیقەت، بەڵام لە ڕێگای حەقیقەتەوە، خەیاڵمان پێ ڕاوناکرێت!

لێرەدا، ڕۆڵی شاعیر لە شێواندنی چوارچێوەی دیاریکراوی زمانێک بۆ ئەودیوی دەقێکی چڕ و قووڵتر، کە لەودا، "خوازە و ئاماژە" ڕۆڵی سەرەکییان لە خەملاندنی دەقێکدا هەیە، ڕۆڵێکی ئانارشیستانەیە. ئانارشیستانە بەو واتایە، کە شاعیر پابەند بە یاسا و ڕێسای زمانێکی زبر و تەق و ڕەق نابێ. لە نووسینی دەقێکی قووڵی شێعرییدا، زۆر جاران، شاعیرەکە تاوانبار نییە، بەڵکوو ئەوە سووچی ئەو بەردەنگەیە، کە ئاستی وشیاریی ڕۆشنبیریی لە تێگەیشتنی ئەو دەقەدا، هەژار و دۆشداماوە! مادام یەکێک لە ئەرکەکانی شێعر، شکاندنی دەقە چەقبەستووەکانی زمانە، ئەوە هەر بەو ڕادەش، ئەرکی شاعیرە، کە وا لە خوێنەر و بەردەنگ بکات، بە دوای خۆڕۆشنبیرکردن بکەون، نەک پێچەوانەکەی. جیاوازی شاعیرێکی سەرکەوتوو، لەگەڵ کۆمەڵگەدا ئەوەیە، کە ئەو بەردەوام سەرقاڵی خوێندنەوە و بیرکردنەوەیە بۆ پەیبردن و کەشفی ئەو دنیایەی، کە هەموو کەسێک ڕێی تێناکەوێ!

ئەگەر شیعر، لە قۆناغی گڕوگاڵی شاعیردا، سەرکەوتووانە، بازی دایە نێو بازنەیەکی دیکە لە هزرین، ئەوە بەو مانایەیە، کە هۆنیار، بە خۆڕسک، خودان هونەری هۆنینەوەی هۆنراوەیە و وەک عاشقێک، بە دووی دڵدارەکەیدا، ئامادەیە، دژوارییی هەموو کەند و کۆسپێکی ژیان بکڕێ و ببێت بە بەندەی خەیاڵێکی تاریفنەکراو، بە ناوی شێعر.

بۆیە، ئەو بەناو هۆنیارانەی کە بە زۆر، خۆیان بەسەر هونەری شێعر نووسیندا، دادەسەپێنن، لە ڕاستیدا، هەژارترین چینەکانی نێو کۆمەڵگەن! چوونکە ئەوان تەنیا خاوەنی بستێک بیرکردنەوە زیاتر نین، هۆکارەکەش، یەکەم ئەوەیە کە ئەو دەستە لەو بە ناو هۆنیارانە، خۆڕسکانە، هونەرمەند نین و خاوەنی چ هونەرێکی سروشتیی نین، هەر بۆیە ئەرکی ئەوان، بۆ ڕازیکردنی ویژدانیان، تەنیا کاوێژکردنەوە و دووپات کردنەوەی هێندێک وشە، پەیڤ و دەربڕین و ڕستەی کرچ و کاڵ و بێ واتان، کە دەبنە هۆکاری ڕشانەوەی خوێنەری زیرەک و ڕووناکبیر. دیارە تا شاعیری بێ دەسەڵات و شێعری کرچ و کاڵیش نەبن، نە شاعیرە باشەکان دەناسرێن و نە شێعرە ڕەنگینەکانیش، دەبنە هۆی تام و چێژ بەخشین بە خوێنەر!

بەڵام، هۆنیاری بە خۆڕسک و خاوەن هونەر، بەردەوام لەگەڵ زمان، خەیاڵ، تێڕوانین، تێڕامان و ڕۆچوون بە ناخی ئاوەز، بۆ دۆزینەوەی تێکنیکێک دەژێ، کە لە دەربڕینی خواست و مەیل، حەز و ئاوات، خەون و مەراق، خولیا و خەیاڵ و زۆر جاریش، بیری قووڵی فەلسەفیانە، مامەڵەیەکی هۆسایانە بکات!

لەم قۆناغەدا، نە شاعیر ئەو شاعیرە ڕاڕاییە بێدەسەڵاتەی سەرەتای شاعیرێتیەتی و نە شێعرەکانیشی، وشە کرچ و کاڵەکانی دەسپێکی خەونی بە شاعیر بوونیەتی. بەڵکوو، قۆناغی بیرکردنەوە لە شێعر دەست پێ دەکات، بیرکردنەوەیەک، کە دواجار، خوێنەری زیرەک دووچاری هەژانی سۆز و هاوکات ڕامان و ڕۆچوون بە ناخی دیاردەکاندا دەکات و بەربینگی پێ دەگرێت کە بچێتە نێو جەغزی دنیایەکی دەستلێنەدراو و بە دوای تای تاڵی بەنی ئەو خەیاڵە شاعیرانە وردبینانە، کە تەژی لە ڕەنگ و واتا و بەهان، بگەڕێت و قیمەتی جوانییەکانی ژیان، لە خەیاڵێکی ڕاستەقینەی شاعیرانە دا بۆ دنیایەکی حەقیقی، بدۆزێتەوە.

بۆیە، لێرەدا، شێعر دەچێتە قۆناغی بیرکردنەوە لە بوون و نەبوونی ژیان. واتا نزیکبوونەوە لە هزرینی فەلسەفی. هەنگاونان بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی مرۆڤ.

ڕەنگە، شێعرێک، بە پێی کات و قۆناغی چاخێک، ببێتە شاکار، شاعیرەکەش بگاتە لووتکە، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت، کە مادام چاخ و قۆناغەکەی سنووردارە، زەمان لە بازنەیەکدا قەتیس نابێ، ئەو شاعیرە و ئەو شاکارە، بە گشتیی تەنیا هی ئەو قۆناغ و چاخەن، ئیدی بۆ داهاتوو نە لووتکەیەک هەیە و نە شاکارێکیش، بۆ تا هەتایە، هەر شاکارە! چوونکە داهێنان ئۆقیانووسێکی قووڵ و بێبڕانەوەی وەک خودی ژیانە!

شاعیر بوونەوەرێکی هونەرمەندی جادووگەری بێ سنوورە لە زمان، خەیاڵ، لە ئافراندنی وێنە و ڕاکێشانی مەنگایی بیرکردنەوە و شێعریش ئەو ئامرازە دەستەمۆ نەکراوەیە، کە خۆی بە موڵکی جیهان دەزانێ!

لەمەڕ شێعر و لە ئارشیو، لە ڕاپۆرتی نهێنیی ئەرشیڤکراوی پۆلیس دا کـە وێنـەیـەکی بۆتە گوارەی گوێچکەی مێژووی دەسەڵات و سیاسەت، نەنووسراوە کە مزڵ و شوێنی کوێیە، دینی چییە، خاوەن چ بیروباوەڕێکە و سەربەکام وڵاتە، تا ئێستا زانیارییەکی بڤە و نەبووە."

تۆ بڵێی شێعر هاونیشتمانییەکی ئاسیایی بێ یان ئافریقایی؟ ئەورووپاییە، یان ئەمریکی؟ گەلۆ ڕەنگی پێستی سپییە، چاوەکانی شینن؟ یان پێست ڕەشە و قژ بژبژین و تێکئاڵۆزا و لوولە؟ یان پێست زرد و چاوەکانی نیشانەی دوو پرسیارن؟

تۆ بڵێی لە دانیشتووانی هیندە یان سێند، ئیسکیمۆ، یـان هـی دوورگــەی عــەرەب بێ؟ زەردەشتــی و ئاگرپەرەستە، بوودایی؟ یان مەسیحی و مووساییە، یا خود موسڵمان و سێکۆلارە؟ ڕاستئاژۆیە، یان مارکسیست؟ ئانارشیستە، یان نێهیلیست؟ لایەنگری بۆرژوازییە، یان پرۆلتاریا، پێشکەوتنخوازە یان کۆنەپەرەست؟ پاشاخوازە، یان کۆماریخواز، بە ژنە، یان بێ ژن، بێتاوانە، یان کەتنی کردووە و حوکمی دراوە. هەموو ئەو وێنانە، لە ئەرشیڤی پۆلیس دان، بیچم و تەرحیان، تا ڕادەیەک وەکوو یەکن و لێک نزیکن و بە پێنووسی ڕەش کێشراونەتەوە. هەموو ئەم پەسنانە، هی مرۆڤێکی ڕووگرژی قژ فرفڕی و ئاڵۆزن کە سیگار زۆر دەکێشێ، ڕۆژانە کوپەیەک قاوە دەخواتەوە، پێنج نۆبەش بیرەی خۆ وڵاتی لە ڕۆژێکدا، بەسەرەوە دەنێ. بە ڕۆژدا جاکەتێکی چەرموو لە بەردەکا و بە شەویش، خەونەکانی بە خۆیدا دەدا!

***

سەرچاوەی سەرەکیی ئەم بابەتە، نامیلکەیەکە بە ناوی "شێعر چییە" لە نووسینی شاعیری گەورەی عەرەب "نزار قەبانی".

---

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# پشەکە لە چوارپەلان گوێی ساغن

میژوو زۆر لەوە کۆنترە ئێمەی ژیانکورت بیری لێدەکەینەوە. بەڵام ئەگەر ئەم ژیانە کورتەمان دەرفەتی دیتنی ڕاستەوخۆی لێمان سەندبێتەوە، هەر هیچ نەبێت لە نێو کتێب و متێباندا دەکرێت بە دوای ڕووداوگەلی مێژووییدا بگەڕێین و سەرەداوێکمان لە ڕاستیی و دروستیی تۆڕی تێکتەندراوی شەڕەدرۆدا دەست بکەوێت. ئەگەر ئەم سەرەداوەشمان دەست کەوت، پێویست ناکات توند ڕایبکێشین و خوا بەو ڕۆژە نەکات لەنێو ڕایەڵەی تۆڕی درۆیاندا بپسێت و خۆشمان لە حەژمەت توند ڕاکێشانی ئەم سەرەداوە ڕاستییەی بە دەستمانەوە هاتوە، لەسەر تەختی پشت بکەوین و هەردوو قاچمان ڕەحەوا بکەوێت و بەزەحمەت بتوانین قاچان جووت بکەینەوە و هەستینەوە سەرپێ. ئەگەر هەستاینەوەش ناچارین لەنێو تۆڕی درۆیاندا بەوردی بە دوای سەرەداوە پساوەکەی ڕاستیدا بگەڕێین و ئەگەر نەماندۆزیەوە و لەجیات ئەو سەرەداوی ڕایەڵێکی پساوی درۆ بەدەستمانەوە هات، ئەوکات وەرنە سەیری خۆمان دەبینە چجۆرە درۆزنێک.

لەنێو ئەم هەموو درۆ و دەلەسەیەی بە ناوی مێژوو دەرخواردی ئێمەیان داوە، سـەرەداوی ڕاستیان پێمان ئێژێت لـەم ناوچەیە ئیمپراتۆرییەتێکی کۆن هەبووە و هاوتەمەنی گەلێک لە ئیمپراتۆرییە گەورەکانی جیهان بووە. ئەوەندەی دەرکەوتوە ئەم ئیمپراتۆرییە بە نـاوی "مـاد" و "پـارت" و "پـارس" و شتی لەم بابەتە ناسراوە و ناوەندەکەی کەوتووەتە نێوان کەنداو و دەریای قەزوێن و لە هندستانەوە هەتا سەر دەریای نێوەڕاست و نزیک میسری ئێستا لە باکووریش لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست حوکماتی کردوە. پاشایانی ئەم وڵاتە پان و بەرینە سات بە سات و ڕۆژ بەڕۆژ و مانگ بەمانگ و ساڵ بەساڵ پاشەکشێیان کردوە و لە ئاکامدا لە سەردەمی بە دەستەڵات گەیشتنی بنەماڵەی پەهلەوی وڵاتەکە وەک پشیلەیەکی گەڕی نەخۆش ڕێکهاتووە و لەم کاتەدا بەتەواوی ناوی "ئێران"یان بەسەردا بڕاوە. ئەم پشیلە بێدەرەتانەش هەردوو چەنگی خستوونەتە ژێر سنگی و هـەردوو پاشووشی لە لای قوونیەوە داوەتە بن کلکی و دەمیشی پێکەوەناوە.

بەمجۆرە "پشە"کە نە دەوێرێت ددانان گڕ بکاتەوە و نە دەخۆی ڕادەبینێت چەنگ و پاشووی دەرخـات و نینۆکان پێشان بدات و دەترسێت بیانووی پێ بگرن و بە زەبری لێدان و کوتان وای بەسەر بێنن ئەوەندە جەندەکەشی نەمێنێت.

دوای ئەوەی حەمەڕەزای کوڕی ڕەزاشا پێی لەبەڕەی پاشایاتیی خۆی زیاتر ڕاکێشا و بەتەمابوو گوێ نەداتە زلهێزان و دەیگوت من شتێکم، بیر لەوە کرایەوە بە زەبری هنێکی زۆر هین وڵامی بدەنەوە. هەر لەبەر ئەمە بوو وایان کرد هین لە پاریسەوە بەکەیفی خۆی دەست بەقسەی هەڵلەق و مەڵلەق بکات و دوای ئەوەی دەنگی لە سەر کاسێتان تۆمارکرا و ناردیانەوە نێو خەڵکی ئێران. "هموطنان همیشە در صحنە"ش بە بیستنی دەنگی نێو ئەم کاسێتانە دەستیان بە سوێندخواردن کرد و گوتیان بە چاوی خۆمان ڕیشی کابرا لە نێو مانگدا دەبینین و پاشای خوالێگۆڕیویش بە چەپڵەلێدان کرایە دەرەوە و ئەمجارە هین و کەسانێکی دیکە و هەر لە توخم و تۆرمەی پاشای ڕەپێنراو چوونە سەر تەختی دەستەڵات و سواری پشیلەی گۆڕین بوون. ئەوانیش کاتێک دیتیان ئەم پشیلە ترسنۆکە هەر چوار پەلی خستووەتە ژێر خۆی و دەمی وەک تەڵەی تەقیوی لێهاتووە و مڕە و میاوەی لێ بڕاوە، کەوتنە بیری دروستکرنی خەرمانەیەک لە درەوەی تەرمی نیوە گیانی پشیلە و ڕێگە و بیانووی دیکەیان بۆ پاراستنی گرتەبەر. بەر لە هەموو شتێک سواری هەستی خەڵکی هەژاری دەرودراوسێ بوون بە زەبری تەماع، پشت لە پشیلە و ڕوو لە دەرەوە هانیان دان.

لە کۆتاییدا دیسان مەترسیی هەستانەوە و دەمشڕبوونی پشیلە هەستی پێکرایەوە و لەمدواییانەدا ڕووسیە و تورکیە لە سەرسنووری ئەرمەنستان و ئازەربایجان و بەمەبستی دروستکردنی داڵانی "زەنگزۆر" و بەیکەوە لکاندنی ئازەربایجان و تورکیە، پێیان نایە سەر ملی پشیلە و لە خوارەوەش ئەم شیمانەیە هاتە پێش، ڕەنگە پشەکە پێی نابێتە نێو دەریا و سێ جیگە جێ چڕنۆکی لەوێ جێ مابێت. ئێستا بە کۆی ئەم سێ شوێنە گوماناویە دەگوترێت"جزایر سەگانە".

لەم دواییانەشدا پاش کوژرانی یەک لە دوای یەکی ئەو کەسانەی خاوەنانی پیشلەکە بۆ پاراستنی خۆیان کۆک و تەیاریان کردبوون، نۆبە گەیشتووەتە ئەوەی ئەم سێ شوێنپەنجەیەی پشیلەکەش خاوەندارییەتیی میراتگرانی ئیمپراتۆرییە کۆنەکەیان پێوە نەمێنێت.

دوای ئەوەی دوژمن قەمچی لەسەر پشتی برادەران ڕاگرتوە و هەر جارەی گورزی لەلایەک دەوەشێنێت، ئەوەتا ڕۆژی ٢٥ی ڕەزبەر ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپا و شوڕای هاوکاریی کەنداوی"همیشە فارس" لە کۆبوونەوەیەکدا لە شاری ژنێڤ دیسان گوتیان ئێران سێ دورگەی "تونبی گەورە" و "تونبی بچووک" و "ئەبوومووسای" داگیرکردوە و بەگوێرەی جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستدرێژیی کردووەتە سەر خاکی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی.

ئەمە دەردێکی گرانە. ئەوەتا پشیلەکە دەمی داخستوە و هەرچوار پەلی خستووەتە ژێر قنگ و سنگی و هاواری ئاشتیخوازی دەکات، ڕێک لەم دەموساتەدا خەریکن شوێنپەنجەی لەنێو ئاوی کەنداویشدا نەمێنێت. دیارە پشەکە لە چوارپەلان گوێی ساغن.


KURDISTAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO:881 21 October 2024

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# وریشە مورادی دوو حەوتووە لە بەندیخانەی ئێڤینی تاران مانی لە خواردن گرتوە




وریشە مورادی (جوانا سنە)، بەندکراوی سیاسیی کورد و لە ئەندامانی کۆمەڵگەی ژنانی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کەژار) دوو حەوتووە لە مانگرتنی نادیاری خۆی بەردەوامە. وریشە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی سەبارەت بە سەپاندن و جێبەجێکرانی سزای سێدارە بەسەر زیندانیانی سیاسی و ناڕوونی چارەنووسی خۆی مانی لە خواردن گرتوە. وریشە مورادی، بەندکراوی سیاسیی کورد کە بە «بەغی» مەحکووم کراوە، لە ڕۆژی پێنجشەممە ١٩ی ڕەزبەرەوە هاوکات لەگەڵ «ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سزای سێدارە» مانگرتنی خۆی ڕاگەیاندوە.

دووەمین دانیشتنی دادگای وریشە مورادی ڕۆژی ١٤ی ڕەزبەر لە لقی ١٥ی دادگای شۆڕشی تاران بە سەرۆکایەتیی ئەبولقاسم سەڵەواتی بەڕێوە چوو و لەو دادگاییکردنەدا تۆمەتی «بەغی» بەسەر ئەو بەندییە سیاسییە کوردەدا ساغ کرایەوە. لەو دانیشتنەدا ئیزنی بەرگری بە وریشە مورادی و پارێزەرەکانی نەدرا و پارێزەرەکانی وریشە تاوەکوو ئەم دانیشتنەی دادگا ئیزنی ئەوەیان پێ نەدرابوو چاویان بە بە پەروەندەی ناوبراو بکەوێ و دوای دانیشتنەکە تەنیا بۆ چەند کاتژمێر توانیبوویان پەروەندەکەی ببینن و بیخوێننەوە. دووەمین دانیشتنی دادگای وریشە مورادی لە ١٤ی گەلاوێژی ئەمساڵدا بەهۆی ئامادەنەبوونی ناوبراو لە دادگا بە نیشانەی ناڕەزایەتی‌دەربڕین بە سەپاندنی سزای سێدارە بە سەر پەخشان عەزیزی و شەریفە محەممەدی بۆ کاتێکی دیکە دواخرابوو. هەروەها وریشە مورادی لە ١٧ی بانەمەڕی ئەم ساڵەوە بە فەرمانی دادوەر سەڵەواتی لە مافی پەیوەندیی تەلەفۆنی و چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی و پارێزەرەکانی بێبەش کراوە.

وریشە مورادی، ڕۆژی سێشەممە ١٠ی گەلاوێژی لە ڕێگەی مەریوان_سنە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردی دەسبەسەر و دوای ئەشکەنجە و لێدانێکی زۆر بۆ دەستبەسەرگەی سنە گواسترایەوە.

# ئەو نووسەرە و وەرگێرە کوردانەی ڕۆژهەڵات کە گۆڕغەریب بوون




بڵاوکراوەی فارسی‌زمانی «آوای تبعید» لە بەرگی سێهەمی ژمارەی ٤١ی خۆیدا، لە لاپەڕەکانی ٨٩٠-٨٨٢٠، لیستێک ناو و کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبیی ئەو نووسەر و وەرگێرە کوردانەی بڵاو کردووەتەوە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٧-٢٠٢٤دا، دوور لە زێد و نیشتمانی خۆیان مردوون.

ئەم بابەتە بە زەحمەتی بەڕێزان ئەنوەر سوڵتانی و د.کامران ئەمین‌ئاوە ئامادە کراوە کە بیرۆکە و دەستپێشخەری و هەوڵەکەیان شایانی دەستخۆشی و ڕێزلێنانە. ناوی ئەو ٤٦ ئەدیب، نووسەرە و وەرگێرە کوردانەی ڕۆژهەڵات کە لە دوورەوڵاتی مردوون و لەو لیستەیەدا هاتوون، بریتین لە:

فەرەجوڵڵا زەکی مەریوانی، محیەدین زەبری، حوسێن حوزنی موکریانی، گیو موکریانی، ئەبولقاسم لاهوتیی کرماشانی، عەلامە مەلا محەممەد قزڵجی (تورجانی‌زادە)، محەممەد کابولی (ناسراو بە قانع)، عەبدولڕەحمان زەبیحی، ڕەحیم سەفی قازی، کەریم ئەییوبی، کەریم حیسامی، محەممەد شاپەسندی، عەبدولقادر دەباغی، خالید حیسامی، سدیق ئەنجیری‌ئازەر، جەعفەر شەفیعی، مەحموود سەجادی، عەبدولڕەحمان قاسملوو، سدیق کەمانگەر، سادق شەرەفکەندی، سەعید یەزدان‌پەنا، عەلی حەسەنیانی، سەید سەلام عەزیزی، تەها عەتیقی، ئەفراسیاب حەلیمی (هەورامی)، شێخ جەلالەدین حوسێنی، سولێمان چیرە (هێرش)، عومەر عینایەتی، سارمەدین سادق‌وەزیری، ناسر ئیرانپوور، محەممەد موکری، ئەمیر حەسەن‌پوور، فەتاح کاویان، سەعید کاوە (کوێستانی)، سۆهەیلا قادری، ئەنوەر سوڵتانپەنا، جەلیل گادانی، میرزا عەلی کتیابی، ناسر ئەمین‌نژاد، تەیفوور بەتحایی، ئەحمەد کاکەمەمی، فەرهاد شەعبانی، ئەحمەد قادری، کەریم قەییومی، هاشم کەریمی، پۆلا نانەوازادە، حوسێن موراد‌بەیگی (حەمەسوور).

# دوو میلیۆن قوتابی لە ئێران نەچوونەتەوە خوێندنگەکان

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دانیان بەوە داناوە کە ئەمساڵ نیزیک بە دوو میلیۆن قوتابی لە خوێندن دابڕاون. فەرشاد ئیبراهیم‌پوور، ئەندامی کۆمیسیۆنی فێرکردن و پەروەردەی ڕێژیم دەڵێ پەرەسەندنی قەیرانە ئابوورییەکان وایکردوە دایبانی ئەو دوو میلیۆن قوتابییە نەتوانن منداڵەکانیان ناونووس بکەن و لە خوێندنیان بگێڕنەوە.

بەپێی ئامارە حکوومەتییەکان زۆرترین قوتابی کە ئەمساڵ وازیان لە خوێندن هێناوە لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان بوون و پارێزگاکانی خوراسان، خوزستان و ورمێ لە دوای ئەو ڕیزبەندییە ناویان هاتوە.

قەیرانی نەخوێندەواری لە ئێران تەنیا پێوەندیی بە منداڵان نییە و بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان نیزیک بە ٩ میلیۆن کەس کە حەشیمەتی ئێران، واتە زیاتر لە سەتا ١٠ی خەڵکی ئێران نەخوێندەوارن. ئەمەش دەیسەلمێنێ پرۆژەکانی وەک خوێندنی زۆرەملێ، «نیهزەتی سەوادئاموزی» و گەڕاندنەوەی ئەو منداڵانەی لە خوێندن دابڕاوان بۆ خوێندنگەکان پێچەوانەی ئەوەی ناوەندە حکوومەتییەکان زۆریان بەسەردا هەڵدەڵێن سەرکەوتوو نەبووە.

وەزارەتی تەعاون، کار و خۆشبژیویی کۆمەڵایەتی لە ئاخرین ئاماری خۆی لە ساڵی ١٣٩٩دا ڕایگەیاندبوو زیاتر لە سەتا ٧٠ی ئەو منداڵەی لە خوێندن جێ دەمێنن، لە دەهەکەکانی یەک هەتا پێنجدا جێ دەگرن کە بنەماڵەکانیان زۆر هەژارن و داهاتی جێگیریان نییە.

## بەر لە ماڵاوایی

# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو کوێ؟


ئەلبورز ڕووبین‌تەن

وەک لە تیتری ئەو بابەتەدا دەردەکەوێ دیاریکردنی ئاراستەی ڕووداوەکانی خێرا، ئاڵۆز، فرەڕەهەند و ئەکتەری جیاوازی ناوچەیی، جیهانی، دەوڵەتی و نادەوڵەتییە کە کارێکی ئاسان و کردەنی نیە. بەڵام دەکرێ خوێندنەوەی جیاواز لە ڕووداو و ئاراستەکان لەسەر بنەمای فاکتگەلێکی سەلمێندراو یاریدەر بن بۆ ئەوەی بتوانین باشتر لە تابلۆی ئەو هەموو شەڕ و ئاڵۆزییە تێبگەین.

یەکەمین فاکت دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین هێرشی ساڵێک بەر لە ئێستای گوردانەکانی ئەقسا لە حەماس بۆ سەر ئیسرائیلە کە سەرەتای گۆڕانکاریی جیدی بوون. ئەو هێرشە کە لە سەرەتادا بۆ ئەو پەڕی بەهێزیی ئێران و هیلالی بەرەی تێرۆریست و میلیشا کەڵکی لێوەردەگیرا، بووە هۆی ئەوەی بەرپرسانی حەماس لە تاران نمایشی سەرکەوتن نیشان بدەن و حەسەن نەسروڵڵا وەک هێرشی سەلماندنی لاوازییەکانی ئیسرائیل لێک بداتەوە و بە خاڵی وەرچەرخانی بزانێت. کەچی ئێستا بووەتە بە کابووسی بەرەی ملیشا و تێرۆریست نەک بەرەو نەهێشتنی گرووپەکان بەڵکوو بەرەو نەهێشتنی ماکەی سەرەکیی پشتیوانی لە تێرۆر و ئاڵۆزی و شەڕ لە ناوچە لە جیهان بڕوات

دوای یەک ساڵ ئەوە بەرەی تێرۆر و هیلال شیعی نییە دروشمی سەرکەوتن و نەهێشتنی ئیسرائیل بەرز بکەنەوە و ئەسڵەن بەهێزترین کاراکتەری ئەو بەرەیە وەک هەنیە، نەسروڵڵا و یەحیا سینوار و دەیانی دیکە هەر نەماون هەتا بانگەشەی سەرکەوتن بکەن بەڵکوو ئەوە ئیسرائیلە هەوڵی ڕاگرتنی دەدرێ بۆ ئەوەی هێرشێکی کەمتر بکاتە سەر ئێران و وەزیری دەرەوەی ئێران وڵات بە وڵات لە ناوچە دەگەڕێ و داوای کەمکردنەوەی ئەو ئاڵۆزییانە دەکات کە خۆیان دروستیان کردوە.

ئەو فاکتە نابێ بەوە لێک بدرێتەوە کە ئێران کۆتایی هاتوە، بەڵام زۆر لاوازی کردوە، چونکە هەر ڕۆژێک گورزێک دەخوات و فەرماندە و بەرەیەکی شەڕی لەدەست دەدار. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئێران ئەوە بوو توانیبووی وەهمێک لە خۆی دروست بکات بە جورێک ترس لە کاردانەوەی ئێران ببێتە هۆی ئەوەی ڕۆژئاوا بەردەوام بەرەو دانوستاندن و ئیمتیازپێدان بکێشێ، کەچی ئەمڕۆ دوای ئەوەی ئیسرائیل ئەو گورزە جەرگبڕانەی لە ئێران دەوەشێنێ بەڵام کۆماری ئیسلامی توانای وەڵامدانەوەی نییە و ئەو وەهمەی وەک قەڵایەک لە کاغەز سوتێنراوە و ئەوەش بوێریی زیاتر و زیاتری بە ئیسرائیل داوە هەتا هێرشی قووسرتر بکات و تەنانەت ڕۆژئاواش زیاتر پشتیوانی بن. ئیتر ئێران ئەو ئێرانە نییە لە ڕێگەی پڕوکسییەکانی ئیمتیاز وەربگرێ، بەڵکوو پڕۆکسیەکان بەرەو ئەوە دەچن بپرسن ئێران ئەو ئێرانە نییە ئێمە ئاوا ناوچەکەمان بۆ پاراستنی ئەو وێران کردوە. ئەوە ئەو هەڵەیە جیددییە بوو کە ئێران کردی و پێی وابوو وەڵامی حەوتی ئۆکتوبەر بەو شێوەیە نابێ.

لە لایەنی بەرانبەر ئیسرائیل هەیە کە هیچ کاتێک هێرش بۆ سەر خۆی وا بە زوویی لەبیر ناکەت، ئەوەش بە یەکێک لە گرینگترین ڕەمزەکانی مانەوەی ئیسرائیل دادەنرێ، واتە هێرش بۆ سەر ئیسرائیل ئەگەر ساڵانێکیش بکێشێ، بەڵام بێ‌وەڵام نامێنێتەوە و تا دوا کەس کە لە هێرشەکەدا دەستی هەبووە لەنێو نەبات ناوەستێ. هەمووانیش دەزانن ئێران دەستێکی زۆری لە هەموو ئەو تاوان و هێرشانەدا هەیە کراونەتە سەر ئیسرائیل. سەرۆک‌وەزیرانی ئێستای ئیسرائیلیش کە بە دوای دەرفەتێکی وەها دەگەڕا هەتا وێڕای ڕزگاربوون لە دژبەرانی نێوخۆی کە زۆربەی ئیسرائیلیەکان ئەویان نەدەویست ئەو گورزە پێویستەش لە دوژمنانی ئیسرائیل بوەشێنێ. نەتانیاهوو شتێکی بۆ لە دەستدان نەماوە، تەنانەت ئەگەر دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە ئەوکات لە دەستی دەدات، کە وایە بەردەوام دەبێ و بە هەموو ئەوانەی دەڵێن ئیسرائیل نابێ بمێنێ دەرسێکی جیددی بدات، چونکە جارێکی دیکە ئەو دەرفەتەی لەو شێوەیە بۆ ناڕەخسێت.

سەرەڕای ئەوەش هەبوونی هەڵبژاردنی ئەمریکا وەک پاڵپشتی سەرەکیی ئیسرائیل وای کردوە کەس نەتوانێ پێشی نەتانیاهوو بگرێت چونکە ئەو کارە دەبێتە هۆی لەدەستدانی دەنگ، ئەوەش کارەکەی لە نەتانیاهوو ئاسانتر کردوە. هەر بۆیە ئەگەر هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران دیاریکراو و زۆر بەربڵاویش نەبن، بەڵام جیدی و دیاریکراو دەبێ و، بەنیسبەت گرووپەکانی سەر بە ئێران بێگومان دوای حەماس و حیزبوڵڵا، حوسیەکانیش بەرەو لاوازبوونی جیدی دەڕۆن و پڕیشکی ئەم ئاگرە دواجار داوێنی ملیشیاکانی عێراقیش دەگرێتەوە.

پێوەندیدار بە ئێران وەکوو لایەنی سەرەکیی دۆخی ئێستا کە لاوازییەکەی ڕۆژبەڕۆژ زیادتر دەردەکەوێ، پێویستە ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین ئەو وڵاتانەی لە نێوخۆ خاوەنی ئەو هەموو قەیرانانەن ناتوانن وەک هێز دەربکەون. ئەوەی لە ساڵی ڕابردووش دەرکەوت دیتمان وێڕای دڕەندەیی لە بەرانبەر خەڵکی نێوخۆ، لە بەرانبەر دونیای دەرەوە چەندە زەلیل و داماون. ئەو بابەتە وێڕای ئەو ڕاستییەی عەجەم(مەبەست دەوڵەتی ناوەندی ئێرانە) کە «زەعیف‌کوژ و قەوی پەرستە» دەسەلمێنێ. بەڵام ئەو لاوازییە و قەیرانەکانی لاوازی لە بەرەی تێرۆریست لە ناوچە کە بۆتە هۆی خوشحاڵیی بێوێنەی خەڵک بە شێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری بە سەر خەڵک دادەنێ و ئەگەری ڕاسانەوەی خەڵک لە هەر سات و کاتدا بە هەر بیانووی جیاواز دەبیندرێت. بە تایبەت ئەگەر ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر ژێرخانی ئابووریی ئێران کە تا ڕادەیەکی زۆر هەر بۆخۆی وێرانە، پێدەچێ ئەو ڕەوتە خێراتریش دەبێت. هەر بۆیە ئەو ڕقە پیرۆزەی خەڵک لە داگیرکەر لە دەرفەتێکی دیکە دەگەڕێت و ئەوجاریش دەوڵەمەند بە ئەزموونی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی دەتوانێ زیاتر کاریگەر بێت و کەڵکی لێ‌وەربگیردرێ و دەتوانێ سەرکەوتن بە دەست بێنێ. هەڵبەت کاتێکیش باس لە ئێران و لاوازییەکانی دەکەین نابێ ئۆپۆزیسیۆنی فارس و بە تایبەتی ڕەوتی فاشیستی بە نیسبەت مافی کورد نەبینن کە چۆن خۆیان حازر کردوە بۆ ئەوەی دیکتاتورییەکەیان بە شێوەیەکی دی بەردەوام بکەن. ئەوەش وا دەکات کورد کە بیر لە نەبوونی کۆماری ئیسلامی دەکاتەوە، لە تەنیشت ئەوە زیاتر بیر لە دوای کۆماری ئیسلامیش بکاتەوە.

لە سەر پرسی تورکیە کە دەنگۆی کرانەوەیەکی دیکە بە نیسبەت کورد دەبیسترێت پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ئەو کرانەوەیە هۆکاری نێوخۆی و دەرەکیی هەیە، هەر چەند هۆکارە نێوخۆییەکان زیاترن و زیاتر لە کرانەوە لە قوناغێکی دیکەی بۆ دەنگهێنان و دەرباز‌بوونی حیزبی دەسەڵاتدار کە دەنگەکانی بەرەو کەم بوون دەچن کە ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ کورد تێدا نابیندرێت، بەڵام ئەوەی گرینگە نابێ ئەو کرانەوەش بە دەر لە گۆڕانکاریەکانی ناوچە بزانین. ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ ئەگەر تورکیەی ناچار بە گۆڕانکاری کردبێ ئەگەری گۆڕانکاریی جیدی لە ئێراندا وەک لایەنێکی سەرەکی دۆخەکە دەبیندرێت.

ئەزموونی دەیان ساڵی ڕابردوو پێمان دەڵێ کورد لە ئاشتیی نێوان وڵاتانی ناوچە، بەتایبەت داگیرکەرانی کوردستاندا هەمیشە پەراوێز خراوە و سەرکوت کراوە، بۆیە دەبێ بە وشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخ و واقعە نوێیەکان لە ناوچەدا بکات. بۆ ئەوەش پێویستە هەمیشە ئامادە بین هەتا لە کاتی ڕووداوەکاندا و دەسکەوتنی هەل و دەرفەتدا بتوانین زیاتر کەلک لە دۆخەکە وەرگرین و بیکەین بە بناغەیەک بۆوەی بتوانین دوای شەڕ و ئاڵۆزییەکانیش پێگەی خۆمان باشتر پاراستبێت.